
www.gulan-media.com

# گوڵان

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی



## ئەگەر دەنگ بە پارتە سیاسییەکان بدەن دەزانن چۆن حوکمڕانی دەکەن





خۆشترین ساتەکانی ئەیوب عەلی



وەلید تەوفیق:
پشتگیری لە هەموو نەتەوەیەک



جەلیل زەنگەنە: بەشی سێیەمی گەردەلوول ئەگەر لەوانی تر باشتر نەبێت نایکەم



لۆکە زاهیر
بۆ گەنج گۆرانی دەڵێ

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان ڕەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
سالح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی سالح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

ژمارە [illegible]

# قەیرانی حزبە سیاسییەكانی كوردستان




فوئاد سدیق

دروستبوونی حزب لە سەرەتادا وەك شێوەیەكی نوێی مەعریفی و بونیادنانێكی مێژوویی بوو كە سـەردەمی رێنیسانس و رۆشنگەری و شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا فەرزیـان كرد كە دەبێـت حـزب هەبێت،دەبێت هەبێت بۆئەوەی پرۆسەی گۆڕانكاری مەعریفی بە شێوەیەكی شۆڕشـگێڕانە رووبدات .ئەمە بۆ ئەوە بوو هەموو ئەو بونیادە كۆن و داتەپیوە برووخێنرێ كە لەسـەر بنەمای دامەزراوەیی ئایینی بونیاد نرابوو .ئیتر كاتی ئەوەبوو تاك بۆ یەكەمین جار سەرچاوەی بڕیار وەرگرتن و پیادەكردنی دارشتنی سیاسەتێكی دیكە بێت زۆر جیا لەوەی پێشوو، ئەمەش بووە بەردی بناغـەی كۆمەڵگایەكی مەدەنی بنەڕەتی. لێرەوە عەقڵی مرۆڤ نەخشـەی گفتوگۆی دانـا و وتی بەها ئایینییـەكان بڕوایان بە گۆڕین نییە و راسـتی رەها تەنها لای خۆیان زەوتكـردووە، بەڵام ئێسـتا كاتی گفتوگۆی جیدی و مشتومڕی بونیادی مەعریفیە.ئیتر بە گشـتی زەرووڕەتی دروسـتكردنی حزب لە دوو سەرچاوەوە خۆی دەنواند: یان بۆ گۆڕینی ئەو سیسـتەمە سیاسییە بوو كە خۆی داكوتابوو بەسەر خەڵكەوە، یان لە شێوەی ناوەندێكی رۆشنبیری دەهاتنە پێـش بۆ وشـیاركردنەوەی خەڵك و رۆشـنبیركردنیان، ئەمەی دووەم دەتوانین بڵێین لە سـەدەی بیستەم برەویان هەبوو، تا ئێستاش درێژەیان هەیە.

حزبە سیاسـییەكانی كوردستان لە بارێكی ئاسایی لەدایـك نەبووینـە، بەڵكـو لە ئەنجامی ئـەو زوڵم و زۆرداریییەوە هاتوونەتە دروسـتبوون، بۆئەوەی كۆتا بەو رژێمانـە بهێنن كە نەتەوەی كوردیـان رووبەرووی نەك هەر زوڵـم و زۆرداری كردوونەتەوە، بگرە هەرەشـەی لەناوچوونیشـیان لێكراوە.ئا لەبەر ئەوە دروسـتبوونی ئەو حیزبانـە بەو گیانە شۆڕشـگێڕییەوە، بمانەوێ و نەمانەوێ،جۆرێك لە داخرانی پێوە بووە .ئەمە نەخاسمە ئەو حیزبانەی كە بەهۆی ئینشـیقاق و قەیرانی قووڵی حزبـی دایك درووسـتبوونە، هەمیشـە شـانازیان بە رادیكاڵییەتـی خۆیانەوە كردووەو، هەمیشـە خۆیان بە راست و راستتر زانیوەو ئەوەی بەرامبەرەكەیان بە هەڵە و هیچ لەبار نەبوو زانیوە.

لێـرە جگە لەوەی سیاسـەتی حزبەكە تەنها خۆی پێ راسـت بووە، بەڵكو بەرپرسـی یەكەمی حزبەكەش زەمینەیەكی ئەوتۆی دروسـتكردووە لە نێو ئەندامانی حزبەكەی كە كەسـێكی نائاسـاییەو بەهەڵكەوت ئەم كەسە خوڵقاوەو وەك رزگاركەر سـەیریان كردووە، بەڵام لە بنچینـەدا نەیانتوانیوە ببنە كەسـێكی كاریزمیش، كاریزمی وەك ئەوەی ماكس ڤێبەر باسی كردووە.

هەموو ئەم جـۆرە لێكدانەوانەش لە سـەردەمانێك هاتن و دروسـتبوون كە سـەردەمی خۆبەراسـت زانین بوو، سـەردەمی شۆڕشـگێڕی بوو، كۆمەڵگاكەش بە ناخی دیموكراسـیدا نەچووبووە خـوارەوە تا ئەمەی لێ قەبووڵ نەكات، بۆیە كاتێك گۆڕانكاری ریشـەیی لە بواری بیركردنەوەو هاتنەدی دیموكراسـی ودیالۆگ بۆ چاری گرفتـەكان پێرەوكراو بونیادنانی كۆمەڵگەیەكی دیموكرات بووە مۆدێل، ئیتر تەواوی پێكهاتەی ئەو حزبە رادیكاڵانەی جا خۆیان لەژێر هەر ناوێكەوە بەستبووەوە، بوونـە مینێكی چێنراو كـە لە هەر ئان و سـاتێكدا مەترسی تەقینەوە(كەرتبوون و پەرتبوون و هەڵگەڕانەوە)ی لێدەكـرا، رێك وا دەرچوو لە ماوەی (١٨) سـاڵی رابردووی كوردسـتاندا یەك رسـتە ئینشـیقاق لە نێو حزبە سیاسـییەكاندا روویداوە، بۆنموونە تەنها حیزبی زەحمەتكێشـان كە خۆی بە ئینشـیقاق لەدایك بووە، كەچی لەماوەی ئەو (١٨) ساڵەی رابردوویدا، چەندین ئینشیقاقی گەورەیشـی لەناودا دروستبووە، بەجۆرێك هەندێك لەو ئینشـیقاقانە حزبەكەی هێناوەتەوە سـەر ساجی عەلی، كە یەكەمین ئینشیقاق لە باڵەكەی ئاڵای شۆڕشەوە دەستی پێكرد و دواجاریش ئەوەی لە مانگی رابردوودا روویدا كە تەنها سـكرتێرێكی تەجمیدكراوی لێ مایەوە. كارەسـاتی گـەورەش ئەوەیە هەموو جار حزبەكان بیانووی نابەجێ بـۆ كەرتبوونی حزبەكانیان دەهێننەوەو دەیانەوێ ئەو ئەندام و لایەنگیرەی ماویانە قەناعەت پێبهێنن كە ئەمە دەستی دەركی لە دواوەیەو حـزب كاریگەر بوو بۆیە وایـان لێكرد و ...هتد.ئەمە گەورەترین هەڵەی حزبە سیاسـییەكانە كە بە پاساوی ناواقیعی هیچ بوارێك بۆ ئەندامەكانیان ناهێڵنەوە تا بە هێمنی بیر بكەنەوە، بیر بكەنەوە كە ئاخۆ گرفتەكان لە كوێن.پێڕەوكردنی ئەم عەقڵیەتە راستەوخۆ رێگە خۆش دەكات بۆ رووداني ئینشیقاقێكی دیكە،كە دواجار دەبنە جەستەیەكی نامۆ لە نێو كۆمەڵگەدا.



د.شێرزاد نەجار

# حزبی سیاسیی و پێناسەی هەڵبژاردن

پرۆفیسۆر موریس دوڤریچە لە کتێبە بە ناوبانگەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٥١ بە ناونیشانی ( پارتە سیاسییەکان) بڵاویکردۆتەوە، بنەماوگەشەی پارتەکان و بنەمای هەڵبژاردن و پەرلەمانی سەرەنجام بە گەشەی دیموکراسی گرێدەداتەوە، بەمجۆرە پەیوەندی پارتی سیاسیی بە پرۆسەی هەڵبژاردن و بە سیستەمێکی سیاسیی کاریگەرەوە، ئەوە دەبێتە مەسەلەیەکی گەوهەری بۆ شرۆڤەکردنی پارتی سیاسی و دیاریکردنی کاریگەرییەکەی.

بەپێی بۆچوونی پرۆفیسۆر ئوسامە غەزالی حەرب ئەم پەیوەندییە بە هێزە و وەك لە کتیبەکەشیدا بە ناونیشانی (پارتە سیاسییەکان لە جیهانی سێهەمدا ) ئاماژەی پێکردووە، بایەخێکی دیکەشی زیادکردووە لەسەر پێگە و مەکانەی پارتی سیاسیی لە ناو سیستەمی سیاسییە جیاوازەکانی دەوڵەتانی تازە پێگەیشتوودا، ئەمەش بە جۆرێکە وەك پرۆفیسۆر هنتگتن و ئەبتەر ئاماژەیان پێکردووە، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پارتی سیاسیی رۆڵێکی مۆدیرنە لەو وڵاتانە دەگێڕێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پارتی سیاسیی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، پارتە سیاسییەکان لە هەموو دامەزراوەیەکی دیکە زیاتر، دامەزراوەی هاوچەرخ و مۆدێرینی ئەو وڵاتە پێکدەهێنن،

وێڕای هەموو ئەمانەش تۆژەر رووبەڕووی جۆرێك لە قورسی دەبێتەوە کاتێك دیراسەتی دیاردەی پارتەکان و پەیوەندییان بە هەڵبژاردنەکانەوە لە وڵاتانی دواکەوتوو دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو میتۆدەی بۆ دیراسەتی پارتە سیاسییەکانی دەوڵەتانی پێشکەوتوو وەك (ئەمەریکا و بەریتانیا ) دەگیرێتەبەر، وەك پرۆفیسۆر ئوسامە غەزالی حەرب دەڵێت،گونجاو نییە بۆ دیراسەتی پارتە سیاسییەکان لە وڵاتانی دواکەوتوودا، ئەو دەوڵەتانەی بە شێوەیەکی گشتی پێیان دەگوترێت جیهانی سێیەم، لەبەر ئەوەی ئەو پارتانە بە مانای بەکارهێنراوی وشە و لەزۆربەی ناوەرۆکەکەشی بەگشتی وەك پارتە سیاسییەکانی رۆژئاوا نیین.

پارتە سیاسییەکان کەناڵی دەربی رای میللین و میکانیزمێك بۆ نوێنەرایەتی گەلن و هەڵدەستن بە پیشاندانی داواکاری کۆمەڵایەتی دیاریکراو، هەربۆیە هەر دوو تۆژەر ( لاسیول و کابلان) بەو جۆرە پارتی سیاسیی دیاریدەکەن کە( کۆمەڵێك تاکن، کۆمەڵێك مەسەلەی گشتگیر دادەرێژن، کاندیدەکانیان لە هەڵبژاردن پێشکەش دەکەن، بۆیە بەمجۆرە پارتە سیاسییەکان( باوەڕیان بەوەیە کە هێزی سیاسیی پیادە بکەن لەمیانەی دەنگدانی گشتیدا ). ئەمە دەبێتە هۆکاری دەرکەوتنی دیاردەی فرە پارتایەتی، ئەم دەرکەوتنەش بە کاریگەری دەنگدانی گشتییە.

بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا و لە سەدەی بیستەمدا کۆمەڵێك سیستەمی حکومڕانی دەرکەوتن کە خاوەنی یەك پارتی سیاسیی بوون، وەك یەکێتی سۆڤییەتی پێشان، ئەڵمانیا، ئیتالیا، لە ئاکامی ئەم حکومڕانییە تاکحزبیەش دیاردەی بە سیاسییکردنی کۆمەڵگە دەرکەوت، هەربۆیە ئەم دیاردەیە تۆژەری ناچارکرد،وەك زانای سیاسییەتی ئەمریکی سارسۆری دەڵێت،(دەبێت دیراسەتی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی دیاردەی پارتایەتی لە نێوان سیستەمی تاکحزب و سیستەمی فرە حزبی بکرێت)، بەپێی بۆچوونی سارسۆری گواستنەوە لە سیستەمی فرەحزبیەوە بۆ سیستەمی تاکحزبی، لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە سروشتی سیستەمەکەوە هەیە، سروشتی سیستەمی تاکحزبی ئەوە بەدیار دەخات کەبەشێوەیەکی گشتی هەڵبژاردنەکان رووکەشن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تاکحزب هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری، ئەمەش نەك لە رێگەی سندوقی دەنگدان و هەڵبژاردن بەڵکو بەرێگەی کۆڕ و کۆبوونەوەی گشتی.

ئەمەش وادەکات کەبڵێین پەیوەندی نێوان دیاردەی حزب و پرۆسەی هەڵبژاردن تەنیا لە سیستەمە فرە حزبیەکاندا دەبینرێتەوە. وەك (ریجز) دیاریکردووە، پارتی سیاسیی بریتییە( لە رێکخستن و دەسنیشانکردنی پاڵێوراوەکان بۆ هەڵبژاردن و چوونە ناو ئەنجوومەنی یاسادانانەوە) شیلنجریش وای دەبینێت حزب بریتییە (لە رێکخستنێکی سیاسیی کە بەشێوەیەکی چالاك و کاریگەر بەشداری ململانێ دەکات

لە پێناوی پۆســـتەکانی هەڵبژاردندا)لاوسۆنیش بەوجۆرە دیاریکردووە( پارتی سیاســـیی ڕێکخستی کۆمەڵێك تاکە کە بەردەوام هەوڵدەدەن تەفویز بکرێن(بە هەڵبژاردن یان بێ هەڵبژاردنیش) لەلایەن گەلەوە یان بەشـــێك لە گەلەوە وەك نوێنەرێکی دیاریکراوی ئەو ڕێکخســـتنە بۆ ئەوەی هێزی سیاســـیی لە پۆستە سیاسییە دیاریکراوەکاندا پیادە بکات، بەڵام دەبێت ئەوە ڕابگەیەنێت ئەو دەسەڵاتە بە نوێنەرایەتی گەل پیادە دەکات، هەربۆیە سارسۆری وای دەبینێت (حزب ئەو گرووپە سیاســـییەن کە خۆیان بۆ هەڵبژاردن پێشکەش دەکـــەن، توانایان هەیە لە میانەی ئـــەو هەڵبژاردنانە وەك کاندید بۆ پۆستە گشتییەکان پێش بکەون).

لەسەر بنەمای ئەوانەی ئاماژەمان پێکردن، کەواتە حزبی سیاسیی خۆی لەو سیستەمەدا دەبینێتەوە کە پشت بە فرە حزبی دەبەســـتێت.( ئەمەش بەو مانایەی لە سیســـتەمی دیموکراتییدا)پابەنـــدە بەوەی کە تەعبیـــر لە بەرژەوەندی هێزێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بکات.هەوڵدەدات بەرێگەی پرۆسەی هەڵبژاردن بگاتە دەسەڵاتی سیاسیی وبەشداری تێدا بکات و کاریگەری لەسەری هەبێت.

بەمجـــۆرە هەڵبـــژاردن وەك پرۆســـەیەك دەمانگەیەنێتە دەسنیشانکردنی دەسەڵاتی سیاسیی لەلایەن هاوڵاتییانەوەو، بە پاڵاوتنـــی پاڵێوراوەکانی حزب دەســـت پێـــدەکات بۆ ململانێی هەڵبژاردن پاشـــان ڕۆڵـــی هاوڵاتییان دێت بۆ هەڵبژاردنیان، لەڕاستیدا مەســـەلەی دەستێوەردانی حزب بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوەکان بەپێی سیســـتەمی یاســـایی هەڵبژاردن دەگۆڕێت.


لە هەندێك لە سیستەمەکانی هەڵبژاردندا،حزبی سیاسیی بەتەنیا ئەو مافەی هەیە کاندیدەکان بپاڵێوێت و، پێشکەشی هەڵبژاردنیـــان بکات و، کەس بۆی نییـــە لەخۆیەوە خۆە بپاڵێوێت، بەڵام لە سیســـتەمەکانی دیکـــەی هەڵبژاردن تاکـــەکان بۆیان هەیـــە خۆیان هەڵبژێرن، بەڵام چانســـی بردنەوەیان زۆر دیاریکراو دەبێت.

(لـــە بەریتانیا هەموو کەس بۆی هەیـــە بۆ ئەنجوومەنی گشتی خۆی بپاڵێوێت، بەڵام بەشێوەیەکی عەمەلی هیچ کەسێك چانسی بردنەوەی نابێت ئەگەر پارتێکی سیاسیی پشتگیری لێ نەکات).

هاوشـــانی سیستەمی هەڵبژاردن کۆمەڵێك هۆکاری دیکە هەن کە کاریگەرییان لەســـەر دەسنیشانکردنی پاڵێوراوەکان هەیە لەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە، لەوانە:

- سیســـتەمی دەنگدان: زۆرینەی ســـادە،زۆرینەی ڕەها، (خولێك یان دوو خولی هەڵبژاردن)
- قەبارەی بازنەی هەڵبژاردن.
- سیستەمی لیست یان سیستەمی تاك.
- سیســـتەمی زۆرینـــە یـــان سیســـتەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی.

بەڵام وەك بنەمایەك کاریگەری پارتە سیاسییەکان لەگەڵ زۆربوونـــی قـــەوارەی ناوچەی هەڵبژاردن هەڵدەکشـــێت. ( واتە چەند قەبـــارەی ناوچەی هەڵبژاردنەکە زیاتر بێت، هێندە کاریگەری پارتە سیاسییەکە زیاتر دەبێت)، هەروەها شێوازی چۆنییەتی دەسنیشانکردنی کاندیدەکانیش لەلایەن پارتی سیاســـییەوە مەســـەلەیەکی گرنگە، بێجگە لەوەی مەســـەلەیەکی هەڵبژاردنە، لەهەمانکاتدا مەســـەلەیەکی ناوخۆی حزبیشەو پەیوەندی بە ململانێکانی ناو حزبیشەوە هەیـــە، بەجۆرێك هەموو لیژنەکانـــی ڕێکخراوە حزبییەکان بەو مەسەلەیەوە ســـەرقاڵدەبن،هەتا ئەو ناوانەی دەپاڵێورێن لەلایەن سەرکردایەتی حزبەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت.



دوای

ئەمە هەڵمەتی هەڵبژاردن دەســـت پێدەکات، کە دەبێتە کۆڕ و کۆبوونەوە و موناقەشـــات و پروپاگەندە، ئەم هەڵمەتە لە پێناوی ئەوەیە کاریگەری لەسەر ڕای گشتی و دەنگدەران دروســـت بکات، لەبەر ئەوەی دەنگدانیش ئازاد و نهێنییە، بۆیە هیچ کاریگەرییەکی گوشاری لەسەر نییە و دەتوانین بڵێین دوورە لە ڕاگشتییەوە.

بەمجۆرە دەبینن، گرنگترین ئەرکی حزبی سیاسیی ئەرکی هەڵبژاردنـــە، لەبەر ئەوەی لەسیســـتەمی دیموکراتیدا ئەو ڕێگەیە لەوانەیە پێی بگاتە حوکم و پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاســـیی، سەرەنجامیش بەدیهێنانی بەرنامەو فەلسەفەی خۆی.

●●●

**هەڵبژاردن وەک پرۆسەیەک دەمانگەیەنێتە دەسنیشانکردنی دەسەڵاتی سیاسیی لەلایەن هاوڵاتییانەوەو، بە پاڵاوتنی پاڵێوراوەکانی حزب دەست پێدەکات بۆ ململانێی هەڵبژاردن پاشان ڕۆڵی هاوڵاتیان دێت بۆ هەڵبژاردنیان**

●●●

●●●

**گرنگترین ئەرکی حزبی سیاسیی ئەرکی هەڵبژاردنە، لەبەر ئەوەی لەسیستەمی دیموکراتیدا ئەو ڕێگەیە لەوانەیە پێی بگاتە حوکم و پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیی، سەرەنجامیش بە دیهێنانی بەرنامەو فەلسەفەی خۆی**

●●●

# كارمەندانی ئاسایش...دەستتان خۆش



سامی شۆرش

زۆر جار، رووداوێكی ئەمنی، یان پێشـــهاتێكی رۆژانەی بواری ئاســـایش، گۆڕانكارییەكی بچووك، مانایەكی زۆر گەورەتـــر لە چەندین رووداوو پێشـــهاتی سیاســـی دەدا بە دەســـتەوە. بگرە زۆر جار، رووداوە ئەمنیە رۆژانەییەكان، لە زۆر لاوە، رۆشناییەكی زۆر دەخەنە سەر رەوتە راستەقینەكەی رووداو وپێشهاتە سیاسییەكانیش.

بۆیە پێویستە، لە مەودای هەڵسەنگاندنی باری سیاسی كوردســـتاندا، ئاوڕێكی وردو بە دیققەت و پڕ مەسئولیەت و لێپرســـینەوە، لە لایەنە ئەمنیەكەی كوردستان بدرێتەوەو بە چاوی رێزو حورمەتەوە ســـەیری ئەو چالاكی و سەركەوتنە ئەمنیانە بكەین كە كاكڵی رووداوە سیاسییەكان پێك دەهێنن. هەمیشـــە دەبێت ئەوەمـــان لەبەر چاو بێت كـــە برەودان بە ئازادیی كوردســـتان و پێشخستنی پێگەكەی و پەرەپێدان بە ژیانی هاووڵاتیانی تەنیا بە سیاســـەت و ئابووری ناكرێت، بەڵكو پێویســـتە ئەمن و ئاسایشـــیش رۆڵی گرنگی خۆیان لەو بوارەدا، لە تەك سیاســـەت و ئابووری بگێڕن. هەروەها پێویســـتە خەڵكیـــش، بە تایبەتـــی توێژی رۆشـــنبیران و نووســـەران و رۆژنامەنووســـان، بە چاوی بایەخ و رێزەوە لە رۆڵی كاریگەری دەزگاكانی ئەمن و ئاســـایش بە گشتی و رۆڵی دەزگای پاراســـتنی ئاسایشی كوردستان بە تایبەتی، بڕوانن و هەمیشـــە دڵســـۆزی و هیلاكی و لە خۆبوردوویی كارمەندەكانیان لەبەرچاو بگرن.

ئەو پێشـــەكییەی ســـەرەوەم بۆ ئەوەیە تـــا بڵێم: ئەمڕۆ كوردستان لە بەرامبەر چەندین پێشهاتی سیاسیی ناوخۆیی و ناوچەیـــی و جیهانیدایە. هەندێكیـــان گەورەو هەندێكیان مەترسیدار و هەندێكی پڕ گەشبینی. لەگەڵ ئەو هەمووەش، پووچەڵ كردنەوەی كارێكی تیرۆریســـتی كە دەیخواســـت دەســـتێكی خوێناوی لە خەڵكی سیڤیلی هەولێری پایتەخت بووەشـــێنێت، كارێكی كاریگەرو گەورەو پڕ مانا بوو. بگرە، لە رێگەی ئەو چالاكییەی دەزگای پاراســـتنی ئاسایشی كوردســـتانەوە، دەتوانیـــن ناواخنە زیندووەكەی پڕۆســـەی سیاسی لە كوردستاندا ببینین. ئەم چالاكییە، واتە پووچەڵ كردنەوەی كارێكی تیرۆریستی لە دژی هەولێری پایتەخت، شایەســـتەی ئەوەیە نەك هەر دەست خۆشی لە كارمەندانی دەزگای ئاســـایش بكەین، بەڵكو بە دیققەت لە وردەكارییە سیاسیەكانیشـــی ورد بینەوەو لایەنێكی گرنگی بارودۆخی سیاسیی كوردستانیشی تێدا بخوێنینەوە.

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ئەم رووداوە كە نیشـــانەیەكی روون و ئاشـــكرایە بۆ چوست و چالاكیی دەزگای ئاســـایش و شـــەونخونیی كارمەندانی و دیققەتـــی میتۆدەكانی كاركردنی، لـــە كاتێكدا هاتە پێش كە عێراق بـــە تایبەتـــی و زۆربەی دەوڵەتانـــی ناوچەی رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت بە گشـــتی، گیرۆدەی دەســـتە خوێناوییەكەی تۆڕەكانی تیرۆرن و چەندی دەكەن و دەكەن، وەكو پێویســـت بۆیان ناكرێت خۆیان لە دەســـت ئەو تۆڕانەو كارە خوێناوییەكانیان دەرباز بكەن. بەڵام كوردستانێك، كە تا ئێستاش، هەندێك ناوەند، لێرەو لەوێ، بە چاوی بایەخ و رێزو ستایش سەیری پڕۆسە پیرۆزەكەی ناكەن، ئەوا دوو ساڵە زۆر ســـەركەوتووانە توانیویەتی رێگە لە پڕیشكی تیرۆر بگرێت و نەهێڵێت پڕیشـــكەكە ئاگر لە ئاســـایش و ژیانی خەڵكی ســـیڤیلی كوردســـتان بەر بدات. ئەمەش لە كاتێكدایە كە رەنگـــە كەم لە دەوڵەت و كۆمەڵگاكانی ناوچەكە، ئەوەندەی كوردســـتان بووبنە ئامانجی تیرۆریســـتان و ئەوەندەی ئەو مایەی رق و كینەو پیلانی تیرۆریستان بن.

بەر لـــە ماوەیەك، دەزگاكانی ئاســـایش، زۆر جوامێرانە، توانیـــان ئافرەتێكی خۆكوژی عەرەب دەســـتگیر بكەن كە ئەویش دەیویســـت لە پایتەختدا خـــۆی بتەقێنێتەوەو زیان بە خەڵكی سیڤیلی كورد بگەیەنێت. دوای ئەوە رەنگە چەندین كاری دیكەی تیرۆر پووچەڵ كرابێتەوەو لەبەر بەرژەوەندیی گشتی رانەگەیەندرابێت، ئەوەتا ئەمڕۆش، دوای هەوڵێكی زۆری تیرۆریســـتان بۆ دۆزینـــەوەی كەناڵێكی گونجاو بۆ دەربازكردنی چالاكییە خوێناوییەكانی خۆیان بۆ شـــارەكانی كوردستان، سەر لە نوێ كارمەندە دلێرەكانی ئاسایش توانیان ئـــەو هەوڵەی ئەم دواییـــەش زۆر بە دیققـــەت و وردی و پڕۆفیشـــنالی، پووچەڵ بكەنەوە كە رەنگە ئەگەر رێگەی لێ نەگیرایە، دەیان هاووڵاتیی سیڤیل دەبوونە قوربانی.

بێگومان، هەلومەرجی ئەمڕۆی كوردستان، وا نەبێت هەر لـــە رووی مەودا ناوچەییەكەیدا زۆر ئاڵۆزكاو بێت، بگرە لە رووی پێگەیشی لە ناو عێراق دووچاری ناكۆكی و گێرمەو كێشـــەیەكی زۆر هاتووە، جا چ لەگەڵ حكومەتی بەغداو چ لەگەڵ ناوەندە شۆڤێنیست و رەگەزپەرستەكانی دەرەوەی پڕۆســـەی سیاســـیی عێراق. بۆیە، تیرۆریستان دەیانەوێت، كەڵـــك لەو بارودۆخە وەربگرن و دزەی ناو وڵاتەكەمان بكەن بۆ ئەوەی دەســـتی خۆیان نەك هەر لـــە خەڵكی بەڵكو لە دەستكەوتە سیاسیەكانیشمان بووەشێنن.

خۆ ئەگەر هەندێك فراوانتر بڕوانین، دەبینین تیرۆریستان تا ئێستاشی لەگەڵ دا بێت لە شارەكانی عێراق، بە تایبەتی

لــە بەغدا، فـــرکان فڕکانیانەو لە هەر شـــەقام و کۆڵانێك گۆماوێکی خوێنیان تەقاندۆتەوە.

لـــەو بەرامبـــەرەدا، حکومەتی بەغـــدا خەرجێکی زۆرو هیلاکییەکی بێ ئەندازەی بۆ ڕێگە گرتن لە تیرۆریســـتان تەرخان کردووە. لەولاوە ئەمریـــکاو دەوڵەتانی هاوپەیمانیش یارمەتییەکـــی زۆری دەدەن و هەرچـــی تەکنەلۆژیـــای پێشـــکەوتووە هەیە لە بواری قەلاچۆکردنی تیرۆر دەیخەنە بەر دەســـتی. لەگەڵ ئـــەو هەمووەش، دوای پێنج ســـاڵ لە پرۆســـەی ئـــازاد کردنی عێراق، کاربەدەســـتانی بەغدا نەیانتوانیوە وڵاتێکی هێمن و سەقامگیری ئەوتۆ دابمەزرێنن کە لە لایەك، جێگەی متمانە بێت، لە لایەکی دیکەش ئەمن و ئاسایش و ســـەرو و سەروەتی هاووڵاتیانی دابین بکات و بیانپارێزێت.

کەچی، بە پێچەوانەوە، هەر ســـێ شارەکەی کوردستان، ئەوا نزیکەی دوو ســـاڵە تەقەی تیرۆری لێ براوە. پێش ئەو دوو ســـاڵەیش ئەمن و ئاسایش هەمیشە بەرقەرار بووە، بەڵام دەســـتی تیرۆر جار جار دزەی کردووەو زیانی جەرگبڕی بە خەڵکی سیڤیل گەیاندووە. بەڵام لەو دوو ساڵەی ڕابردوودا، پێ دەچێت بە یەکجارەکی ئەو مەترســـییە چارەسەر کرا بێت دوای ئەوەی دەستێکی کوشندە لە تۆڕەکانی تیرۆر وەشێنراو دەزگاکانی ئاســـایش شـــەڕی تیرۆریان لە ناو شـــارەکانی کوردســـتانەوە گواستەوە دەرەوەی شـــارەکان، بگرە دەرەوەی سنووری ئیدارییەکەی ئەمڕۆی کوردستان.

ئەوەی ڕاســـتی بێت، ئەمن و ئاسایشـــی کوردستان تەنیا ئەنجامـــی ئەو کارە ئەمنییـــە مۆدێرنە نییە کە دەزگاکانی ئاســـایش بەڕێوەی دەبەن. ڕاستە، ڕۆڵی گەورە هی ئەوانە، بـــەڵام لە تەك ئەو ڕۆڵە گەورەیەدا، ڕۆڵی گەورەی دیکەش هەیە دەبێت لە بەر چاویان بگرین:

**یەکەم، دڵســـۆزی و خەمخـــۆری و چاوکراوەیی خەڵکی کوردســـتان،** هەروەها پەیوەندییە خۆش و گەرموگوڕەکانیان لەگـــەڵ حکومەتەکەی خۆیان. بێگومـــان، لە هیچ حاڵێك و لە هیـــچ وڵاتێکدا، ئەمن و ئاســـایش زەحمەتە بەرقەرار بێـــت ئەگەر خەڵك و میللەت بە گیانێکی دڵســـۆزانەی لە خۆبوردووەوە هاوکاریی دەزگاکانی ئاســـایش نەکەن. دیارە، ڕۆژ بـــە ڕۆژ هاوکاری کردنی خەڵکەکە لەگەڵ حکومەتی کوردستان و دەزگاکانی ئاسایش پەرە دەستێنێت و بەرەو پێش دەچێت، بۆیە، بەمشـــێوە پڕ مەســـئولیەتە خەڵك کەوتونەتە هاوکاری کردنیـــان تا پێکەوە ڕێگە لە تیرۆرو لە دوژمنانی پرۆسەکەی بگرن.

**دووەم، سەقامگیریی سیاسی. مەعلوومە یەك لە سەرچاوە گرنگەکانی پاراســـتنی ئاســـایش لە هـــەر کۆمەڵگایەکدا ســـەقامگیریی سیاســـییە لە ناو کۆمەڵگاکـــەدا.** ئەمڕۆ کوردســـتان، ئەگەرچی ڕوو بـــە ڕووی چەندین بارودۆخی خـــراپ و ئاڵۆزی سیاســـی دەبێتەوە بـــە تایبەتی لەگەڵ حکومەتی عێراق و حکومەتەکانی دەوروپشت، بەڵام لەگەڵ ئەوەش حکومەتی کوردســـتان توانیویەتی سەقامگیرییەکی بەرچاوی سیاسی لە ناو خودی کوردستاندا بپارێزێت.

**سێیەم، ســـەقامگیریی ئابووری و بژێوی: دیسانەوە یەك لە مەرجە گرنگەکانی پاراستنی ئاسایش لە کۆمەڵگاکاندا، پێوانەی بارودۆخی ئابووری و بژێویی خەڵکەکەیە.** هەمیشە هـــەژاری و نەداری ســـەرچاوەیەکی گرنگی تیرۆریان پێك هێناوە، بەڵام بەرنامەکانی حکومەتی کوردســـتان بۆ برەودان بـــە ژیان و گوزەرانـــی خەڵکی و گەشـــەپێدانی ئابووریی کوردستان و بردنە پێشەوەی ئاستی بژێوی، هەمیشە ڕۆڵی گرنگیان لە سەقامگیربوونی ئاسایشی کوردستان هەیە.

ئەم ســـێ فاکتەرە، ســـەرباری ڕۆڵی بەرچاوی دەزگای پاراســـتنی ئاسایشی کوردســـتان، هەمیشە ڕۆڵی گرنگیان گێراوە لە پتەوتر کردنی بارودۆخی ئاسایش لە وڵاتەکەماندا. بگرە وایان کردووە کوردســـتان لە بواری ئەمنیەت و ئاسایش و ئابووری و پێشـــکەوتنی شارســـتانیدا، ببێتە نموونەیەکی بەرچاو نـــەك هەر بۆ عێراق بە تەنیـــا، بەڵکو بۆ زۆربەی وڵاتانی دەوروپشتیش.

لەبەر ڕۆشـــنایی ئەو هەموو حاڵەتانەی سەرەوە، پێم وایە، یـــەك لە ئەرکـــە گرنگەکانمان ئەوەیە نـــەك هەر بە چاوی ئینساف و ڕەوایی ســـەیری چالاکییە پڕ مەسئولیەتەکانی دەزگاکانی ئاســـایش بکەین، بەڵکو بەو چاوەشەوە سەیریان بکەین کە ســـەرچاوەیەکی گەورەی ئیستیقرارو نەشونمای ئابووری و سیاســـیان پێـــك هێناوە لە کوردســـتاندا. وایان هەڵبســـەنگێنین کە جێگەی شـــانازیمانن و یەك لە دەمارە گرنگەکانی ســـەرکەوتن و لێوەشاوەیی پرۆسەی سیاسین لە کوردستانی ئەمڕۆدا.

ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە دوژمنانی کورد، ناتوانن بە چەك و تـــۆپ و فڕۆکەی جەنگی لە کورد بدەن، بەڵام ئەوەندەی پێیـــان بکرێت دریغی لە پڕۆپاگەندەی ناشـــرین دەرهەق بە تاقیکردنەوە دیموکراسییەکەمان ناکەن. تەمایان وایە بەم شێوازە پڕ شەرمەزارییە سەر بە کوردستان دانەوێنن. کەچی ئەوەتا، ئەو سەرکەوتنە بەرچاوانەی دەزگاکانی ئاسایش گەواهی ئەوە دەدەن کە پرۆسەی کوردستان نەك هەر شایستەی ڕێزگرتنێکی زۆری ســـەرکەوتنە ئابووری و سیاســـیەکانیەتی، بەڵکو لە ڕووی توانستی ئەمنیشەوە جێگەی ڕێزگرتن و لێوەشاوەییە. ســـەرکەوتنەکەی ئەم دواییە لە بواری ئاسایشدا بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری ئەو ڕاســـتیەیە کە کوردستان توانستی ڕوو بـــە ڕوو بوونەوەی تیرۆرو شکســـت پێهێنانی تیرۆری هەیە. توانستی ئەوەی هەیە ببێتە پانتاییەکی شکۆداری پڕ ئەمن و ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بۆیە، هەق وایە بە هەموومان، بە یەك دەنگ، هاوار بکەین: دەســـتتان خۆش کارمەندانی ئاســـایش و هێـــزی پۆلیس و زێرەڤانی و پاسەوانانی کوردستان.

●●●

**ئازادیی کوردستان و پێشخستنی پێگەکەی و پەرەپێدان بە ژیانی هاووڵاتیانی تەنیا بە سیاسەت و ئابووری ناکرێت، بەڵکو پێویستە ئەمن و ئاسایشیش ڕۆڵی گرنگی خۆیان لەو بوارەدا، لە تەك سیاسەت و ئابووری بگێڕن**

●●●

●●●

**پووچەڵ کردنەوەی کارێکی تیرۆریستی کە دەیخواست دەستێکی خوێناوی لە خەڵکی سیڤیلی هەولێری پایتەخت بووەشێنێت، کارێکی کاریگەرو گەورەو پڕ مانا بوو**

●●●

لەوەتەی پارتی دادوگەشــەپێدان لەتشرینی دووەمی ٢٠٠٢دا دەســەڵاتی گرتۆتە دەســت، ئەمە یەکەم جارە تامی شکست دەکات، هەتا ئەگەر ئەو تامە زۆر تاڵیش نەبێ.

پارتی دادوگەشەپێدان لەسەر ئاستی تورکیا ٪٣٨,٩ی سەرجەم دەنگی دەنگدەرانی وە دەســت هێنا، واتە دەنگی ١٥ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەس، کە ئەمەیش ٨ خاڵ کەمترە لەوەی ســاڵی ٢٠٠٧و ٣خاڵ کەمترە لەوەی ساڵی ٢٠٠٤ کەیەک لەدوای یەک ٪٤١,٨و ٪٤٦,٥٤بوو، ســەرۆک وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا دانی بەو شکستەی پارتەکەی هێناو گوتی: پێویســتە پەند لەو ئەنجامە وەرگرین کە بەپێی قســەی چاودێران ئەمە ئاماژەیەکە بۆ گۆڕینێکی وەزاری.

نێوەندە سیاســییەکانی تورکیا ئــەم ئەنجامەی کە پارتی دادو گەشەپێدان لەو هەڵبژاردنە وەدەستی هێنابوو بەشتێکی کتوپڕیان دانا، ئەو ئەنجامەی کە بووە هۆی لەدەســتدانی ١٦ پارێزگا کە پێشــتر لە بن دەســتی بوون و ئــەو پارێزگایانەش لەنێو پارتەکانی دیکەدا دابەش کران، بەتایبەتی لەنێوان پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) و بزووتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە) و پارتی کۆمەڵگــەی دیموکراتی (دەتەپە) کە هــەر یەکێکیان بەپێی ڕیزەوە ٩ ملیۆن و ١٦٣ هەزار دەنگ، واتە بەرێژەی ٪٢٣,١ و ٦ ملیــۆن و ٣٨٢ هەزار دەنگ بەرێژەی ٪١٦,١ و ٢ملیۆن و ٢٥٨ هەزار کــەس بەرێژەی ٪٥,٦دەرچوون، کەواتە بەپێی ئەو ئەنجامە دەنگی ئەو ســێ پارتە و هەروەها پارتی سەعادەتی ئیســلامی بەرێــژەی ٪٣ زیادیکردووەو پارتــی کۆمەڵگەی دیموکراتیش لەناوچە کوردنشــینەکاندا سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکردو توانی کۆنترۆڵــی ٨ پارێزگا بکات، لەبەرامبەر ٥ پارێزگا لەساڵی ٢٠٠٧دا.

هیچ ســاڵێك بەقەدەر ئەو ســاڵە بایەخ بەو جــۆرە هەڵبژاردنە نەدراوە، پارتی دادوگەشــەپێدان بەهەموو قورساییەکی خۆیەوە بەشــداری هەڵبژاردنەکەی کردو پارەیەکی زۆریشی لێ خەرج کرد، نەك لەبەرئەوەی نەوەکو پارتێکی دیکە بەپێشــی بکەوێ، بەڵکو بۆ ســەلماندنی ئەوەی کە تائێســتا هەر بەخۆی پارتی پلەیەکــە، بەتایبەتی بۆ دادگای دەســتووری کە پار ســاڵ دەیویست ئەو پارتە لەبەر چەند هۆیەك دابخات، کەواتە پارتی دادوگەشــەپێدان ویســتی لەو هەڵبژاردنەدا هاوچاوی خۆی بکات و ئەو پێگەیەی کە لەســاڵی ٢٠٠٧ دا وەدەستی هێنابوو بپارێزێ، یاخــود دەنگەکانی خۆی زیاتر بــکات، بەتایبەتی لەناوچە کوردنشینەکاندا.

بەڵام ئەوەی روویداو بەپێچەوانەی ئەو ویستەی خۆی نەدەنگی زیاتری هێناو نە ئەو پێگەیەشی پێ پارێزرا کە هەیبوو.

دەکرێ هۆکاری ســەرەکی دابەزینی دەنگەکانی ئەو پارتە بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێنینەوە:

١- قەیرانی ئابــووری جیهان و کاریگەری بەســەر ئابووری تورکیاو بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاری، لەمانگەکانی ١٠و١١و ١٢ ی ٢٠٠٨، ئابــووری تورکیا بەرێــژەی ٪٦,٢ دواکەوت و لەمانگی ٣ی ٢٠٠٩ەوە هەناردەکانی تورکیا بە هەڵسەنگاندنی مانگی ٣ی ٢٠٠٨، ٪٣٤,٩٢ دابەزیوە.

٢- چارەســەرنەکردنی کێشەی کوردو هەڵوێســتە توندەکەی ئەردۆگان کە پارساڵ بەرامبەر بەکورد، بەتایبەتی لەشاری وان نواندبووی و هەروەها خۆ نزیك کردنەوەی لە نەتەوە پەرستەکان وایکرد کە کورد دەنگی پێ نەدەن.

٣- ئەردۆگان دوای هەڵبژاردنی پێشوو کە ٪٤٧ی دەنگەکانی وەدەســت هێنا بوو، لەخۆبایی ببوو کە ئەمیش کاریگەری کردە سەر ئاستی دەنگدانەکە.

٤- کاریگەری پارتی سەعادەتی ئیسلامی کە نەجمەدین ئەربەکان رابەرایەتــی دەکات، هەتا بەر لەهەڵبژاردن و وەك وەڵامێك بۆ ئەردۆگان رابــەری ئەو حزبە گوتبووی: بــا ئەردۆگان پێی خۆی لەمە زیاتر درێژ نەکات و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیشــی بەدڵی ئەو نابێت، کورد جاری پێشــوو واتە لەســاڵی ٢٠٠٧دا بۆیە دەنگیان بەپارتی دادوگەشەپێدان دا، چونکە بڕوایان وابوو کە ئەوپارتە دەتوانێ پرســی کورد چارەسەر بکات، بەڵام دوای هەڵبژاردنی پێشــوو ئەو پارتە هەڵوێســتی نەتەوە پەرستانەی پیشانداو هەڕەشەی لەکورد و هەرێمی کوردستانی عێراق کرد، کە ئەمیش باوەڕییەکەی خەڵکی کوردستانی شکاند.

هەتا کردنەوەی تەلەفزیۆنی کوردی و بەشــی زمانی کوردی لەزانکۆکانــدا هیــچ کاریگەرییەکی وەهایــان لەکورد نەکرد تادەنگی خۆیانی پێبدەن، واتە هەروەك حەسەن جەمال گوتەنی: لەدەســتدانی دەنگەکانی کورد ئەوە دەسەلمێنێ کە سیاسەتی خزمەتگوزاری کاریگەری لەسەر کێشەی ناسنامە ناکات.

بێ شك لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا هاوچاوییەکی گەورە لە نێوان پارتی دادوگەشەپێدان و پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەبوو، هەتا لەو هاوچاوییەدا گروپە سیاســییەکان و ســوپا و میدیاکان پشتگیریان لە پارتی دادوگەشەپێدان کرد، بۆ ئەوەی لە ناوچە کوردییەکاندا ئەو پارتە ئەو شــوێنانە وەربگرێتەوە کە لە دەستی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بوون.

هەر وەکو گوتم پارەیەکی زۆر بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەســتە تەرخانکراو لە هەندێ شــاردا هاوکاری ماددی پێشــکەش بە خەڵکی ئەو شارانە کران بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان نەدەنە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی.

میدیاکان بە هیچ شێوەیەك هەواڵی کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی پارتی کۆمەڵگــەی دیموکراتیان بڵاو نەدەکــردەوە، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە شەڕو پێکدادان روویان دەدا.

کەواتــە کەشــی هەڵبژاردنەکە هەر هەمــووی دژی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بوو، بەڵام سەرەڕای ئەو دژایەتییە ئەو پارتە سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا، پێشتر ٥پارێزگای لەدەست بوو، ئێستاش بوو بە ٨ پارێزگا.

قەڵاکــەی رەجەب تەیب ئەردۆگان، واتە دیاربەکر کە زۆر جار دەیگوت ئەو شــارە قەڵایەکی ســەختی ئێمەیە لەلایەن پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتییەوە فەتح کرا، هەروەها شاری سێرت کە ئەردۆگان بەشــاری خۆی دەزانی و خێزانەکەشی خەڵکی ئەو

●●●
**کەشی هەڵبژاردنەکە هەر هەمووی دژی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی بوو، بەڵام سەرەڕای ئەو دژایەتییە ئەو پارتە سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا، پێشتر ٥پارێزگای لەدەست بوو، ئێستاش بوو بە ٨ پارێزگا**
●●●

●●●
**لەمەودوا رێگەی ئەورووپا لە دیاربەکرەوە تێپەڕ دەبێ، ئەو دیاربەکرەی کە پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی توانی ٪٦٧ی دەنگی دەنگدەرانی تێیدا وەدەست بێنێ**
●●●

# هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا ئەنجامەکان و ئەو هەڤێرکێیانەی کە رووبەڕووی پارتی دادوگەشەپێدان دەبنەوە



فەیسەڵ دەباغ

لەوەتەی پارتی دادوگەشـــەپێدان لەتشرینی دووەمی ٢٠٠٢دا دەســـەڵاتی گرتۆتە دەســـت، ئەمە یەکەم جارە تامی شکست دەکات، هەتا ئەگەر ئەو تامە زۆر تاڵیش نەبێ.

پارتی دادوگەشەپێدان لەسەر ئاستی تورکیا ٪٣٨,٩ی سەرجەم دەنگی دەنگدەرانی وە دەســـت هێنا، واتە دەنگی ١٥ ملیۆن و ٤٠٠ هەزار کەس، کە ئەمەیش ٨ خاڵ کەمترە لەوەی ســـاڵی ٢٠٠٧و ٣خاڵ کەمترە لەوەی ساڵی ٢٠٠٤ کەیەك لەدوای یەك ٪٤١,٨و ٪٤٦,٥٤بوو، ســـەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆگان لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا دانی بەو شکستەی پارتەکەی هێناو گوتی: پێویســـتە پەند لەو ئەنجامە وەرگرین کە بەپێی قســـەی چاودێران ئەمە ئاماژەیەکە بۆ گۆڕینێکی وەزاری.

نێوەندە سیاســـییەکانی تورکیا ئـــەم ئەنجامەی کە پارتی دادو گەشەپێدان لەو هەڵبژاردنە وەدەستی هێنابوو بەشتێکی کتوپڕیان دانا، ئەو ئەنجامەی کە بووە هۆی لەدەســـتدانی ١٦ پارێزگا کە پێشـــتر لە بن دەســـتی بوون و ئـــەو پارێزگایانەش لەنێو پارتەکانی دیکەدا دابەش کران، بەتایبەتی لەنێوان پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) و بزووتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە) و پارتی کۆمەڵگـــەی دیموکراتی (دەتەپە) کە هـــەر یەکێکیان بەپێی ریزەوە ٩ ملیۆن و ١٦٣ هەزار دەنگ، واتە بەرێژەی ٪٢٣,١ و ٦ ملیـــۆن و ٣٨٢ هەزار دەنگ بەرێژەی ٪١٦,١ و ٢ملیۆن و ٢٥٨ هەزار کـــەس بەرێژەی ٪٥,٦دەرچوون، کەواتە بەپێی ئەو ئەنجامە دەنگی ئەو ســـێ پارتە و هەروەها پارتی سەعادەتی ئیســـلامی بەرێـــژەی ٪٣ زیادیکردووەو پارتـــی کۆمەڵگەی دیموکراتیش لەناوچە کوردنشـــینەکاندا سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکردو توانی کۆنترۆڵـــی ٨ پارێزگا بکات، لەبەرامبەر ٥ پارێزگا لەساڵی ٢٠٠٧دا.

هیچ ســـاڵێك بەقەدەر ئەو ســـاڵە بایەخ بەو جـــۆرە هەڵبژاردنە نەدراوە، پارتی دادوگەشـــەپێدان بەهەموو قورساییەکی خۆیەوە بەشـــداری هەڵبژاردنەکەی کردو پارەیەکی زۆریشی لێ خەرج کرد، نەك لەبەرئەوەی نەوەکو پارتێکی دیکە بەپێشـــی بکەوێ، بەڵکو بۆ ســـەلماندنی ئەوەی کە تائێســـتا هەر بەخۆی پارتی پلەیەکـــە، بەتایبەتی بۆ دادگای دەســـتووری کە پار ســـاڵ دەیویست ئەو پارتە لەبەر چەند هۆیەك دابخات، کەواتە پارتی دادوگەشـــەپێدان ویســـتی لەو هەڵبژاردنەدا هاوچاوی خۆی بکات و ئەو پێگەیەی کە لەســـاڵی ٢٠٠٧ دا وەدەستی هێنابوو بپارێزێ، یاخـــود دەنگەکانی خۆی زیاتر بـــکات، بەتایبەتی لەناوچە کوردنشینەکاندا.

بەڵام ئەوەی روویداو بەپێچەوانەی ئەو ویستەی خۆی نەدەنگی زیاتری هێناو نە ئەو پێگەیەشی پێ پارێزرا کە هەیبوو.

دەکرێ هۆکاری ســـەرەکی دابەزینی دەنگەکانی ئەو پارتە بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێنینەوە:

١- قەیرانی ئابـــووری جیهان و کاریگەری بەســـەر ئابووری تورکیاو بەزربوونەوەی رێژەی بێکاری، لەمانگەکانی ١٠و١١و ١٢ ی ٢٠٠٨، ئابـــووری تورکیا بەرێـــژەی ٪٦,٢ دواکەوت و لەمانگی ٣ی ٢٠٠٩وە هەناردەکانی تورکیا بە هەڵسەنگاندنی مانگی ٣ی ٢٠٠٨، ٪٣٤,٩٢ دابەزیوە.

٢- چارەســـەرنەکردنی کێشەی کوردو هەڵوێســـتە توندەکەی ئەردۆگان کە پارساڵ بەرامبەر بەکورد، بەتایبەتی لەشاری وان نواندبووی و هەروەها خۆ نزیك کردنەوەی لە نەتەوە پەرستەکان وایکرد کە کورد دەنگی پێ نەدەن.

٣- ئەردۆگان دوای هەڵبژاردنی پێشوو کە ٪٤٧ی دەنگەکانی وەدەســـت هێنا بوو، لەخۆبایی ببوو کە ئەمیش کاریگەری کردە سەر ئاستی دەنگدانەکە.

٤- کاریگەری پارتی سەعادەتی ئیسلامی کە نەجمەدین ئەربەکان رابەرایەتـــی دەکات، هەتا بەر لەهەڵبژاردن و وەك وەڵامێك بۆ ئەردۆگان رابەری ئەو حزبە گوتبووی: با ئەردۆگان پێی خۆی لەمە زیاتر درێژ نەکات و ئەنجامەکانی هەڵبژاردنیشی بەدڵی ئـــەو نابێت، کورد جاری پێشـــوو واتە لەســـاڵی ٢٠٠٧دا بۆیە دەنگیان بەپارتی دادوگەشـــەپێدان دا، چونکە بڕوایان وابوو کە ئەوپارتە دەتوانێ پرســـی کورد چارەســـەر بکات، بەڵام دوای هەڵبژاردنی پێشـــوو ئەو پارتە هەڵوێســـتی نەتەوە پەرستانەی پیشانداو هەڕەشەی لەکورد و هەرێمی کوردستانی عێراق کرد، کە ئەمیش باوەڕییەکەی خەڵکی کوردستانی شکاند.

هەتا کردنەوەی تەلەفزیۆنی کوردی و بەشـــی زمانی کوردی لەزانکۆکانـــدا هیـــچ کاریگەرییەکی وەهایـــان لەکورد نەکرد تادەنگی خۆیانی پێبدەن، واتە هەروەك حەسەن جەمال گوتەنی: لەدەســـتدانی دەنگەکانی کورد ئەوە دەسەلمێنێ کە سیاسەتی خزمەتگوزاری کاریگەری لەسەر کێشەی ناسنامە ناکات.

بێ شك لە ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا هاوچاوییەکی گەورە لە نێوان پارتی دادوگەشەپێدان و پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی هەبوو، هەتا لەو هاوچاوییەدا گروپە سیاسییەکان و سوپا و

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ



# مانا و ئامانجەكانی هەڵبژاردن
# ئەگەر هۆشیار نەبین هەڵبژاردنی ئـ
# دەنگمان بۆ كۆیلە بوون پێدەدات

لە زۆربەی هەڵبژاردنەكانی جیهانی سێیەم دروشمەكانی هەڵبژاردن لەگەڵ ئەوەی هەمەجۆر و جیاوازن، بەڵام لەیەك بازنە دەخولێنەوە كە راشكاوانە بەدەنگدەر دەڵێن: (بە ئازادی دەنگ بۆ كۆیلەكردنی خۆت بدە)، (بە ئازادی واز لە ئیرادەی خۆت بێنە و بە ئازادی ئیرادەی خۆت تەسلیم بە ئایدۆلۆژیای من بكە) (بە ئازادی دەنگ بدە بۆ ئەوەی بێ ئیرادە بی، كە بێ ئیرادەشی كرد، ناتوانێت بیر بكاتەوە، ئیرادە و بیركردنەوە هیچ جیاوازیەكیان نییە، ئەوە بیركردنەوەی ئەقڵانیە كە دەیەوێت گۆرانكاریەكانی كۆمەڵگە بەئەقڵانی بەرێوە بچێت، بۆ رێگرتن لە گۆڕانكاری ئەقڵانی، لە هەڵبژاردنەكاندا داوا لە دەنگدەر دەكرێت بەئازادی ئیرادەی خۆی سڕ بكات، بۆ ئەوەی گۆڕانكاری ئەقڵانی لە كۆمەڵگە روونەدات)

خوێندنەوەی ئەم مانایانە بۆ ماف وئازادییەكان لە چەمكی دیكتاتۆرەكان بۆ مانای ئازادی وماف تێناپەڕێت، دیكتاتۆرەكان هەڵبژاردن ئەنجامدەدەن، نەك لە پێناوی گۆڕانكاری و زیاتر پاسەوانیكردنی ماف وئازادیەكان، بەڵكو بۆ ئەوەی خەڵك بە




ئازادی شەرعیەت بداتەوە بە سەرکوتکاری و پێشێلکردنی ماف و ئازادیەکان، بۆ شـــەرعیەتدانەوە بە حکومەتێك کە دەســـت لە هەموو بوارەکانی ژیـــان وەردەدات و هەموو ئازادیەکان ومافی تاکـــەکان بە ئارەزووی خۆی پێناســـە دەکاتەوە، حکومەتێك بە هاوڵاتیانـــی دەڵێت من متمانەم بە ئێـــوە نییە، ئێوە ئەهلیەتی هاوڵاتیبوونتان نییە، بۆیە دەبێت هەموو ســـەرچاوەکانی هێز و داهاتـــەکان لە دەســـتی من بێت، بۆئەوەی لـــە رێگەی منەوە هەســـت بەبوونی هێز وداهاتـــی خۆتان بکەن، یـــان ئەوانەی هەڵگری ئایدۆلۆژیای شمولی وتۆتالیتارین، سندوقی دەنگدان بەو میکانیزمە سەیر دەکەن کە بێجگە لە هۆکارێك بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتێکی سەرکوتکار هیچی دیکە نییە، بۆیە کە دەچێتە ناو پرۆسەی هەڵبژاردن بێجگە لە ئیهانەکردنی ئیرادەی دەنگدەر هیچ ئامانجێکی دیکەی پێنیە.

کەواتـــە هەڵبـــژاردن ماناکانـــی و ئامانجەکانـــی بـــە پێی ئایدۆلۆژیەتەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هەر ئایدۆلۆژیەتێك هەوڵدەدات بـــۆ بەرژەوەندی خۆی مانا و ئامانج بۆ هەڵبژاردن دیاری بکات، لەم خاڵەوە کە دێینە سەر ماناو ئامانجی هەڵبژاردن دەبێـــت ماناو ئامانجەکانی هەڵبژاردن لەگەڵ ماف وئازادیەکان پێچەوانە نەبنەوە و بە ئازادی دژی ماف وئازادیەکانی خۆمان دەنگ نەدەین، بۆیە لەم راپۆرتە ئەو پرســـیارە دەوروژێنین کە دەنگدەر رووبەرووی هەڵوەســـتە و لەسەر راوەستان دەکات و لێی دەپرســـێت: تۆ بۆ دەنگدەدەی؟ ئایا ئامانج لە دەنگدان چییە؟ ئایا مانای دەنگدانی من وەك دەنگدەر بۆ پارتێکی سیاســـی چیە؟ ئایا دەنگدەدەین بۆ ئەوەی پارتە سیاسیەکان وەك مرۆڤ ئازادیمـــان پـــێ رەوا ببینن، یان مـــاف و ئازادیەکانی مرۆڤ پێویســـتیەکن و دەنگدەدەین بەو لایەنەی دەبێتە پاســـەوانی ئەو ماف وئازادیانە؟ کە دەنگی ئێمە دەبێتە شەرعیەتی دەسەڵاتێك بۆ ماوەی ٤ ساڵ، پرسیار ئەوەیە ئایا دەمانەوێت ئەو دەسەڵاتە چـــۆن بێت؟ ئایا دەمانەوێت حکومـــەت بە هێز بێت یان لاواز؟ ئەی مەبەســـتمان لە بەهێزی و لاوازی حکومەت چییە؟ ئەی دەمانەوێت حکومەت دەســـەڵاتی کاریگـــەر و دیاریکراو بێت، یان حکومەت دەســـت لە هەمـــوو بوارەکانی ژیانمان وەربدات و ئەو ســـنووری ئازادی ومافەکانمان دیاری بکات؟ یان ئازادی ومافەکانمان دیاریکراون و ئەرکی حکومەت هەر ئەوەندەیە ئەو ماف و ئازادیانە رێکبخات و بیانپارێزێت؟ ئەم پرســـیارانە کەم تازۆر لەسەر ئاستی میدیاکانی کوردستان چاوی لێدەپۆشرێت، یان هەندی لایەن لە لایەنەکانی بۆ بەرژەوەندی ئەم ئایدۆلۆژیا یان ئەوی دیکە زیاتر زەقدەکرێتەوە وهەندێك لایەنی دیکەشـــی بۆ بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیایەکی دیکە چاوی لێدەپۆشرێت، بۆیە ئەم راپۆرتە ئامانجی ئەوەیە زیاتر لەســـەر ئەو خاڵە هەڵوەستە بکات، کە هۆشیاریمان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن لە بەشداربوونمان لە پرۆسەکە کەمتر نییە، ئەگەر هۆشیار نەبین بە شداریکردنمان لە پرۆسەی هەڵبژاردن، خزمەتی ئامانجێك دەکات، کە نەك هەر زیان بە ماف و ئازادیەکانمـــان دەگەیەنن بەڵکو ئایندەی ماف وئازادیەکانیشـــمان دەخاتە مەترسیەوە، بۆیە زۆر گرنگە بزانین چۆن دەنگدەدەین و ئامانجمان لە دەنگدان چییە؟

**بەهێزی حکومەتی دیموکراتی**
**لاوازیەتی لەبەردەم رەخنەی هاوڵاتیانیدا**

جیاوازی نێوان حکومەتی دیموکراتی و حکومەتی تۆتالیتاری یان دیکتاتۆری، جیاوازی نێـــوان خاڵە بە هێز و لاوازەکانیانە، هەربۆیە ئەو پێناسەی بۆ حکومەتی بەهێزی دیکتاتۆری راستە دەقاودەق پێچەوانەکەی بۆ حکومەتی دیموکراتی راســـتە، هەر بۆنموونە، ئێســـتا ئەگەر خۆ پیشاندانێك دژی حکومەتی چین یان کوبا ئەنجامبدرێت، یان وتارێکی رەخنە ئامێز لە

●●●

**هەڵبژاردن ماناکانی و ئامانجەکانی بە پێی ئایدۆلۆژیەتەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هەر ئایدۆلۆژیەتێک هەوڵدەدات بۆ بەرژەوەندی خۆی مانا و ئامانج بۆ هەڵبژاردن دیاری بکات**

●●●

●●●

**هاوڵاتی کاتێک دەنگدەدات، دەبێت بزانێت مەبەست لە دیموکراتی و پاراستنی ماف وئازادیەکان چییە؟ و چۆن دیموکراتی بونیاد دەنرێت و ماف و ئازادیەکان دەپارێزرێت؟ ئایا ئەو لایەنەی ئەو دەنگی بۆ دەدات دەتوانێت دیموکراتی و پاراستنی ماف وئازادیەکان بکاتە ئامانجی خۆی و رێوشوێنی پێویست و دامەزراوەی تایبەت بۆ ئەو ئامانجە بونیاد بنێت و ئەو دەمەزراوانە بەو جۆرە هەڵبسوورێنێت کە بەرهەمی دیموکراتی و پاراستنی ماف وئازادیەکان بێت؟**

●●●

دژی ئەو دوو حکومەتە لــە میدیاکانی ناوخۆ بڵاو بکرێتەوە، دەبینین هەمـــوو جیهان وەك ســەرەتای کۆتایی ئەو ٢ رژێمە دەیخوێنێتەوە، بەڵام لە رۆژنامەی واشــنتۆن پۆست یان نیۆرك تایمــز کە رەخنەیەکی توند لە بــاراك ئۆباما دەگرێت، یان کە گاردیان و ئیندیپێندنت دەنووســن پێویستە گۆڕدن براون دەست لە کاربکێشــێتەوە، جیهان بە سەرەتای کۆتایی ئیدارەی ئۆباما و گــۆردن براونــی لەقەڵەم نــادەن، بەڵکو بــە خاڵی بەهێز و زیاتر رەگداکوتانی ئەو دووسیســتەمەی لــە قەڵەم دەدەن. ئەم دووحاڵەتەش ئاماژەن بۆ راســتیەك کە دەکرێت بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١- خاڵە بــە هێزەکانی حکومەتــی دیموکراتی خاڵی لاوازی حکومەتی تۆتالیتاریە.

٢- خاڵــە بەهێزەکانــی حکومەتــی تۆتالیتــاری نەمانــی دیموکراتیە.

ئێمە لەم راپۆرتە پێمان وایە لە وڵاتی ئێمە هێشــتا پێناســەی خاڵــی لاواز وبەهێز بۆ حکومەتــی دیموکراتی بە تەواوەتی لە خاڵی بەهێز و لاوازی حکومەتی تۆتالیتاریەوە وەر نەچەرخاوە، زۆر جار خاڵە بەهێزەکانی حکومەتی تۆتالیتاری کە ئەگەر لە حکومەتێکی دیموکراتیدا هەبێت، نیشانەی نەمانی دیموکراتیە، لەگەڵ خاڵە بە هێزەکانی حکومەتی دیموکراتی (کە پێچەوانەی یەکتریــن) دەمانەوێت وەك یەك بەراوردیان بکەین، بێگومان ئەم دووخاڵــەش کە لە بنەرەتــدا پێچەوانــەن ئاکامێکی پێچەوانە بەدەســتەوە دەدەن، ئەو ئاکامە پێچەوانەیەش لاوازی حکومەتە دیموکراتیەکە پیشــانی خەڵکی دەدرێت، لێرەدا پێویســتمان بەم هەڵوەستە لەسەرکردنە هەیە کە لە خوارەوە کردوومانە:

ئێســتا لە هەرێمی کوردســتان تێکرای میدیاکان بە میدیای ئازاد و میدیا حزبیەکانیشــەوە، بە رادیــۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە، تێکرا رەخنە لە حکومەت دەگــرن و دەڵێن هیچ نەکراوە، بەڵام دەبینین میدیاکانی جیهان و دەوروبەر، هیچ بایەخ بەم رەخنانەی ئێمــە نادەن و، وەك ئــەوەی پێمان بڵێن خۆتــان و حکومەتی خۆتــان پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بەڵام پرســیار ئەوەیە ئەگەر رۆژنامەی (البعث)ی ســوری یان کەیهانی ئێرانی، تەنانەت میللیەتــی تورکیش، لە ١٪ی ئەو رەخنانــە بڵاو بکەنەوە کە لە میدیاکانی کوردســتاندا بڵاو دەکرێنەوە، دەبینین لە تێکڕای میدیاکانی جیهان بە بایەخەوە باس دەکرێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا بۆچی رەخنەکانی میدیای کوردســتان بایەخی پێنادرێت؟ بێگومان وەڵامەکەی ئەوەیە ئێمەش بایەخ بەو رەخنانە نادەین کە گاردیان داوای دەست لەکارکێشانەوەی گۆردن براون دەکات، یان واشنتۆن پۆست، دەنووسێت بوش شەرێکی هەڵەی کرد و سامانی ئەمریکای بە فیرۆدا، لەبەر ئەوەی ئەو هەواڵەی گاردیان یان واشــنتۆن پۆست یەك راستی پیشاندەدات کە لەو وڵاتە ئازادی هەیە، کە پێویســتە هەبێت، بەڵام کە هەواڵێکی دیکە لە ئێران یان لە سوریا زۆر لەمەش ســادەتره بایەخی پێدەدرێت، مانای وایــە خەریکە لەو وڵاتە ئازادی لە دایکدەبێت، کەواتە چۆن بۆ لــە دایکبوونی مرۆڤ ئاهەنگ دەگێریــن بۆ لە دایکبوونی ئازادیش ئاهەنگ دەگێرین، بەڵام بۆ ســەلماندنی ئەوەی ئەو مرۆڤــە مافی ژیانی هەیە ئاهەنــگ ناگێرین، لەبەر ئەوەی ئەو مافە پێویســتە هەبێت، بەهەمان شــێوە کاتێك ئەو مرۆڤە بکوژرێت جیهان بێدەنگ نابێت، هەروەك چۆن لەسەر خنکاندنی ئــازادی بێدەنگ نابن، هەر بۆنموونە، جیهان چاوەڕێی ئەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردســتان ناکات، ئافرەتێك لەژێر پەردەی ناموســپارێزی بەردەباران بکرێت، بۆیە کاتێك رووداوێکی وەك (دوعا)رووددات(کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردســتانیش روویداوە) دەبینین هەمــوو جیهان دێتە دەنگ وســەرکۆنەمان دەکەن، بە زەنگێکی مەترســیدار ئاگادارمان دەکەنەوە، بەڵام هەمان رووداو لە ئێران یان ســوریا روو بدات ئەو بایەخەی پێ نادرێت، لەبەر ئەوەی هێشتا لەو دوو وڵاتە ئازادی بوونــی نییە، هەتا مرۆڤایەتی مەترســی مردنی ئازادیەکەی هەبێت.

ئاماژەکردنمــان بۆ ئەم خاڵانەو جیاوازی نێوان خاڵە بەهێزەکانی حکومەتی دیموکراتی و حکومەتی تۆتالیتاری یان دیکتاتۆری، بەو ئامانجەیە کە هۆشــیاریمان بەو ئاستە بێت کە حکومەتی خۆمان لەو روانگەیەوە هەڵبســەنگێنن، کە بەهێزیەکەی بریتیە لە رێزگرتنی ئازادی و پاراســتنی مافــی تاك و هاوڵاتیان، بەهێزیەکــەی نارەزایی و رەخنەی هاوڵاتیانــە، ئامانجەکەی زیاتر ســنووردارکردنی دەســەڵاتی خۆیەتــی و دیاریکردنی ئەرکەکانی خۆی و هەڵســوڕاندنی ئــەو ئەرکانە کە بۆ خۆی دیاریکــردووە، کە بێگومان گرنگترین ئەرکی کە تا ئێســتا بە شاهیدی دۆست ودوژمن تیایدا سەرکەوتوو بووە، پاراستنی ئەو



کەشو هەوا ئارام و سەقامگیریەیە کە دەتوانرێت دیموکراسی لەسەر بونیاد بنرێت، ئەم ئەرکە ئەگەرچی بە پلەی یەکەم پاراستنی، ئەرکی حکومەتی کوردستانە، بەڵام ئاڵۆزبوونی پەیوەندی بە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگەوە هەیە، بۆیە دەبێت ئاشتی و سەقامگیری کوردستان وەك ئامانجێکی گشتگیری هەرێمی کوردستان سەیر بکرێت و دوای ئاشتی و سەقامگیری جیاوازیەکانمان دەست پێبکات، ئەمەش بەو مانایەیە، هەموو لەسەر ئاستی پاراستنی ئاشتی و سەقامگیری یەك دەنگ و لە سەر ئاستی بونیادی حکومەت و دیموکراتی لەناو ئەو کەشو هەوا ئازاد وسەقامگیرە جیاواز (بێگومان جیاواز بە مانای دژ و دژایەتی نا)، جیاواز بەو مانایەی هەموو هاوڵاتیان هۆشیار بن بە ماف و ئازادییەکانیان و هۆشیاربن چۆن ئەو ماف و ئازادیانە دەپارێزرێن.

## چۆن حکومەتێکی بەهێز بۆ بونیادی دیموکراتی و پاسەوان بۆ پاراستنی ماف وئازادییەکان هەڵدەبژێرین؟

کە دەڵێین چۆن حکومەتێکی بەهێز بۆ بونیادی دیموکراتی و پاسەوان بۆ پاراستنی ماف وئازادییەکان هەڵبژێرین، دەبێت ئەو توخمانە دیاریبکەین کە دەتوانن حکومەتێك پێکبهێنن کە ئامانجی دەبێتە دیموکراتی و پاسەوانی مافە ئازادیەکان، لێرەوە ئاراستەی باسەکە ششێوازێکی دیکە دەگرێت، واتە پێویستە هاوڵاتی کاتێك دەنگدەدات، دەبێت بزانێت مەبەست لە دیموکراتی و پاراستنی ماف وئازادیەکان چییە؟ و چۆن دیموکراتی بونیاد دەنرێت و ماف و ئازادیەکان دەپارێزرێت؟



ئایا ئەو لایەنەی ئەو دەنگی بۆ دەدات دەتوانێت دیموکراتی و پاراستنی ماف وئازادیەکان بکاتە ئامانجی خۆی و رێوشوێنی پێویست و دامەزراوەی تایبەت بۆ ئەو ئامانجە بونیاد بنێت و ئەو دەمەزراوانە بەو جۆرە هەڵبسوورێنێت کە بەرهەمی دیموکراتی و پاراستنی ماف وئازادیەکان بێت؟ بۆیە لەم راستیەدا پێویستمان بەوە هەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بەو ئاستە ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاریمان بەرز بێت، بۆئەوەی ئیرادە بۆ بونیادی ئەو ئامانجە بەرهەمبهێنینن، دەبێت هۆشیار بین بەرامبەر ئەو بۆچوونانەی کە دەیانەوێت بەرامبەر بەم ئامانجانە دووچاری دوودڵی و نیگەرانی و بێ متمانەییمان بکەنەوە، ئەوانەی هەوڵدەدەن هاوڵاتیان بۆ بونیادی دیموکراتی و ماف وئازادیەکان دوودڵ و نیگەران و بێ متمانە بکەن، ئەوانە زۆر بە وردی لەو راستیە تێگەیشتوون، کاتێك توانیان مرۆڤی کورد بگەینە حاڵەتی دوودڵی و بێ متمانەیی بە دامەزراوەکانی بۆ بونیادی دیموکراتی و پاراستنی ماف و ئازادیەکان، ئەوا ئەو مرۆڤە دەبێتە کەسێکی بێ ئیرادە و کە بووە کەسێکی بێ ئیرادەش واتە کەسێتی ئەوەی لێ دادەماڵرێت بتوانێت، بریاری گونجاو و ئاقلانە بۆ ئایندەی خۆی بدات، هەر بۆیە ئەوانەی کە دژی دیموکراتین یان هەڵگری ئایدۆلۆژیایەکی دەرەکین و چاویان بە ئیرادەی مرۆڤی کورد هەڵنایەت کە هەنگاو بۆ بونیادی دیموکراتی و پاراستنی ماف و ئازادیەکانی هەڵدەگرێت، هەوڵدەدەن ئیرادە لە ناخی تاکی کورد و کوردستانی بگۆڕن بۆ ئارەزوو، کە ئیرادە گۆڕدرا بۆ سۆزوئارەزوو واتە مرۆڤ لە بیرکردنەوە داماڵرا، واتە بێ بیرکردنەوە لە ئایندەی خۆی وەك تاك، وڵاتەکەی وەك نیشتمان، سیستەمی حکومڕانیەکەی وەك سیستەمێکی دیموکراتی دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان و بە عاتیفەو ئارەزوو نەك بە ئیرادە بریار دەدات، لەمەش خراپتر ئەو حاڵەتەیە کە ئیرادە نامێنێت و ئارەزوو پێیدەڵێت دەنگی تۆ هیچ کاریگەریەکی نییە و دەنگ بدەیت و دەنگ نەدەیت هیچ گۆڕانکاریەك دروست نابێت، گەیشتن بەم خاڵەش واتە بێ ئامانجکردنی هەڵبژاردن، واتە تۆ کە دەنگ دەدەیت مافی لێپرسینەوە و گوشار خستنە سەرحکومەت و هاندانی لە باشەوە بۆ باشتر لە خۆت وەردەگریتەوە و حکومەت باش بێت یان خراپ بێت، هیچ پەیوەندیەکی بە تۆوە نییە، ئەم حاڵەتە بەرهەمی ئەو ئایدۆلۆژیایە کە لە رێکخراوی حەماسدا رووی جوانی گەلی فەلەستینی ناشرین کردووە، خەبات و بەرخودانی سەدان هەزار شەهیدی فەلەستینی خستۆتە ناو تۆماری تیرۆرەوە، دەرگای ئاشتی و چارەسەری دوو دەوڵەتی لەسەر کێشەی رەوای فەلەستینی داخستووە، راستە حەماس توانی بێ متمانەیی و دوودڵی لەناو گەلی فەلەستیندا دروست بکات، بەڵام گەلی فەلەستینی هەڵخەڵەتاند نەیتوانی حکومەتێکی دیموکراتی و پارێزەر بۆ مافەکانی گەلی فەلەستین دابمەزرێنێت، نەك نەیتوانی دەرگای جیهان لەسەر کێشەی فەلەستین بکاتەوە، بەڵکو رێڕەوی رەفەحیشی لەسەر بە داخستن دا، نەك هەر نەیتوانی دەوڵەتی فەلەستین دروست بکات، بەڵکو هۆکارێك بوو بۆ دابەشکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی نیشتمانی

●●●

**خاڵە بە هێزەکانی حکومەتی دیموکراتی خاڵی لاوازی حکومەتی تۆتالیتاریە**

●●●

●●●

**کە ئیرادە گۆڕدرا بۆ سۆز و ئارەزوو واتە مرۆڤ لە بیرکردنەوە داماڵرا، لەمەش خراپتر ئەو حاڵەتەیە کە ئیرادە نامێنێت و ئارەزوو پێیدەڵێت دەنگی تۆ هیچ کاریگەریەکی نییە و دەنگ بدەیت و دەنگ نەدەیت هیچ گۆڕانکاریەك دروست نابێت، گەیشتن بەم خاڵەش واتە بێ ئامانجکردنی هەڵبژاردن، ئەم حاڵەتە بەرهەمی ئەو ئایدۆلۆژیایە کە لە رێکخراوی حەماسدا رووی جوانی گەلی فەلەستینی ناشرین کردووە، خەبات و بەرخودانی سەدان هەزار شەهیدی فەلەستینی خستۆتە ناو تۆماری تیرۆرەوە**

●●●

بۆ ڕامەڵا و غەزە، کەواتە تەنها هۆکارێك کە گەلی فەلەستین ڕووبەڕووی ئەم هەڵە کوشندەیە بۆوە، ئەوە بوو حەماس توانی سەربکەوێت، بەسەر ئەقڵی گەلی فەلەستین و توانی ئیرادەی گەلی فەلەستین بۆ بڕیاری ڕاست بۆ بونیادی دیموکراتی بگۆڕێت، بۆ ئارەزوویەك کە ماڵی خۆی پێ کاول بکات، حەماس مێژووی گەلی فەلەستینی دەیان ساڵ گێڕایەوە بۆ دواوە، ئەو گەلەی دوای ڕێککەوتنی ئۆسلۆ وەك گەلێکی زیندوو هاتە ناو مێژوو هەموو جیهان پشتگیری دەکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، حەماس وەك گەلێکی داماو و بێ ئیرادە جارێکی دیکە پێشانی جیهانی دایەوە.

ئەم نموونەیەی حەماس لەگەڵ ئەوەی یەکێکە لە تاڵیەکانی ئاکامی سندوقی هەڵبژاردن، بەڵام لە هەمانکاتدا، یەکێکە لەو ئاکامانەش کاتێك ئیرادەی گەلێکی زیندوو بۆ ئاشتی بۆ پێکەوە ژیان، دەگۆڕێت بۆ ئارەزووی توندوتیژی، دەگۆڕێت بۆ جێبەجێکردنی دۆسیێی دەرەکی، یان دەگۆڕێت بۆ ئارەزوو تێرکردنی کەسانی وەك سەرکردەکانی حەماس، دەبینین چ کارەساتێك بەسەر گەلێکی زیندوو دەهێنێت، دەبینین چۆن مێژوو لە پێشکەوتن رادەوەستێت و دەگەڕێتەوە بۆ دواوە، هەڵەی حەماس ئەوە بوو، بەزەیی بە خەڵکی فەلەستین نەهاتەوە، خواستەکانی گەلی فەلەستینی بۆ ئامانجی دوژمنانی گەلی فەلەستین کردە دروشمی هەڵبژاردن و لە خشتەی بردن، گەلی فەلەستینی بێ ئیرادە کردو بە ئارەزووی ئیرادەی دەرەکی دەنگیپێدان، هەموو ئەوانەی ئەجێندای خۆیان بە ڕێگەی چەك وپارە بۆ تێکدانی هاوسەنگی فەلەستین پێشکەشی حەماس کرد، لەو کاتەی بریندارەکانی فەلەستین لە بەردەم ڕێڕەوی داخراوی ڕەفەح بەدەم خوێنبەربوونەوە گیان دەردەچوو، ئەوانەی کە حەماسیان والێکرد بە قوربانیەکانی فەلەستین پێدەکەنین، حەزیان دەکرد قوربانیە مەدەنیەکان زۆر زۆر زیاتر بێت، بۆئەوەی هێندەی دیکە خاکی فەلەستین ببێتە گۆڕەپانی یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان .

کەواتە مەترسی گۆڕینی ئیرادە بۆ ئارەزووی دەنگدان بە ئەجێندای دەرەکی یان خواستی شێتانەی کەسانی وەك سەرکردەکانی حەماس، تەنها ئەوە نییە، کە دەسەڵات لە لایەنێکەوە دەچێتە دەست لایەنێکی دیکە، نەخێر، هەڵەیەکە ئایندەی میللەتێك دەخاتە دووڕیانی چارەنووسی نادیارەوە، هەر بۆنموونە، وا ڕێکەوت کە دیمانەیەکمان وەك گۆڤاری گوڵان لە گەڵ بەڕێز بابەکی ڕەحیمی لەو کاتەدا بوو کە لە ئەمریکاوە گەڕابۆوە بۆ ئێران، هەربۆیە بابەکی ڕەحیمی هەوڵدەدات لە ناو ئێران لە ناو ماڵپەڕی گوڵان دیمانەکەی خۆی سەیر بکات، بەڵام کە هەوڵدەدات ماڵپەڕی گوڵانی بۆ ناکرێتەوە، بۆیە بەسەرسوڕمانەوە بە پۆستی ئیلکترۆنی ئاگاداری کردینەوە، ئایا ماڵپەڕی گوڵان ڕاگیراوە بۆیە لە ئێران ناکرێتەوە، یان مەسەلەیەکی دیکەیە؟ بێگومان ئێمە ئاگاداری ئەوە نەبووین و ئێستاش ئاگادار نیین ئاخۆ ماڵپەڕی گوڵان لە ئێران دەکرێتەوە یان نە، بۆیە وەڵاممان دایەوە نەخێر ماڵپەڕی گوڵان کاری خۆی دەکات و لە هەموو شوێنێك دەکرێتەوە، بەڵام لە ئێران بۆ ناکرێتەوە، ئێمە هۆکارەکەی نازانین. لەگەڵ ئەوەی ئێمە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هۆکاری نەکرانەوەی ماڵپەڕی گوڵانمان لە ئێران نەزانی، بەڵام ئەوانەی ئاگاداری بارودۆخی ئێرانن پێیان گوتین ئاساییە زۆر ماڵپەڕی دیکەش لە ئێران ناکرێتەوە.ئەمە کێشەیەك نییە، بەڵام بۆچی ماڵپەڕی گوڵان نەکرێتەوە، بەڵام هەمان حکومەت هەمان سیاسەت، وەك بەڕێز ئیحسانی مەلاعەلی لە لێدوانێکی تایبەتی گوڵاندا پێی ڕاگەیاندین، خۆی کەناڵێکی ئاسمانی بۆ لایەنێکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە و بودجەی کەناڵەکە و ڕاهێنانی کارمەندەکانیشی بخاتە ئەستۆی خۆی، ئایا ئەمە یەك مانای زیاتری هەیە کە گوڵان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئیرادەی تاکی کوردو مرۆڤی کوردستانی بەهێزبکات و کەناڵی ناوبراو هەوڵدەدات ئەو ئیرادەیە سڕ بکات، ئایا ئەمە مانای ئەوەنییە، ڕەخنەکانی گوڵان لە پێش هەموانەوە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئینجا حکومەت و پەرلەمان و تێکڕای لایەنە سیاسیەکانی کوردستان، بێجگە لە خزمەتکردن بە ئیرادەی تاکی کورد خزمەتی هیچ بەرژەوەندیەك ناکات.

هەربۆیە لەم ڕاپۆرتەشدا گوڵان داوای ئەوە لە خوێنەرانی ناکات کە دەچن بۆ دەنگدان دەنگ بە پارتی بدەن، نەخێر داوا دەکات:

- دەنگ بەو لایەنە بدەن، کە ئەزموونتان لەگەڵیدا هەیە و ئامادەیە بەهێزی خۆی لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلدا ببینێتەوە.



●●●
**ماڵپەڕی گوڵان کاری خۆی دەکات و لە هەموو شوێنێک دەکرێتەوە، بەڵام لە ئێران بۆ ناکرێتەوە، ئێمە هۆکارەکەی نازانین. بەڵام هەمان حکومەت هەمان سیاسەت، وەک بەڕێز ئیحسانی مەلاعەلی لە لێدوانێکی تایبەتی گوڵاندا پێی ڕاگەیاندین، کەناڵێکی ئاسمانی بۆ لایەنێکی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە و بودجەی کەناڵەکە و ڕاهێنانی کارمەندەکانیشی بخاتە ئەستۆی خۆی، ئایا ئەمە یەک مانای زیاتری هەیە کە گوڵان هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئیرادەی تاکی کوردو مرۆڤی کوردستانی بەهێزبکات و کەناڵی ناوبراو هەوڵدەدات ئەو ئیرادەیە سڕ بکات**
●●●

• داوا دەكات ئەوە ئیشــی پارتە سیاسیەكان نییە، دەست بخاتە كاروباری قوتابیانــی و خویندكارانی كچ وكوڕی زانكۆكانی كوردســتان و ســنووری خۆشەویســتی و مامەڵەكردنیان بۆ دابنێت.

• داوا دەكات گەنجــی كــورد هۆشــیار بێــت ڕێگە نەدات ئایدۆلۆژیەتی حزبەكان حەرەمی زانكۆ بشكێنێت .

• داوا لە هاوڵاتیان بەگشــتی و خوێنەرانی خۆی دەكات، ئەو ئامانجانەی لە پێناویدا خەباتیان كردووە كە بریتیە لە ئاشــتی وئــازادی و دیموكراتی لێیان نەشــێوێنرێت و لێیان نەكرێت بە ئایدۆلۆژیایەك كە لەدەرەوە هێنراوە و بۆ وڵاتە ڕەسەنەكەی خۆی خێری نەداوەتەوە هەتا بۆ كوردستان خێر باتەوە.

• داوا لە خوێنەرانی خۆی دەكات ئیرادەی خۆی بۆ ناســینی بنەماكانی پاراســتن وماف و ئازادی كە بنەمای ســەروەریی یاسایە نەگۆڕێت بۆ هەوڵدان بۆ ئارەزوویەك كە دەیەوێت بەیاسا ئازادیەكان پێشێل بكات.

## ئەو پارتە سیاسیانەی بڕوایان بە ئازادی هەیە ڕێز لەمێژوو و كولتووری ڕەسەنی كۆمەڵگا دەگرن

كە باسی ئازادی دەكەین، دەبێت پێناسەمان بۆ ئازادی دیاری بكەیــن، بێگومان ئازادی ئەوە نییە مرۆڤ هەرچی ئارەزووی دەكات بیكات و یان هەرچی دەیەوێت ئەنجامی بدات، ئێمە لەم باســەدا مەبەستمان لەو ئازادیەیە كە لە چوارچێوەی سەروەری یاسادا ئازادی تاك لەبەردەم یاســادا یەكسان دەكات، واتە ئەو ئازادیەی ئازادی تاكەكانی دیكە پێشێل ناكات، ئەو ئازادییەی



جیاوازیــەكان دەپارێزێت و لەناو یەكتریــدا نایانتوێنێتەوە، ئەو ئازادیەی كە پێویســتی بە یاســایەك هەیــە بیپارێزێت، نەك یاســایەك هەبێت، ئەو ئازادییە سنووردار بكات یان ئازادییەكە بێ ناوەڕۆك بكات، بۆیە بەچەند خاڵێك زیاتر لەسەر ناوەڕۆكی مانای ئازادی ڕادەوەستین:

• برا ئێزدییەكانمان ئازادن بە هەموو شێوەیەك ڕێورەسمی ئایینی خۆیان پیادە بكەن و دەبێت یاســایەك هەبێت ئەو ئازادییەیان بۆ بپارێزێت، بەڵام برا ئێزدیەكان ئیدعای ئەوە بكەن ئایینی ئێزدی ئایینــی كوردە و بە زمانی كوردیــە، دەبێت هەموو كورد ببێت لە ئێزدی ئەمە پێشــێلكردنی ئــازادی ئەوانی دیكەیە ونابێت قبوڵبكرێــت. هەروەهــا نابێت پارتێكی ئیســلامیش كە لەژێر سێبەری ئازادی كوردستاندا چالاكی خۆی ئەنجامدەدات، ئەو ئازادییەی بە یاســا ئازادی بیروباوەڕی ئایینی دەپارێزێت، ئەو ئــەم ئازادییە بكاتە پروپاگەنــدەی حزبی خۆی و خەڵكی پێ چەواشە بكات.كە ئەمەی كرد ئەوا ئیرادەی خەڵكی نەهێشت، هیدایەتی خوای پێشــێلكرد، واتە خــوا هیدایەتی ئەو تاكەی نــەدا بەڵكو ئەو حزبە ئیســلامیە، ئەو ئەركــە جێبەجێدەكات، بێگومان كەس دەســەڵاتی بەو كەسە نەداوە جێگەی هیدایەتی خوا بگرێتەوە، بۆیە كە مانای ئازادی شێوێنرا چ گۆبەندێك بە دوای خۆیدا دەهێنیت، چۆن هەموو ئەو شــتانەی بۆ شێواندنی ئەو ئازادیە بەكاردەهێنرێت بێ مانا دەبن.

• ئازادی بیروبۆچوونی سیاســیی، ئازادی ڕادەربڕین، نابێت سنووری پێشــێلكردنی ئازادی ببەبەزێنێت، واتە نابێت لە ژێر ســێبەری ئازادیدا ســووكایەتی بە ئازادی بكرێت و ئیرادەی تاكەكان دەســتەمۆ بكرێت، دەســتەمۆكردنی ئیرادەی تاكەكان بەســتنەوەی ئیــرادەی تاكە بەو ئایدۆلۆژیەتەی تەفســیر بۆ ئازادی دەكات، واتە تەفســیركردنی مەودای ئازادی بە كوفر و ئیمان، بەحەڵاڵ و حەرام، كە ئازادی خرایە ناو ســنووربەندی حــەڵاڵ و حــەرام و كوفر وئیمان دەرگاكانمــان لێ دادەخات، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو كوفر و ئیمانەو ئەو حەلاڵ وحەرامەی ئایدۆلۆژییەتی حزبێكی دیاریكردووە، نەك قورئانی پیرۆز، ئەو حەلاڵ و حەرام و كوفر وئیمانە بەرژەوەندی حزبێكی سیاســیی دیاریكردووە، نەك لیژنەی فەتوای ئایینی ئیســلام لە وڵاتدا، هەربۆنموونــە، چەند ســاڵێك لەمەوپێش ئەمیــری كۆمەڵی ئیســلامی دەیگوت دیموكراتیەت كوفرە و حەرامە، ئێستا هەر خۆی دەڵێت دیموكراتیەت حەلاڵەو بەشداریكردنیش ئیمانە، یان یەكگرتوویی ئیسلامی هەتا یەك دوو ساڵ لەمەوپێش خۆی لە نەورۆز گێل دەكرد و وەك حەرامێك ســەیری دەكرد، بەڵام ئەم ســاڵ بەشــداری ئاگركردنەوەیان كرد، چەند ساڵێك لەمەوپێش دەیانگوت، ئەگەر لەكاتی نوێژدا قاچ بڵاو نەكەیتەوە حەرامە، ئێستا دەڵێن جووتیشی بكەیت حەرام نییە، چەند ساڵێك لەمەوپێش پێیان وابوو بۆینباخ و شەرواڵی درێژ حەرامە، ئێستا نە بۆینباخ بە حەرام دەزانن و نە شەرواڵی درێژ، كەواتە ئەم ڕاستیانە پێمان دەڵێن نابێت ئازادی بخرێتە ناو چوارچێوەی ئایینی كریســتیان و ئێزدییەكانیشەوە، ئەگەر ئازادی بە ئایینی كریستسان سنوور بەند بكرێت، دەبینین، ئازادی مانای جیاواز

●●●
**نابێت لە ژێر سێبەری ئازادیدا سووكایەتی بە ئازادی بكرێت و ئیرادەی تاكەكان دەستەمۆ بكرێت**
●●●

●●●
**تەفسیركردنی مەودای ئازادی بە كوفر و ئیمان، بەحەلاڵ و حەرام، كە ئازادی خرایە ناو سنووربەندی حەلاڵ و حەرام و كوفر وئیمان دەرگاكانمان لێ دادەخات**
●●●

**چەند ساڵێک لەمەوپێش ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەیگوت دیموکراتیەت کوفرە و حەرامە، ئێستا هەر خۆی دەڵێت دیموکراتیەت حەلاڵەو بەشداریکردنیش ئیمانە**

وەردەگرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ئازادی یەك مانای هەیە، ئەویش ئیرادەی مرۆڤە بۆ بیرکردنـــەوە و بریاردان، ئەوەی ئازادی لێ زەوتبکرێت نەدەتوانێت بیربکاتـــەوە نە دەتوانێت بڕیاریش بدات، ئەمە حاڵەتی حزبە ئیسلامیەکانە لەبەر ئەوەی خۆیان تەسلیمی ئیـــرادەی خەڵکانی دیکە کـــردووە، دەبینین حـــەلال وحەرام و کوفر وئیمانیان لێتێکدەچێت، تەفســـیری ئەمرۆ و ســـبەینێیان یەکناگرێتەوە، ئەوان بەداخـــەوە دەیانەوێت یەکەکەی تاکەکانی کۆمەڵ وەك خۆیان بێ ئیرادە بکەن بۆ ئەوەی نەتوانن لەســـەر سندوقەکانی دەنگدان بڕیاری گونجاو بدەن.

• کـــەس ئازاد نییە، گاڵتە بە ئـــازادی خەڵکی دیکە بکات، یان پێناسە بۆ ئازادی بکات، تەنها لایەنێك کە ڕێگەی پێدراوە مامەڵە لەگەڵ ئازادی بکات، ســـەروەری یاسایە، ئەویش نەك بچێتە ناو ئازادیەوە، بەڵکو لەدەرەوە پارێزگاری لێدەکات، پارتە سیاسیەکان یان گروپ و هێزە سیاسیەکان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێکەوە بە ئازادی کاردەکەن بۆ پێکهێنانی ئەو دامەزراوانـــەی ئازادیەکانی تیا دەبینینەوە، بۆیە کە ئەو دامەزراوانە دروست بوون، ئەرکی پارت و گرووپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئاســـانتر دەبێت، بێجگە لە دواکاری بۆ شـــەفافیەت و لێپرســـینەوە، ئەرکێکی دیکەیان نامێنێت.کەواتـــە کارکردنـــی دامـــەزراوەکان لەژێر ســـێبەری سەروەری یاســـا هەنگاوێکی گرنگە و دەبێت هەموو ئیرادەکان یەك بن بۆ گەیشـــتن بەو قۆناخە. ئاســـتەنگ دروســـتکردن لەبەردەم ئیرادەی تاکەکان بۆ ئەوەی نەهێڵن بگاتە ئەم ئامانجە، بە تێکدانی مانای ئازادی و دووبارە پێناســـەکردنەوەی ئازادی دوور لە پێناسە راستەقینەکەی خۆی دەست پێدەکات، شێواندنی ئەو هەنگاوانەیە کە ڕێگەی راســـت بۆ گەیشـــتن بە ئامانجی پاراســـتنی ئازادی دوور دەخاتەوە، هەربۆیە کاتێك ئازادی بۆ مەبەستێکی دیکەی بێجگە لە ئازادی بە کاربهێنرێت، دەبینین، ئەو کەســـە یان ئەو لایەنە هەر ناوێك لە خۆی بنێت کەسێك یان لایەنێکی ئازادیخواز و دیموکراتخواز نابێت.

ئەمانە پێش هاتنە سەر ئەوەی کام لایەن بڕوای بە ئازادی هەیە وکام لایـــەن بڕوای بە ئازادی نییە، پێویســـت بوون بۆ ئەوەی لەبەر رۆشـــنایی بڕوابوون بە ئازادی و خەبات بۆ پاراســـتنی ئازادی هەڵوەســـتەیان لەسەر بکەین، لەم رووەشەوە لەبەر ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان خاوەنی چەند ئەزموونێکە لەوانەیە نموونەیەکی باش بێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم باسە:

١- پارتی دیموکراتی کوردستان وەك دەسەڵاتی شۆڕشگێری لە ساڵی ١٩٦١ -١٩٧٠ بێجگە لە خەباتی بۆ رزگاری، لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشیشدا، ئیدارەیەکی سەرکەوتووی هەبووە بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە ئازادکراوەکان.

٢- لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ خاوەنی ئەزموونێکی یاساییە، هەم لەبەڕێوەبردنی کوردســـتان و هەم لەبەڕێوەبردنی عێراقدا، لەبەر ئەوەی لەبەڕێوەبردنی کوردستاندا دەسەڵاتی یەکەم بووە و لەگەڵ حکومەتی عێراقیشدا چەندین پۆستی وەزارەتی بەڕێوەبردووە.

٣- لە ســـاڵی ١٩٩١-٢٠٠٩ بەردەوام هاوبەش و حکومڕان بووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

**یەکگرتووی ئیسلامی هەتا یەک دوو ساڵ لەمەوپێش خۆی لە نەورۆز گێل دەکرد و وەک حەرامێک سەیری دەکرد، بەڵام ئەم ساڵ بەشداری ئاگرکردنەوەیان کرد**



بۆیـــە پارتیمان بۆ ئەم نموونەیـــە هەڵبژارد لەبەر ئەوەی تەنها پارتی گۆڕەپانی سیاســـیی عێراق و کوردستانە لە ٣ قۆناخی جیاوازدا ئەزموونی هەیە.

ئەگەر لەم ٣ قۆناخە بڕوانین، دەبینین هەر لەســـەرەتاوە پارتی بـــەو جۆرە بڕوای بە ئازادی هەبووە، کە پێویســـتە هاوڵاتیانی کوردســـتان لە ماف وئەرکدا یەکســـان بن، بۆ نموونە کریستیان ئەرکی سەرشـــانیەتی بەشداری شۆڕشـــی کوردستان بکات، بەڵام مافی خۆشـــیەتی لە ناو سەرکردایەتی پارتی وشۆڕشی کوردستانیشـــدا بەشداری هەبێت، تورکمان ئەرکی سەرشانیەتی بەشداری شۆڕشی کوردستان بکات، بەڵام مافی خۆشیەتی وەك کورد لە ڕێککەوتنی ئاداردا داکۆکی لێ بکرێت، ئەم بیرکردنەوەیە هەر زوو جەنابی بارزانی نەمـــری گەیاندە قەناعەت، کەنابێت بە تێڕوانینی پارتی و شەرعیەتی شۆڕشگێری مامەڵە لەگەڵ ئازادی بکرێت، بۆیە بیری لەوەکردەوە پێویستە دادگایەکی باڵا بە ناوی دادگای باڵای شۆڕشـــەوە دابمەزرێت و سەرۆکی ئەم دادگایەش یەکێك بێت لە برا کریستیانەکان، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی یاســـا ئازادیەکان ڕێکبخات، ئەم دەرکردنەی یاسا، یان ئەم پێناســـەکردنەوەیەی ئازادی وەك ئەوەی هەیە و پاراستنی بەیاســـایە، لەگەڵ ئەوەی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕشیش ئـــەو ئیمکانیەتە نەبوو. دامەزراوەی گەورە بۆ ئەو دەســـەڵاتە دادوەریە ڕێکبخرێت ولەگەڵ ئەوەی لەناو شۆڕشـــدا هۆیەکانی گەیاندن زۆر ســـەخت بـــوون، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاراســـتەکە ئاراستەیەکی راســـت بوو دەبینین، ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لە کۆمەڵگەی کوردســـتان دروســـت بوو، بووە هۆکاری ئەوەی گۆڕانکاریەکی گەورە دروســـت بکات، بەشێوەیەکی گشتی لە



بیرکردنەوەی تاکی کوردستانی، بەشێوەیەکی تایبەتی لە مافە مەدەنیەکان هەر بۆنموونە:

• لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا، ئافرەت مافەکانی پێشێل کرابوو، ژن بە ژن و گەورە بە بچووک و بەزۆر بە شوودان، شیربایی و لەبری خویندان، ئەو رەفتارانە بوون کەدژی ئافرەت پیادەدەکران .شۆڕشی ئەیلول بەرادەیەك ئەم دیاردانەی سنووردارکرد، کە دەتوانین بڵێین دواتر وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی رەتدەکرانەوە.


• لە شۆڕشی ئەیلولدا زانایانی ئایینی ئیسلام و پیاوانی ئاینی کریستیان و شێخانی ئێزدی، وەك ئایین تێکەڵاوی شۆڕش نەدەبوون، بەڵکو وەك کوردستانی بەشداربوون لە شۆڕشدا، هەربۆیە لەو ناوچەیەی کریستیانەکانی لێ بوون خەڵك گوێی لە قەشەکان دەگرت، لە ناوچەی ئێزدیەکان خەڵك گوێی بۆ شێخەکانی ئێزدی دەگرت، بەڵام لە باقی کوردستان لەبەر ئەوەی ناوچەکە فراوانتر بوو، یەکێتی زانایانی ئیسلامی دروست بوو. ئەم یەکێتیە وەك بەرزترین دەسەڵاتی ئایینی لەکوردستان بێجگە لەوەی بەشێك بوون لە شۆرش لە هەمانکاتدا هانی خەڵکی کوردستانیشیان دەدا زیاتر بەشداری شۆڕش بکەن.

• لەشۆڕشی ئەیلولدا بۆ یەکەمجار بازرگانی ئازاد کرا، موڵکایەتی ناسێنرا، هەرکەسێك خاوەنی هەرچییەك بووایە بەپێی یاسا بۆی دەپارێزرا، سیستەمی گومرگ دانرا، ئەم سیستەمە ناوچە ئازادکراوەکانی کردبووە ناوچەی بازرگانی ئازاد و هەڵسووڕانی سەرمایە، هەروەها هۆکارێك بوو بۆ شکاندنی ئەو گەمارۆ ئابووریەی کە رژێمی عێراق خستبوویە سەر شۆڕش.

• لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆڕش چۆن ئازادی ئایینی هەبوو، بەهەمان شێوە ئازادی سیاسیی هەبوو، واتە بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان چەند حزبێکی دیکەی سیاسیش لە ناوچە ئازادکراوەکان پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلوول بوون بەڵام پارتی نەبوون.

• ئەم بنەمایانەی شۆڕشی ئەیلوول کە یەکسانی هاوڵاتیانی کوردستان بوو لەبەردەم یاسا و پاراستنی یاسا، چارەسەری کێشەی نەتەوەی زۆرینەو نەتەوەی کەمینەو، ئایینی زۆرینەو کەمینەی کردبوو، هەر ئەمەش ببووە بنەمای دارشتنی ئەو رەشنووسی رێککەوتنانەی کە ئامادەدەکران بۆ ئەوەی لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق دانوستاندیان لەسەر بکرێت و هەر ئەم بنەمایەش بوو لە ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ شێوازێکی فراوانتری بەخۆیەوە گرت.

• لە ساڵی ١٩٩١-٢٠٠٩ کە ماوەی ١٨ ساڵە راستە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی و تێکرای پارتە کوردستانیەکان بەشدارن لەسەرخستنی ئەم ئەزموونە و کەموو کورتیەکانی، راستە لە هەندێك بواردا کەمووکورتی هەیە، بەڵام بنەما سەرەکیەکانی ماف و ئازادیەکان دەستکاریان نەکراوەو، رێگە نەدراوە بێجگە لە پاراستنی ماف وئازادیەکان پێناسەی ناجۆر بۆ ئەو ماف وئازادیانە دروست بکرێت، ئەم حاڵەتە ئەگەر هیچ شتێکی نەکردبێت توانیویەتی ئیرادەی گەلی کوردستان بە زیندویەتی بهێڵێتەوە، کە ئیرادەش زیندوو بوو هەموو کات بە تێکەڵاوکردنەوەی ئەو ئیرادە زیندووە لە گەڵ ئەو ئیرادەیەی پاسەوانی ماف و ئازادیەکان بە ئامانج دەزانێت، دەرگای ئومێد واڵا دەبێت و نائومێدی دەڕەوێنێتەوە.



پرۆفیسۆر جاك ڤۆلس ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی ئیكستر لە لەندەن، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیستەمەكانی هەڵبژارد و بەڕێز جاك ڤۆلس لەلایەن زانكۆی ناوبراوە وەك پسپۆڕ لە بواری هەڵبژاردن بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكانمان دەست نیشانكراوە و بەپێویستی دەزانین زۆر سوپاسی خاتوونی پرۆفیسۆر سۆسەن باندویشی بكەین، كە هاوكاریكردین بۆ ئەم ئەركە و كاتێكی دیاریكراوی بۆ دەسنیشانكردین بۆ ئەوەی لەگەڵ پرۆفیسۆر جاك ڤۆلس قسەبكەین، سوپاسی بەڕێز پرۆفیسۆر ڤۆلسیش دەكەین كە بوارێكی باشی بۆ ڕەخساندووین هەتا قسەی لەگەڵ بكەین، هەربۆیە كە قسەمان لەگەڵ كرد و پێشتر لەلایەن خاتوو سۆسەنەوە لە ناوەڕۆكی دیمانەكەمان ئاگادار كرابۆوە، ئەمەش دەقی هەڤپەیڤینەكەی گوڵانە لەگەڵ پرۆفیسۆر جاك ڤۆلس.

## پرۆفیسۆر جاك ڤۆلس (تایبەتمەند لەسەر سیستەمی هەڵبژاردن) بۆ گوڵان:

# ئافرەتان لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی و كاركردن بە لیستی داخراودا باشتر نوێنەرایەتی دەكرێن، پارتە سیاسییەكان لە لیستی داخراودا هەڵدەستن بە ڕاگرتنی هاوسەنگی لە ناو لیستەكاندا

**• سازدانی هەڵبژاردنەكان نیشانەی بوونی دیموكراسییە لە كۆمەڵگەدا، هەر لەبەر ئەمەش لە هەموو سیستەمە سیاسییەكانی ئەم ڕۆژگارەدا هەوڵی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەكان دەدەن، لەبەر ئەوەی كەس دژی دیموكراسی ناوەستێتەوە،، پرسیارەكە ئەوەیە گرنگترین جۆرەكانی سیستەمی هەڵبژاردن چییە؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین لەم ڕووەوە سیستەمی هەڵبژاردن پۆلێن بكەین، سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیە، دووەمیان سیستەمی زۆرینەیە، لەسیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا كورسییەكانی بەسەر لایەنە بەشداربووەكاندا دابەش دەكرێت و بە تەنیا پارتێكی دیاریكراو حكومڕانی ناكات. بۆ نموونە ئەگەر لە عێراقدا سیستەمی زۆرینە پیادە بكرێت، ئەوا ڕاستە لە هەرێمی كوردستاندا كوردەكان زۆرینە دەبن، لە ناوچە سوننەنشینەكاندا سوننەكان، بە هەمان شێوە شیعەكانیش لە ناوچاكانی خۆیاندا، بەڵام بە شێوەیەكی گشتی و لە سەر تێكڕای وڵاتەكە شیعەكان زۆرینە بەدەست دەهێنن، هەر ئەمەش هۆكاری ئەوەیە كە باشترە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیە پەیڕەو بكرێت.

**• مەبەستت ئەوەیە لەسیستەمی زۆرینەدا، زۆرینە باڵادەست دەبێت؟**

- لەسیستەمی زۆرینەدا گرووپی زۆرینە زیاترین و زۆرترین كورسییەكانی پەرلەمان بەدەست دەهێنێت و زۆرجار موبالەغە دەكرێت لەو پشتیوانییەی لە گروپی زۆرینە دەكرێت، لە ڕاستیدا ئەگەر لەم سیستەمەدا گروپە كەمینەكان پشتگوێ و پەراوێزبخرێن، ئەوا ڕەنگە حكومی زۆرینە بەرەو تاكڕەوی سەربكێشێت. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت ئەوا لەم وڵاتەدا ناوچەی تێكەڵمان هەیە كە شیعە و سوننەكانی تێدا نیشتەجێن و سوننەكان كەمینەن تێیدا، لە حاڵەتی كاركردن بەسیستەمی زۆرینە ڕەنگە شیعەكان زاڵبن، بۆی هەیە ئەمەش بارودۆخێك لەرزۆك بهێنێتە ئاراوە، كەواتە لە هەردوو سیستەمەكەدا ئامرازی جیاواز هەیە بۆ هەڵبژاردنی پاڵێوراوەكان. لە حاڵەتی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا پتر جەخت لەسەر پاڵێوراوەكان دەكرێتەوە، لەبەر ئەوەی پارت و لایەنەكان پتر لە پاڵێوراوێكیان هەیە لە ناوچەیەكی دیاری كراودا. ئەمە لە كاتێكدا لەسیستەمی زۆرینەدا پارتێك یان لیستێكی دیاری كراو دەبێت زیاتر لە سەدا ٥٠ی دەنگەكان بەدەست بهێنێت. واتە نیگەرانی ئەوە هەیە لە حاڵەتی كاركردن بەسیستەمی زۆرینە ئەگەری ئەوە هەیە دەسەڵاتی زۆرینە لە سەر حسابی كەمینە بەهێزبكرێت.

**• یەكێكی دیكە لە نیشانە و ڕواڵەتەكانی دیموكراسی بوونی سیستەمی فرەیی سیاسییە، كە تێیدا پارتەكان داوا لە دەنگدەران دەكەن دەنگیان پێبدەن بۆ ئەوەی ببنە نوێنەریان، ئایا لیستی پارتە سیاسییەكان چۆن دەخوێنرێنەوە لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا؟ یاخود گرنگی ئەم پارتانە چییە لە هەڵبژاردنەكاندا؟**

- مەسەلەیەكی ئاڵۆزە و پەیوەستە بە پێشبینی و چاوەڕوانی هاوڵاتییان و خەڵكانی ئاساییەوە، بۆ نموونە ئەگەر خەڵكی دەنگ بۆ كەسێكی دیاری كراو بدەن، ڕەنگە كەمتر بایەخ بە بەڵێنەكانی ئەو پارتە بدەن كە ئەم كەسایەتییە ئینتیمای هەیە بۆی، بەڵام ئەگەر دەنگ بە پارتە سیاسییەكان بدەن، ئەوا باشترە ئەم پارتانە ئەوە بخەنەڕوو، یاخود ئەوە ڕوون بكەنەوە كە لە حاڵەتی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا بە چ شێوەیەك حكومڕانی دەكەن و چ سیاسەتێك دەگرنەبەر. بە شێوەیەكی گشتی دەبێت ئەم مەسەلەیە گرێبدەینەوە بە هەل و مەرج و سروشتی كۆمەڵگەكەوە، بۆ نموونە ئایا دابەشبوون و جیاوازی ئاینی و ئیتنی لە كۆمەڵگەكەدا هەیە؟ ئایا كۆمەڵگەكە هەڵدەستن بە سزادانی ئەو حكومەتەی لە ئاست بەڵێنەكانی خۆیدا نەبووە و جارێكی دیكە متمانەی پێنادەنەوە؟ چونكە ئەگەر حكومەتە هەڵبژێردراوەكان هەڵنەستن بە جێبەجێكردنی بەڵێن و بەرنامەكانیان ئەوا متمانەی خەڵكی بە شێوەیەكی گشتی لە ئاست سیستەمە سیاسییەكەدا لاواز دەبێت.

**• زۆرجار ئەو كەسانەی خۆیان دەپاڵێون بۆ هەڵبژاردنەكان،**

**خۆیان لەسەر لیستێکی دیاریکراو ناپاڵێون، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەوان بەرنامەیەکی سیاسییان نەبێت بە چەشنی پارتە سیاسییەکان، پشت بە چی دەبەستن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- زۆربەی پاڵێوراوەکان دەتوانن وەك کەسانێکی سەربەخۆ بەشداری بکەن، بە چەشنێك پەیوەندی و پەیوەستیان بە هیچ پارتێکی سیاسییەوە نەبێت، لەم حاڵەتەدا پتر پشت بەکەسایەتی و کەفائەتی خۆیان دەبەستن، پشت بەوە دەبەستن کە تاچ رادەیەك دەتوانن قەناعەت بە دەنگدەران بکەن کە بە باشترین شێوە نوێنەرایەتیان دەکەن، زۆرجا ئەم پاڵێوراوانە ئەوە دەکەنە بانگەشەی هەڵبژاردن کە بەشێك لەکۆمەڵگە و خاوەنی پێگە و رێزیان هەیە، تۆمار و مێژوویەکیان هەیە لە خزمەتکردنی کۆمەڵگەکە، یاخود لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیدا، یان هەر بوارێکی دیکەدا.

**• لەسیستەمی نوێنەرایەتی رێژەییدا دوو جۆر لیستمان هەیە، لیستی کراوە و داخراو، بە تێروانینی ئێوە لایەنە خراپەکانی لیستی داخراو چین و بۆچی هەندێ لە خەڵکی قبوڵی دەکەن؟ هەروەها زۆربەی پارتە سیاسییەکان رێژەی بەشداری ئافرەتان لە لیستەکانییاندا دیاری دەکەن، بۆ نموونە لە سەدا ٢٠ یان ٢٥ و یان هەر رێژەیەکی تر. ئایا لە حاڵەتی کارکردن بە لیستی کراوە، تا چەند زیان بە بەرژەوەندی ئافرەتان دەکەوێت؟**

- پارتە سیاسییەکان پتر لیستی داخراویان بەلاوە باشترە، لەبەر ئەوەی دەتوانن خۆیان ئەندامانی پەرلەمان دەستنیشان بکەن و کۆنترۆڵی لیستەکە بکەن، لە کاتێکدا رەنگە خەڵکی پێیان باشتربێت راستەوخۆ دەنگ بە پاڵێوراوەکان بدەن. ئەوەی پەیوەندی بە نوێنەرایەتی ئافرەتانەوە هەبێت، ئەوا ئەمە زیاتر دەوەستێتەسەر کەلتوری کۆمەڵگەکە بە تایبەتی کەلتوری سیاسی کۆمەڵگەکە، هەروەها دەوەستێتەسەر ئەوەی ئایا تا چ رادەیەك ئافرەتان بەشداری لە ژیانی گشتیدا دەکەن و لەم بوارەدا چالاکن، واتە دەبێت لەم رووەوە سروشت و سیاقی کۆمەڵگەکە لەبەرچاوبگرین. دەکرێت لەم رووەوە رێژەیەکی دیاری کراو بۆ ئافرەتان دەستنیشان بکەین هەروەك ئەوەی لە عێراقدا بەدی دەکەین. لەبەر ئەوە پێم وایە دیاری کردنی ئەم رێژەیە دەرفەتێك بۆ ئافرەتان دەرەخسێنێت، ئەگەرچی لە حاڵەتی نەبوونی ئەم رێژەیەدا و دەنگدانی خەڵکی بۆ ئافرەتان ئەزموونێکی سەرنجراکێش دەبێت. بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتان لەسیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی و کارکردن بە لیستی داخراودا باشتر نوێنەرایەتی دەکرێن، لەبەر ئەوەی پارتەکان هەڵدەستن بە راگرتنی هاوسەنگی لە لیستەکاندا بەوەی رێژەیەکی دیاری کراوی ئافرەتانی تێیدا جێگیر دەکەن. ئەگەرچی تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە رۆڵبینینی ئافرەتان لە ژیانی گشتیدا بەشێوەیەکی بەربڵاو پەسەندکراوە، بەڵام حاڵەتەکانی لایەنگیری و جیاکاری دژی ئافرەتان بەدی دەکرێت.

**• ئەگەر ئامانجی هەڵبژاردنەکان پێکهێنانی سیستەمێکی سەقامگیر بێت، ئایا تا چەند ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای لیستی پارتەکان لە بەرژەوەندی ئەم ئامانجەدایە؟**

لە راستیدا ئەمە پەیوەستە بە سروشت و تایبەتمەندی هەر کۆمەڵگەوە و وڵاتێکەوە بە جیا. مشت و مڕێکی زۆر هەیە لە نێوان ئەوانەی پێیان وایە کارکردن بەسیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی و لیستی داخراو باشترە، لەگەڵ ئەوانەی پێیان وایە کارکردن بەسیستەمی زۆرینە دەرئەنجامی باشتر ئەهێنێتەدی. ئەوەی پەیوەندی بە عێراقەوە هەبێت، ئەوا هەرچەندە من شارەزای بارودۆخەکەی ئەم وڵاتە نیم، بەڵام رەنگە لە رووی مەبدەئیەوە کارکردن بە لیستی کراوە باشتر بێت، بەڵام پێم وایە لە رووی عەمەلییەوە دووچاری کێشە دەبێتەوە. لەبەر ئەوە باشترە بیر لەوە بکرێتەوە کە چ ئەزموون و دامەزراوەگەلێك لە وڵاتی ئێوەدا سەرکەوتوو دەبێت.



●●●

**لەسیستەمی زۆرینەدا گرووپی زۆرینە زیاترین و زۆرترین کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست دەهێنێت و زۆرجار موبالەغە دەکرێت لەو پشتیوانییەی لە گرووپی زۆرینە دەکرێت**

●●●

●●●

**ئافرەتان لەسیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی و کارکردن بە لیستی داخراودا باشتر نوێنەرایەتی دەکرێن، لەبەر ئەوەی پارتەکان هەڵدەستن بە راگرتنی هاوسەنگی لە لیستەکاندا بەوەی رێژەیەکی دیاری کراوی ئافرەتانی تێیدا جێگیر دەکەن**

●●●


●●●

**رەنگە لە رووی مەبدەئیەوە کارکردن بە لیستی کراوە باشتر بێت، بەڵام پێم وایە لە رووی عەمەلییەوە دووچاری کێشە دەبێتەوە**

●●●

## مایکل بوم (تایبەتمەند لەسەر حکومەت و هەڵبژاردن) بۆ گوڵان:

# ڕەنگە کارکردن بە لیستی کراوە سەربکێشێت بۆ پێکهێنانی پەرلەمانێک کە ڕەنگدانەوەی فرەیی کۆمەڵگەکە نەبێت



پرۆفیسۆر مایکل بوم سەرۆکی بەشی زانستی سیاسییە لە زانکۆی ماسیۆشیدتس –دۆرتموس پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دیمکراتیزەکردن و کۆمەڵگەی بەگشتی و لەسەر بارودۆخی پۆرتوگال بەتایبەتی، لەمبارەوە کتێبێکی نووسیوە بە ناونیشانی (کۆمەڵگەی مەدەنی دوای دیموکراتیزەکردن و پۆرتوگال دوای ٢٥ ساڵ) هەروەها پسپۆڕە لەسەر سیستەمەکانی هەڵبژاردن، بۆ قسەکردن لەسەر سیستەمەکانی هەڵبژاردن بەگشتی و ئەزموونی پورتۆگال پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر مایکل بوم کرد و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

*** چەند جۆری جیاوازی سیستەمی هەڵبژاردن هەیە، ئایا گرنگترین جۆرەکانی سیستەمی هەڵبژاردن چییە؟**

- لە راستیدا دوو جۆر سیستەم هەیە، یەکێکیان ئەو سیستەمەیە کە تەنیا یەك کەس نوێنەرایەتی ویلایەتێکی یان شارێك دەکات، هەروەك ئەوەی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فەرەنسادا بەدی دەکەین، جۆری دووەمیان ئەو سیستەمەیە کە کار بە نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەکات کە هەر ویلایەتێك یان شارێك زیاتر لە نوێنەرێکی دەبێت، ئەویش بە پێی قەبارەی ئەو شارە.

*** ئایا رۆڵی لیستی پارتە سیاسییەکان چییە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا؟ یاخود گرنگی ئەم پارتانە چییە لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

- ئەگەر سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی پیادە بکرێت لە وڵاتەکەدا، ئەوا ژمارەیەکی زیاتری پارتە سیاسییەکان بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن و نوێنەرایەتییان دەبێت، بەڵام ئەگەر کار بە سیستەمی زۆرینە بکرێت کە لیستی براوە یاخود پارتی براوە حکومڕانی بکات، ئەوا ژمارەیەکی کەمتری پارتە سیاسییەکان بەشداری لە پەرلەماندا دەکەن. ئەگەر لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە جیاوازی ئاینی و ئیتنی و زمانەوانی هەیە، بمانەوێت تێکڕای گرووپ و پێکهاتەکان نوێنەرایەتییان هەبێت، ئەوا باشترە کار بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بکات. لەلایەکی دیکەوە لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا پارتەکان ناچارن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن، لەبەر ئەوەی پارتێکی دیاری کراو ناتوانێت زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنێت. ئەوەی پەیوەندی بە سەقامگیری سیاسییەوە هەبێت ڕەنگە ئەم سەقامگیر پتر لە سیستەمی زۆرینەدا بەدی بکرێت کە پارتێك بە تەنیا حکومڕانێتی دەکات، ئەگەرچی ڕەنگە لە حاڵەتی پەراوێزخستنی کەمینەدا، گرووپی کەمینە پەنا بۆ توندوتیژی و ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە ببات و بەمەش سەقامگیرییەکە بکەوێتە مەترسییەوە، لە راستیدا ئەمەش دەوەستێتەسەر پێناسەی ئێمە بۆ سەقامگیری.

*** تا چەند بوونی بەرنامە سیاسییەکان هۆکارێکە بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی دیموکراسی؟**

- لە راستیدا گرنگە پارتە سیاسییەکان بەرنامە و سیاسەتێکی روونیان هەبێت، بۆ ئەوەی خەڵکی هەست نەکەن کە تەنها ئامرازێکن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسییەکانی کەسانێکی دیاریکراو، هەروەك ئەوەی لە حاڵەتی بەرازیلدا بەدی دەکەین کە پارتە سیاسییەکان پێناسەیەکی روونیان نییە. واتە گرنگە پارتە سیاسییەکان هەڵبستن بە روونکردنەوە و شیکردنەوەی بەرنامەکانیان و لە کاتی گەیشتنیان بە دەسەڵاتدا ڕێز لەو بەرنامانە بگرن و پیادەیان بکەن، ئەمەش نیشانەی راستەقینەی کامڵبوونی دیموکراسییە.

*** زۆرجار ئەو کەسانەی خۆیان دەپاڵێون بۆ هەڵبژاردنەکان، خۆیان لەسەر لیستێکی دیاری کراو ناپاڵێون، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەوان بەرنامەیەکی سیاسییان نەبێت بە چەشنی پارتە سیاسییەکان، پشت بە چی دەبەستن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- ئێوە خاڵێکی زۆر باشتان وروژاند، زۆرجار پاڵێوراوی سەربەخۆمان هەیە کە ئینتیمایان بۆ پارتێکی دیاری کراو نییە، ئەم حاڵەتە لە وڵاتێکی وەك پورتوگالدا زۆر بەدی دەکرێت کە زۆرجار پاڵێوراوە سەربەخۆکان هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی کاروبارەکانی حکومەت هەڵسوڕێنن، بەڵام ئەوەی روونە ئەمەش هەڵگری گیروگرفتە بۆ دەنگدەران و هاوڵاتییان، لەبەر ئەوە تەنیا کەسایەتی و ناوبانگی کەسە پاڵێوراوەکە لە ئارادایە و ڕەنگە نەتوانن ئەوە یەکلابکەنەوە لە کاتی گەیشتنی بە دەسەڵاتدا بە چ شێوەیەك رەفتار دەکات. لەبەر ئەوە شتێکی ناباو نییە کە پاڵێوراوە سەربەخۆکان بەشداری بکەن، لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسەتدا ڕێژەیەك دیاری نەکراوە بۆ ئەندامە سەربەخۆکان لە پەرلەماندا دیاری نەکراوە، لە راستیدا ئەوەی زانستی سیاسەت بایەخی پێدەدا بریتییە لە جۆر و کامڵبوونی سیستەمە دیموکراسییەکە نەك بوونی پاڵێوراوی سەربەخۆ یان ئەو پاڵێوراوانەی ئینتیمایان بۆ پارتێکی سیاسی هەیە.

*** لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا دوو جۆر لیستمان**

**هەیە، لیستی کراوە و داخراو، بە تێڕوانینی ئێوە لایەنە خراپەکانی لیستی داخراو چین و بۆچی هەندێ لە خەڵکی قبوڵی دەکەن؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، لە راستیدا هەردوو سیستەمەکە لایەنی باش و خراپی خۆیان هەیە، ئەگەرچی سیستەمی داخراو لە رواڵەتەدا کەمتر دیموکراتی دەردەکەوێت، بەڵام بە پێی ئەزموون و ئامارەکان لە حاڵەتی کارکردن بە لیستی داخراو و سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەییدا ئافرەتان زیاتر نوێنەرایەتیان هەبووە. رەنگە لە کاتی کارکردن بە لیستی کراوە، بەهۆی کەلتووری کۆمەڵگەکەوە و تێڕوانینی و بیرکردنەوە تەقلیدییەکان پیاوان زیاتر لە ئافرەتان بتوانن دەنگ بەدەست بهێنن. یاخود لە حاڵەتی بوونی گرووپە کەمینەکاندا، جا گروپی زمانەوانی، ئیتنی یان ئایینی بن، رەنگە کارکردن بە لیستی کراوە سەربکێشێت بۆ پێکهێنانی پەرلەمانێك کە رەنگدانەوە فرەیی کۆمەڵگەکە نەبێت، کە ئەمەش مایەی گیروگرفت دەبێت بۆ وڵاتەکە. کەواتە لە لایەکەوە لیستی داخراو کاریگەرییەکی ناسراوی هەیە لە سەر دروستکردنی پەرلەمانێك کە زیاتری فرەیی تێدا بەرجەستەبووبێت لە پەیوەندییدا بە ئافرەتان و گرووپە کەمینەکانەوە. بەڵام لایەنە خراپەکانی لیستی داخراو ئەوەیە دەسەڵاتی دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی دەبنە ئەندام پەرلەمان دەداتە دەست پارتە سیاسییەکان کە زۆرجار ئەمەش کەلێنێك لە نێوان هاوڵاتییان و ئەو ئەندامانەدا دروست دەکات.

*** بەڵام پارتە سیاسییەکان رێژەی بەشداری ئافرەتان لە لیستەکانیاندا دیاری دەکەن، بۆ نموونە لە سەدا ٢٠ یان ٢٥ و یان هەر رێژەیەکی تر، کە لە هەرێمی کوردستاندا رێژەکە لە سەدا ٣٠ە ئایا لە حاڵەتی کارکردن بە لیستی کراوە، تا چەند زیان بە بەرژەوەندی ئافرەتان دەکەوێت؟**

- راستە لە عێراقدا رێژەیەك بۆ ئافرەتان دیاری کراوە و ئەمەش لە هەندێ وڵاتی دیکەدا بەدی دەکرێت، لە راستیدا کارکردن بەم رێژەیە هەندێ جار دەبێتە هۆی کەمکردنەوە کاریگەری خراپی لیستی کراوە.

*** ئەگەر ئامانجی هەڵبژاردنەکان پێکهێنانی سیستەمێکی سەقامگیر بێت، ئایا تاچەند ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای لیستی پارتەکان لە بەرژەوەندی ئەم ئامانجەدایە؟**

- ئەمە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە لە پورتوگال لە ساڵی ١٩٧٤دا شۆڕشێك بەرپاکراو و دەسەڵاتی دیکتاتۆری روخێنرا، یەك ساڵ دوای روخانی دەسەڵاتی تاکڕەوی ئەو وڵاتە هەڵبژاردن کرا، بەڵام دوای روخانەکە هیچ پارتێکی سیاسی بوونی نەبوو، تەنیا پارتە کۆمۆنیستییەکان بە شێوەیەکی نهێنی کاریان دەکرد، بەڵام لە ماوەی ئەو ساڵەدا پارتە سیاسییەکان، بەرنامەی ئەم پارتانە بە شێوەیەکی خێرا گەشەیان کرد، ئەمانەش هۆکارێکی یارمەتیدەر بوون لەوەی وڵاتی پورتوگال بتوانێت دیموکراسی بچەسپێنێت. من هیوادارم شیکردنەوەیەکی سیحریم هەبووایە بۆ ئەوەی بمتوانییایە ئەوە روون بکەمەوە بۆچی لە هەندێ وڵاتدا بە رەوتێکی خێراتر پارتە سیاسییەکان گەشەدەکەن و دیموکراسی دەچەسپێنن، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت لە بوون و سروشتی کۆمەڵکەی مەدەنی لەو وڵاتەدا بکۆڵینەوە، هەروەها لەوە بکۆڵینەوە ئایا کەلێن و بۆشایی هەیە لە نێوان گوند و شارەکان لە نێوان باشوور و باکوری وڵاتەکەدا، لە نێوان گروپە زمانەوانی و ئایینەکاندا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من پێموایە عێراقی دوای سەددام حوسێن وەك تاقیگەیەکی زیندوو وایە، کە تێیدا کرانەوەیەکی دیموکراسی گەورە هەیە و من هیوادارم رۆژ بە رۆژ توندتیژی لەو وڵاتەدا کەمتر بێتەوە.



●●●

**لە سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەییدا پارتەکان ناچارن هاوپەیمانێتی پێکبهێنن، لەبەر ئەوەی پارتێکی دیاری کراو ناتوانێت زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بەدەست بهێنێت**

●●●

●●●

**رەنگە لە کاتی کارکردن بە لیستی کراوە، بەهۆی کەلتووری کۆمەڵگەکەوە و تێڕوانینی و بیرکردنەوە تەقلیدییەکان پیاوان زیاتر لە ئافرەتان بتوانن دەنگ بەدەست بهێنن. یاخود لە حاڵەتی بوونی گرووپە کەمینەکاندا، رەنگە کارکردن بە لیستی کراوە سەربکێشێت بۆ پێکهێنانی پەرلەمانێک کە رەنگدانەوە فرەیی کۆمەڵگەکە نەبێت**

●●●

## سکۆت ماسیۆ بۆ گوڵان:

# ئامانجی هەڵبژاردن بریتییە لە میکانیزمێک بۆ جێبەجێکردنی ئیرادەی گشتی لەرێی پێکهێنانی حکومەتەوە



سـکۆت ماسیۆ ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی کیویـن لـە ئەمەریـکاو پسـپۆر و تایبەتمەند لە سـەر ئاکاری دەنگدەران و سیستەمەکانی هەڵبژاردن، بـۆ قسـەکردن لەسـەر ئامانجـی هەڵبـژاردن و رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردەکان، پەیوەندیمان بە پرۆفیسـۆر سـکۆت ماسـیۆکردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

*** بۆچی هەڵبـژاردن بۆتە مۆدێلێك بۆ شـەرعییەتدان بە دەسەڵاتی سیاسیی لە جیهاندا؟**

- ئەوە پرسیارێکی ئاڵۆزە، ئامانجی سازدانی هەڵبژاردنەکان ئەوەیـە پارتە سیاسـییەکان و تێکرای هاوڵاتییـان بتوانن نوێنەرایەتییان هەبێت لە پرۆسە سیاسییەکەدا، واتە لە راستیدا هەڵبژاردن بریتییە لە میکانیزمێك بۆ جێبەجێکردنی ئیرادەی گشتی لە رێی پێکهێنانی حکومەتەوە.

*** ئایـا تەنیا گرتنەبەری دیموکراسـی تاکـە رێگایە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی سیاسی شەرعی؟**

- کارەکانی من پتر پەیوەسـتە بە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی رەفتاری دەنگدەران لە پرۆسـەی دەنگـدان و هەڵبژاردندا، بەڵام لە رووی مێژووییەوە مۆدێلی دیکە و شـێوەی دیکەی رێکخستنی سیاسی بوونیان هەبووە کە لای خەڵکانێك زۆر بە شەرعی و رەوا لەقەڵەم دراون، ئەگەرچی لە رۆژگاری ئێستادا ژمارەی ئەو کەسانە زۆر کەمە کە شێوە رێکخستنەکانی دیکە بە شـەرعی دەزانن، بە دڵنیاییەوە لە جیهانی رۆژئاوادا ئەم تیروانینە لە ئارادانییە.

*** ئایا هۆکارەکانی بوونی شێوە جیاوازەکانی هەڵبژاردن چین و ئایا لە چ رووبەکەوە جیاوازن؟**

- رەنگـە ئێوە مەبەسـتتان بوونی سیسـتەمە جیاوازەکانی هەڵبژاردنە. بە شێوەیەکی گشـتی دوو سیستەم لە ئارادان، یەکێکیان سیسـتەمی زۆرینە و ئەوی دیکەیان سیسـتەمی نوێنەرایەتی رێژەیە، لە سیسـتەمی زۆرینەدا کورسییەکان پەرلەمان بەو شـێوەیە تەرخان دەکرێت کە چ پارتێك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەسـتهێناوە، بەو پێیە هەڵدەستێت بە پێکهێنانی حکومەت. لە کاتێکدا لە سیسـتەمی نوێنەرایەتی رێژەییدا، فرەییەکـی زیاتر لـە حکومەت و دەسـەڵاتی یاسـاداندا بەدی دەکرێت، بە چەشـنێك پێکهاتەی دەسـەڵاتی یاسادان رەنگدانەوەی دەنگدانی گشـتی دەبێت، واتە ئەگەر پارتێکی دیاری کراو لە سـەدا بیسـتی دەنگەکانی بەدەستهێنا، ئەوا لە سەدا ٢٠ی کورسییەکانی دەسـەڵاتی یاسادانان بەدەست دەهێنێت.

*** ئایا لیستی پارتە سیاسییەکان چۆن دەخوێنرێنەوە لەکاتی هەڵبژاردنەکانـدا؟ یاخـود گرنگـی ئەم پارتانـە چییە لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

- لە راستیدا ئەو پرسیارێکی باشە، ئەمە مەسەلەیەکە پەیوەستە بە مێژوویی ئەو پارتە سیاسییەوە کە بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکات لە قۆناغێکی دیاری کرا و لە وڵات و کۆمەڵگەیەکی دیاری کراودا، واتە دەنگدەر دەتوانێت لە بەشێکیدا تیروانینی خۆی لە چوارچێوەی مێژووی ئەو پارتە و هەڵوێسـتەکانیدا، هەروەهـا نزیکی ئـەو پارتە لـە چیـن و گروپەکانی ناو کۆمەڵگـەوە دابرێژێت، بۆ نموونە لە رووی مێژووییەوە پارتی دیموکراتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەوە ناسـراوە کە نزیکە لە ئەمەریکی_ئەفریقییەکانەوە، هەروەها لە چینی ناوەڕاسـت و ئافرەتانەوە، لەکاتێکدا پارتی کۆمارییەکان پتر لە چینی بـاڵاوە نزیکە و پارتێکـی موحافیزکارە و کەمتر لە ئەمەریکی__ئەفریقییەکانەوە نزیکە، واتە ئەم هەڵوێسـت و پابەندبوونە دووردرێژانەی ئەم پارتانە کاریگەرییەکی بەهێز و دیاریان هەیە لە سـەر بیرکردنەوە و هەڵوێستی دەنگدەران لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا.

*** تا چەنـد بوونی بەرنامـە سیاسـییەکان هۆکارێکە بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی دیموکراسی؟**

- ئەمە مەسـەلەیەکی زۆر گرنگە، لە راسـتیدا مەسەلەی بنەڕەتی لە دیموکراتی نوێنەرایەتیدا بریتییە لەوەی دەنگدەران لە سەر بنەما و بناغەی ئەو بەڵێن و بەرنامە و سیاسەتانەی پارتە سیاسـییەکان دەیخەنەڕوو و بانگەشەی ئەوە دەکەن لە کاتی گرتنەدەستی دەسەڵات و حکومڕانێتیدا پیادەی دەکەن، هەڵوێسـت وەردەگرن و بڕیاری ئـەوە دەدەن متمانە و دەنگی خۆیان بـە چ لایەنێك بدەن، واتە گرنگـە پارتەکان بەرنامە و سیاسـەتی خۆیان بە روونی بۆ هاووڵاتییان ئاشکرابکەن، لەسەر تێکڕای پرس و مەسەلەکان.

*** لە سیسـتەمی نوێنەرایەتی رێژەییدا دوو جۆر لیسـتمان هەیە، لیسـتی کراوە و داخراو، ئایـا جیاوازی نێوان ئەم دوو شێوازە چییە؟**

- لە لیستی کراوەدا، هاوڵاتییان و دەنگدەران دەتوانن راستەوخۆ دەنگ و متمانەی خۆیان بەو پاڵێوراو و کەسایەتییە بدەن کە

خوازیاری ئەوەن بگاتە دەسەڵاتی یاسادانان، واتە ئیرادەی ئەوان راستەوخۆ رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پێکهاتەی دەسەڵاتی یاسادانان، بە پێچەوانەوە لە لیستی داخراودا، پارتەکان پێکهاتە و ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان دیاری دەکەن و کۆنترۆڵێکی زیاتریان دەبێت بەسەر مەسەلەی دەستنیشانکردنی ئەو ئەندامانەوە، بۆ نموونە ئەگەر پارتێکی دیاری کراو ٢٠ کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنێت، ئەوا یەکەم ٢٠ کەسی لیستەکەی دەبنە ئەندامی پەرلەمان، ئەمە لە کاتێکدا لە لیستی کراوەدا، دەنگدەران رێگاچارەیەکی زیاتریان لە بەردەمدایە. ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی خراپ یان باشی لیستی داخراوەوە هەبێت، ئەوا بەڵگەی ئەوە لە ئارادایە لە هەندێك لەو وڵاتانەی کاریان بە لیستی داخراو کردووە، پێکهاتەی پەرلەمان پتر رەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگە بووە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارتەکان فرەیی و جیاوازییەکانی کۆمەڵگەیان لەبەرچاوگرتووە، بۆ نموونە رێژەیەکی باشی ئافرەتان و گروپە کەمینەکانیان لە لیستەکانیان جێکردۆتەوە، بەڵام رەخنەش ئەوەشی لێدەگیرێت کە هەڵبژاردن و رێگاچارەیەکی زۆر لە بەردەم دەنگدەراندا ناهێڵێتەوە و دەسەڵاتێکی زیاتر لە دەستی پارتە سیاسییەکاندا کەڵەکە دەکات.

*** ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت سیستەمی رێژەی واتە سیستەمی دیموکراتی پارتە سیاسییەکان؟**

- لە راستیدا زۆربەی جار دیموکراسییەتی نوێنەرایەتی هاوشان لەگەڵ بوونی پارتە سیاسییەکاندایە، چونکە زۆرجار پاڵێوراوە سەربەخۆکان ناسراونین و ناتوانرێت بە چەشنی پارتە سیاسییەکانییان بزانرێت بەرنامە و سیاسەتییان چی دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار پاڵێوراوەکان یاخود ئەندامانی دەسەڵاتی یاسادانان بە تەنیا خاوەنی پێگەیەکی دیار و بەهێزن، بۆ نموونە ئەندامانی هەردوو ئەنجوومەنی نوێنەران و پیرانی ئەمەریکا، ئەمە لە کاتێکدا ئەم حاڵەتە لە کەنەدا یان بەریتانیادا بەدی ناکرێت، واتە پوختەی مەسەلەکە ئەوەیە دەبێت لە چوارچێوەی ئەو بارودۆخ و هەلومەرجەدا ئەم مەسەلەیە هەڵبسەنگێنین کە مەبەستمانە.

سەبارەت بە بەشداری ئافرەتانیش ئەمە دەوەستێتەسەر ئەوەی ئێمە باس لە ئافرەتانی چ کۆمەڵگەیەك دەکەین، بۆ نموونە لە وڵات و کۆمەڵگەیەکی وەك کەنەدا، جیاوازی ئافرەتان و پیاوان لە رووی سیاسییەوە تا رادەیەك بوونی نەماوە، واتە پیاوان و ئافرەتان یەکسانن لە ئاستی بەشداری و بایەخدانی سیاسییاندا و لە زۆرێك لە حاڵەتەکانی دیکەشدا جیاوازییەکانی نێوانیان لە کەمبوونەوە داکشاندایە، بەڵام من ناتوانم لەم رووەوە هیچ لێدوان و لێکدانەوەیەکم لەسەر کۆمەڵگەی عێراق هەبێت، لەبەر ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم بارودۆخەی ئێوە نیم.

**● ئەگەر ئامانجی هەڵبژاردنەکان پێکهێنانی سیستەمێکی سەقامگیر بێت، ئایا تا چەند ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای لیستی پارتەکان لە بەرژەوەندی ئەم ئامانجەدایە؟**

- من پێم وایە سیستەمە جیاوازەکانی هەڵبژاردن بە رادە و ئاستی جیاواز ئامانجە جیاوازەکان بەدی دەهێنن، بۆ نموونە سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی دەبێتەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری گروپەکان نوێنەرایەتیان هەبێت، بەڵام لایەنە سلبیەکەی ئەوەی بەرپرسیارێتی سیاسی تێیدا روون نابێت لە ئەستۆی چ پارت و لایەنێکە، بە پێچەوانەی سیستەمی زۆرینەوە، بەو پێیە هیچ سیستەمێك بێ کەموکوڕتی نییە و هەر یەکەیان ئامانجی جیاواز دەهێننەدی.



●●●
**گرنگە پارتەکان بەرنامە و سیاسەتی خۆیان بە روونی بۆ هاووڵاتییان ئاشکرابکەن، لەسەر تێکڕای پرس و مەسەلەکان**
●●●

●●●
**لە هەندێک لەو وڵاتانەی کاریان بە لیستی داخراو کردووە، پێکهاتەی پەرلەمان پتر رەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگە بووە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارتەکان فرەیی و جیاوازییەکانی کۆمەڵگەیان لەبەرچاوگرتووە**
●●●

●●●
**سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەیی دەبێتەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زیاتری گروپەکان نوێنەرایەتیان هەبێت، بەڵام لایەنە سلبیەکەی ئەوەی بەرپرسیارێتی سیاسی تێیدا روون نابێت لە ئەستۆی چ پارت و لایەنێکە، بە پێچەوانەی سیستەمی زۆرینەوە، بەو پێیە هیچ سیستەمێک بێ کەموکوڕتی نییە**
●●●

## ستیفانۆ گلایەریشۆ بۆ گوڵان:

# بوونی پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی دەنگدەرانە



**پرۆفیسۆر ستیفانۆ گلایەریشۆ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی مەدرید لە ئیسپانیا و پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر سیستەمی هەڵبژاردن و یەکێکە لەو چاودێرانەی بەشداری هەڵبژاردنە نێو دەوڵەتییەکان، بۆ قسەکردن لەسەر سیستەمەکانی هەڵبژاردن و ئامانجی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگە دیموکاتییەکاندا پەیوەندیمان کرد بە پرۆفیسۆر ستیفانۆ و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**• ئامانجەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردن چین و بۆچی بۆتە مۆدێلێك بۆ شەرعییەتدان بە دەسەڵات لە جیهاندا؟**

- ئامانجی سازدانی هەڵبژاردنەکان دوو لایەنەیە، یەکەم، بۆ زامنکردنی گەورەترین نوێنەرایەتی هاوڵاتییانە لە پرۆسەی دارشتنی سیاسەتدا، دووەم، بۆ ئەوەی سیاسییەکان پتر لە ئاستی بەرپرسیارێتیدابن، ئەمەش واتە هەر کاتێك بەرپرسە هەڵبژێدراوەکان لە ئاست بەڵێنەکانی خۆیاندا نەبوون، ئەوا لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنەکاندا لە دەسەڵات دوور دەخرێنەوە، لەبەر ئەم دوو هۆکارە پرۆسەی هەڵبژاردن رواڵەتێکی سەرەکییە لە دیموکراتیەتی نوێنەرایەتیدا.

**• تێکڕای دەسەڵاتەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن لە رێی دیموکراسییەوە دەسەڵاتیان بەدەستهێناوە، ئایا تەنها گرتنەبەری دیموکراسی تاکە رێگایە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتێکی سیاسی شەرعی و رێگەی دیکە لە ئارادانییە؟**

- من لەو باوەڕەدام رێگەی دیکە لە ئارادایە، ئێمە دەتوانین بیر لە سیستەمی دیکە بکەینەوە، بۆ نموونە، سەرکردەکان لەلایەن نوخبەیەکی بچوکەوە لە هاوڵاتییە "رۆشنگەرەکان" هەڵدەبژێردرێن، لەم حاڵەتەدا، زەمانەتی ئەوە نییە سەرکردە هەڵبژێدراوەکان لە بەرژەوەندی تێکڕای وڵاتەکە رەفتار بکەن، ئەگەرچی رەنگە لە لایەن ئەو نوخبەیەوە کۆنترۆڵ بکرێن کە هەڵیبژێردرا، لە بارودۆخێکی لەم چەشنەدا، حکومەت پشتگیری سیاسی نییە و چەسپاندنی دەسەڵاتیش تەنیا لە دژی زۆرینەی هاووڵاتییان بەکاردەهێنرێت.

**• ئایا هۆکارەکانی بوونی شێوە جیاوازەکانی هەڵبژاردن چین و ئایا لە چ روویەکەوە جیاوازن؟**

- هۆکاری سەرەکی هۆکارێکی مێژووییە، نزیکەی تێکڕای وڵاتان پەرەیان بە سیستەمی هەڵبژاردنی خۆیانداوە، بە پێی ئەو هەلومەرجانەی لە هەر قۆناغ و کاتێکی دیاری کراودا رووبەڕوویان بۆتەوە، لەبەر ئەم هۆکارە، هەموو سیستەمێکی هەڵبژاردن لە هەمو شوێنێکدا سەرکەوتوو نابێت، هەروەها هیچ سیستەمێکی هەڵبژاردن بێ کەموکوڕی نییە، هەر لەبەر هەمان هۆکار، رێساکانی هەڵبژاردن بە درێژای کات گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەل و مەرجە سیاسییەکەدا خۆیان بگونجێنن، ئەگەرچی ئەم گۆڕانکاریانە پێویستییان بە کۆدەنگییەکی فراوان هەیە لە نێو تێکڕای هێزە سیاسییەکاندا.

**• سازدانی هەڵبژاردنەکان نیشانەی بوونی دیموکراسییە لە کۆمەڵگەدا، هەر لەبەر ئەمەش لە هەموو سیستەمە سیاسییەکانی ئەمڕۆژگارەدا هەوڵی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەدەن، لەبەر ئەوەی کەس دژی دیموکراسی ناوەستێتەوە، واتە ئێمە چەند جۆری جیاوازی سیستەمی دیموکراسیمان هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە گرنگترین جۆرەکانی سیستەمی هەڵبژاردن چییە؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە هەبێت، جیاوازییە گەورەکە لە نێوان سیستەمی نوێنەرایەتی و سیستەمی رێژەییە، کە تێیدا هەر پارتێکی سیاسی بە پێی ئەو دەرئەنجامانەی لە هەڵبژاردنەکانەوە بەدەستی هێناوە بەشداری لە پەرلەماندا دەکات، لەگەڵ سیستەمی زۆرینە ( هەروەها پێی دەوترێت ئەو سیستەمەی لایەنی سەرکەوتوو کۆنترۆڵی هەموو شتێك دەکات)، کە تێیدا ئەو پارتەی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، زۆرینەی رەهای کورسییەکانی پەرلەمان داگیر دەکات، ئەم دوو سیستەمە بە یەکدادەچن، بە پێی چۆنیەتی رێکخستنی هەڵبژاردنەکانی ویلایەتەکان (موقاتەعەکان)، بە دەربڕینێکی دیکە ئایا ئەو ویلایەتە یان شارە (تەنیا یەك نوێنەر هەڵدەبژێرێت) یاخود چەند نوێنەرێك ( واتە زیاتر لە نوێنەرێك، ئەویش یان لەرێگەی سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەی یاخود سیستەمی زۆرینە)، هەروەها سیستەمەکانی هەڵبژاردن دەگۆڕدرێن بە پێی ئەوەی ئایا سەرۆکی حکومەت راستەوخۆ لەلایەن پەرلەمانی هەڵبژێدراوە دیاری دەکرێت، یان راستەوخۆ لەلایەن دەنگدەرانەوە.

**• یەکێکی دیکە لە نیشانە و رواڵەتەکانی دیموکراسی بوونی سیستەمی فرەیی پارتی سیاسییە، کە تێیدا پارتەکان داوا لە دەنگدەران دەکەن دەنگیان پێبدەن بۆ ئەوەی ببنە نوێنەریان، ئایا لیستی پارتە سیاسییەکان چۆن دەخوێنرێنەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا؟ یاخود گرنگی ئەم پارتانە چییە لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

- بوونی پارتە سیاسییەکان بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی دەنگدەرانە، دواتر لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی پاڵێوراوەکانەوە هەڵدەستن بە وەرگێڕانی ئەو ئیرادەیە، هەروەها لە ڕێی دارشتنی بەرنامە سیاسییەکانەوە، ژمارەی پارتە سیاسییەکان گوزارشتە لە ئاستی هەڵوێستی هاوولاتییان لە ئاست کۆمەڵە پرس و کێشەیەکدا، هەمیشە ئەو ڕاستییە زانراوە کە سەقفەیەك لە نێوان سەقامگیری و نوێنەرایەتیدا بە هۆی ژمارەی پارتە سیاسییەکانەوە دروست دەبێت، لەلایەکەوە ئەگەر پەرلەمان بۆ چەند پارتێکی سیاسی دابەش بوبێت، کە هیچ پارتێکی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست نەهێنابێت، ئەوا بۆ پێکهێنانی حکومەت بە ناچاری دەبێت پەنا بۆ هاوپەیمانێتی ببردرێت، تاوەکو ئاستی جیاوازی نێوان پارتەکانی ناو حکومەتە هاوپەیمانییەکە زیاتر دەبێت، زیاتر ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی ئەو حکومەتە دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە فرەیی پارتە سیاسییەکان زامنی نوێنەرایەتییەکی فراوانتر تێکڕای دەنگدەران دەکات.

**•پارتە سیاسیەکان بەرنامەکانی خۆیان دەخەنەڕوو، ئەمەش هاوشێوەی گرێبەستێکی لە نێوان ئەم پارتانە و دەنگدەراندا، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند بوونی بەرنامە سیاسییەکان هۆکارێکە بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی دیموکراسی؟**

- ئەوە پەیوەستییەکی بەهێزی بە ئاستی ئەو زانیاریانەوە هەیە کە بۆ هاوولاتییان ڕەخساوە و ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر هۆشیاری دەنگدەران، لە هەلومەرجێکدا زانیارییەکی کەم لە ئارادابێت، دەنگدەران ناتوانن حوکم لە سەر میسداقییەتی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان بدەن، هەروەها ناتوانن لەوە بکۆڵنەوە ئایا بە ڕاستی سیاسییەکان ئەو سیاسەتانەیان جێبەجێکردووە کە بەڵێنیان دەدا جێبەجێی بکەن، بەڵام لە حاڵەتی بوونی دەنگدەری هۆشیار و خاوەنی زانیاریدا، پاڵێوراوەکان ئەو ڕاستییە دەزانن کە ناتوانن بەڵێنی بەتاڵ بدەن، هەروەها دوای هەڵبژاردنیش دەنگدەران دەتوانن حوکم لەسەر ئەوە بدەن ئایا بەرنامەی بانگەشە بۆکراوی هەڵبژارنەکان جێبەجێ کراوە یان نا.

**• زۆرجار پارتە سیاسییەکان ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە لیستەکانییاندا دیاری دەکەن، بۆ نموونە لە سەدا ٢٥ یان ٣٠ و یان هەر ڕێژەیەکی تر، ئایا لە حاڵەتی کارکردن بە لیستی کراوە، تا چەند زیان بە بەرژەوەندی ئافرەتان دەکەوێت؟**

- لە حاڵەتی کارکردن بە لیستی کراوەدا چەندین ڕێگاوشێواز هەیە بۆ ئەوەی نوخبەی دەسەڵاتدار، کە عادەتەن لە پیاوان پێکهاتوون، ڕێگە لە هەڵبژاردنی ئافرەتان بگرن، بۆ نموونە، یەکێك لە شێوەکان بەکارهێنانی لیستی کراوەیە، بەڵام ئافرەتان دەخرێنە کۆتای لیستەکەوە، تەنانەت لە حاڵەتی لیستی کراوەشدا، ڕەنگە دەنگدان بە پاڵێوراوە ئافرەتەکان بەلای دەنگدەرانەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە کارێکی پەسەند نەزانن، ئەوەی پەیوەندی بەم پرسەوە هەبێت، ئەوا ڕەنگە دیاری کردنی ڕێژەیەك بۆ ئافرەتان (کۆتا) کاریگەریەکی باشی هەبێت لەسەر فراوانکردنی نوێنەرایەتیکردنی ئافرەتان، بەڵگەی زۆر هەیە لە بارەی ئەوەی لە تێکڕای ئەو وڵاتانی کاری بە سیستەمی کۆتا کردووە، کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە سەر ئەو سیاسەتانەی دواتر جێبەجێکراون، کە زیاتر لە بەرژەوەندی ئافرەتان بووە لەلایەنەکانی پەروەردە، خۆشگوزەرانی و چاودێری تەندروستیەوە.

●●●
**هەموو سیستەمێکی هەڵبژاردن لە هەمو شوێنێکدا سەرکەوتوو نابێت، هەروەها هیچ سیستەمێکی هەڵبژاردن بێ کەموکوڕی نییە، هەر لەبەر هەمان هۆکار، ڕێساکانی هەڵبژاردن بە درێژای کات گۆڕانکارییان بەسەرداهاتووە**
●●●

●●●
**لە هەلومەرجێکدا زانیارییەکی کەم لە ئارادابێت، دەنگدەران ناتوانن حوکم لە سەر میسداقییەتی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان بدەن، هەروەها ناتوانن لەوە بکۆڵنەوە ئایا بە ڕاستی سیاسییەکان ئەو سیاسەتانەیان جێبەجێکردووە کە بەڵێنیان دەدا جێبەجێی بکەن**
●●●



ئیندری ئیندریاسۆن (تایبەتمەند لەسەر سیستەمەکانی هەڵبژاردن) بۆ گوڵان:

# یەکێک لە نموونەکانی لیستی کراوە بەرازیلە، لەبری ئەوەی بیر لە پەرەپێدانی بەرژەوەندی گشتی بکرێتەوە، هەوڵی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی گرووپێکی دیاری کراو دەدرێت

زۆرجار لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە پارتێکی دیاری کراو ناتوانێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت و حکومڕانێتی بکات، لەم حاڵەتەدا دەبێت پەنا بۆ سازش و ڕێککەوتن ببەن کە زۆرجار بە دەرئەنجامێک دەگات دەبێتە مایەی نائومێدی دەنگدەران

**• ئایا سیستەمی باو بۆ هەڵبژاردن لە دەوڵەتانی دیموکراتیدا کام سیستەمە؟**

- گرنگترین و باوترین سیستەم، بریتییە لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی کە تێیدا تێکڕای پارت و لایەنەکان هەر یەکە بە پێی قەبارەی خۆی بەشداری دەکات لە سیستەمەکەدا، واتە ڕەنگدانەوەی تەواوی لایەن و پێکهاتەکانە، کە زۆرجار دەبێت پەنا ببەنەبەر ڕێککەوتن و سازشکردن لەگەڵ یەکدا، لە لایەکی دیکەوە سیستەمی زۆرینەمان هەیە کە زۆرجار تەنها دوو پارتی سەرەکی هەیە و لە ململانێدان.

**• لەم سیستەمەدا ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان چییە؟**

- پارتە سیاسییەکان هەڵدەستن بە خستنەڕووی بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆیان بۆ دەنگدەران، هەڵدەستن بە پەرەپێدان و ڕوونکردنەوەی بیروبۆچوونەکان و خستنەرووی ئەوەی دەبێت چ سیاسەتێك بگیرێتەبەر، واتە ئەوان توخمێکی گرنگن لە پرۆسەکەدا.

زۆرجار لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە پارتێکی دیاری کراو ناتوانێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت و حکومڕانێتی بکات، لەم حاڵەتەدا دەبێت پەنا بۆ سازش و ڕێککەوتن ببەن کە زۆرجار بە دەرئەنجامێك



**پرۆفیسۆر ئیندری ئیندریاسۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کالیفۆرنیا و پسپۆڕ تایبەتمەندە لە ستراتیژییەتی دەنگدان و ململانێی سیاسیی لە سیستەمەکانی هەڵبژاردندا، هاوپەیمانی لە سیستەمی دووخولی هەڵبژاردن و هاوپەیمانی پارتە سیاسییەکان لەسیستەمی هەڵبژاردندا، بۆ قسەکردن لەسەر شێوە باوەکانی سیستەمی هەڵبژاردن و لایەنە باش و خراپەکانی لیستی کراوە و داخراو پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر ئیندری ئیندریاسۆن کردوو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

دەگات دەبێتە مایەی نائومێدی دەنگدەران، لەبەر ئەوەی لە کاتی گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ پارتەکانی دیکە و لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ڕاستییە سیاسییە سەختەکاندا ناچارن ئەو بەڵێنانە بشکێنن کە لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بە هاوڵاتیانیان داوە.

**• پارتە سیاسییەکان بەرنامەکانی خۆیان دەخەنەڕوو، ئەمەش هاوشێوەی گرێبەستێکی لە نێوان ئەم پارتانە و دەنگدەراندا، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند بوونی بەرنامە سیاسییەکان هۆکارێکە بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی دیموکراسی؟**

- جۆری سەرکردە سیاسییەکانی ئەم پارتانە لەم ڕووەوە گرنگی خۆیان هەیە، بۆ نموونە دەبێت ڕێز لە بەها دیموکراسییەکان بگرن، بە پێی ڕێسا دیموکراسییەکان کاربکەن، ووردتر و ڕوونتر بدوێن، دەبێت سەرکردەکانی خودی ئەم پارتانە بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردرابێتن، چونکە ئەگەر لە ژیانی ناوخۆی ئەم پارتانە دیموکراسی پەیڕەو نەکرێت چۆن چاوەڕێ دەکرێت ئەم پارتانە لە هەڵبژاردنەکاندا بە شێوەیەکی دیموکراسی هەڵسوکەوت بکەن.

**• لە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییدا دوو جۆر لیستمان**

**هەیە، لیستی کراوە و داخراو، بە تیڕوانینی ئێوە لایەنە خراپەکانی لیستی داخراو چین و بۆچی هەندێ لە خەڵکی قبوڵی دەکەن؟**

- لایەنە سلبییەکانی لیستی داخراو ئەوەیە دەسەڵاتێکی زیاتر بە پارتە سیاسییەکان دەدات، واتە پارتەکان هەڵدەستن بە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئەندامانی پەرلەمان. لایەنە خراپەکانی لیستی کراوە ئەوەیە زۆرجار سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی لیستێك لەسەر بنەمای خێڵ و خزمایەتی کە لەم حاڵەتەشدا لەبری ئەوەی بیر لە پەرەپێدانی بەرژەوەندی گشتی بکرێتەوە، هەوڵی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی گرووپێکی دیاری کراو دەدرێت، ئەم حاڵەتە بە روونی لە بەرازیلدا بەدی دەکرێت کە کار بە لیستی کراوە دەکات. کەواتە هەر یەکەیان لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە، ئەمەش دەوەستێتەسەر سیاق و هەل و مەرجەکە، بۆ نموونە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا کار بە لیستی کراوە بکرێت کە خزمایەتی و مەحسوبیەت بەربڵاو بێت، ئەوا رەنگە دەرئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە، بەڵام ئەگەر سیاسەت لە بەرژەوەندی تایبەتی و خێزانی جیاکرایەوە رەنگە بە دەرئەنجامێکی خراپ کۆتایی نەیەت.

**• زۆرجار ئەو کەسانەی خۆیان دەپاڵێون بۆ هەڵبژاردنەکان، خۆیان لەسەر لیستێکی دیاری کراو ناپاڵێون، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەوان بەرنامەیەکی سیاسییان نەبێت بە چەشنی پارتە سیاسییەکان، پشت بە چی دەبەستن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- لەم حاڵەتەدا پتر پشت بە کەسایەتی خۆیان دەبەستن، رەنگە لەم کاتانەدا ئەو بیرۆکە و بەرنامەیە زۆر گرنگ نەبێت کە بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو ئەوە گرنگە کە چ کەسایەتییەی هەیە و تا چەند سەرکەوتووە لە لێدوان و ووتارەکانیدا بۆ رای گشتی، چونکە لە لیستی کراوەدا کەمتر ئینتیمای سیاسی پاڵێوراوەکان لەبەرچاو دەگیرێت.

**• زۆرجار پارتە سیاسییەکان رێژەی بەشداری ئافرەتان لە لیستەکانیاندا دیاری دەکەن، بۆ نموونە لە سەدا ٢٠ یان ٢٥ و یان هەر رێژەیەکی تر، ئایا لە حاڵەتی کارکردن بە لیستی کراوە، تا چەند زیان بە بەرژەوەندی ئافرەتان دەکەوێت؟**

- رەنگە نەتوانین لە کاتی کارکردن بە لیستی کراوە زەمانەتی ئەوە بکەین ئافرەتان نوێنەرایەتییەکی گونجاو دەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت پێشتر رێژەیەك بۆ ئافرەتان یاخود کەمینەکانی دیکە دیاری بکرێن، ئەگەرچی رەنگە ئەمەش کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوەی دەرئەنجامەکان بە شەرعی بناسرێن.

**• ئەگەر ئامانجی هەڵبژاردنەکان پێکهێنانی سیستەمێکی سەقامگیر بێت، ئایا تا چەند ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای لیستی پارتەکان لە بەرژەوەندی ئەم ئامانجەدایە؟**

- ئەمە زیاتر دەوستێتەسەر ئەوەی ئایا پارتەکان پێیان وایە دەنگیان دەبێت، رۆڵیان دەبێت لە پرۆسەی حکومڕانی و بڕیارداندا، کە لەم کاتەدا بەرژەوەندیان دەبێت لە پاراستنی سەقامگیری سیستەمەکەدا.

●●●

**زۆرجار لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە پارتێکی دیاری کراو ناتوانێت زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی حکومەت پێکبهێنێت و حکومڕانێتی بکات، لەم حاڵەتەدا دەبێت پەنا بۆ سازش و رێککەوتن ببەن کە زۆرجار بە دەرئەنجامێک دەگات دەبێتە مایەی نائومێدی دەنگدەران**

●●●


●●●

**لایەنە خراپەکانی لیستی کراوە ئەوەیە زۆرجار سەردەکێشێت بۆ دروستبوونی لیستێک لەسەر بنەمای خێڵ و خزمایەتی کە لەم حاڵەتەشدا لەبری ئەوەی بیر لە پەرەپێدانی بەرژەوەندی گشتی بکرێتەوە، هەوڵی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی گرووپێکی دیاری کراو دەدرێت**

●●●



# پارتە سیاسییەکان توخمی سەرەکی بونیادی دیموکراتی و دیاردە رەخنە لێگیراوەکەی بەرچاوی خەڵکن



(جۆرج واشنتۆن) پارتی سیاسیی وەک دوژمنی سەرەکی بۆ حکومەتی میللی سەیر دەکرد و بەردەوام گەلی ئەمریکای لەو ئاکامە ترسناکانە ئاگادار دەکردەوە کە پارتی سیاسی دروستیدەکات

کە دەڵێن پارتە سیاسیەکان بەدیلیان بۆ دروست نابێت، مانای ئەوەنییە بەبێ پارتی سیاسیی، هەڵبژاردن ناکرێت، مانای ئەوەنییە پرۆسەی دیموکراتی پیادە ناکرێت، بەڵکو بەو مانایەی بەبێ بوونی پارتی بەهێزیی دیموکراتی، ئەو سیستەمە سیاسیەی بەرهەمدێت، با پێشی بگوترێت، حکومەتی میللی، یان دەرچوونی سەرکردەی خاوەن جەماوەر لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام دروستبوونی حکومەتی میللی، یان دەرچوونی سەرکردەی خاوەن جەماوەر لە هەڵبژاردنەکاندا، سیستەمی سیاسیی وڵات رووبەرووی فەسادی سیاسیی دەکاتەوە

کە باسی دیموکراتی دەکرێت، پارتە سیاسیەکان ئەو دوو وشەیەن کە لە هەموو بوارێکی ئەم پرۆسەیەدا دووبارە دەبێتەوە، بۆیە پارتە سیاسیەکانی ناو سیستەمی دیموکراتی چۆن هەموو پێکەوە گرنگی هاوبەشیان هەیە لەو پرۆسەیەدا، بە هەمان شێوە ئاستەنگ وگرفتی هاوبەشیش رووبەڕوویان دەبێتەوە. لە دەستپێکەوە لەسەر دوو خاڵی گرنگ رادەوەستین کە دەبنە دەروازەیەکی سادە بۆ ناو باسێکی ئاڵۆز و هەردوو خاڵەکەش دەبنە ئەو خاڵەی کۆمەڵێك پرسیاری هەمە جۆر دەورووژێنن:

١- لە ناو جیهانی دیموکراتیدا پارتە سیاسیەکان رووبەڕووی تەنگژەیەکی قووڵدەبنەوە، ئەم تەنگژەیە بریتیە لە سەیرکردنی هاووڵاتیان بۆ ئەو پارتە سیاسیانە وەك دیاردەیەکی بێزراو. واتە لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا ئەو لایەنەی رووبەڕووی زۆرترین رەخنە دەبێتەوە پارتە سیاسیەکانن، ئەو لایەنەی لە هەر دامەزراوەیەکی دیکە زیاتر لە لایەن هاووڵاتیانەوە وەك دامەزراوەیەکی بێزراو سەیر دەکرێن پارتە سیاسیەکانن.

٢- خاڵی پێچەوانەی ئەو واقیعەی ناو کۆمەڵگەی دیموکراتیش ئەوەیە،پارتە سیاسیەکان رۆڵیکی بەردەوام و کاریگەر لە سیستەمە دیموکراتیەکاندا دەگێڕن، لە نێو ئەو سیستەمەدا هیچ ئەلتەرناتیفێك جێگەی پارتە سیاسیەکان ناگرێتەوەو ئەلتەرناتیفیشیان بۆ دروست ناکرێت، ئەمەش واتە،بەدرێژایی نزیکەی ٢سەدە، بەبێ بوونی پارتی سیاسیی دیموکراتیەت سەرکەوتووە،ئەمە لە کاتێکدا هەربۆنموونە لە دەستووری ئەمریکادا نەك بوونی پارتە سیاسیەکان وەك پێویستیەك ئاماژەی پێنەکراوە، بە ڵکو (جۆرج واشنتۆن) پارتی سیاسیی وەك دوژمنی سەرەکی بۆ حکومەتی میللی سەیر دەکرد و بەردەوام گەلی ئەمریکای لەو ئاکامە ترسناکانە ئاگادار دەکردەوە کە پارتی سیاسی دروستیدەکات.بەڵام پێداویستی بەردەوامبوونی حکومەتە دیموکراتیەکە و رێگرتن لە فەسادی سیاسیی، دروستکردنی پارتی سیاسیی بە پێویست زانی، هەربۆیە بە دەرکەوتنی بزاڤە پێشکەوتووەکان بۆ هەڵکێشانی رەگی فەسادی سیاسیی لە نێو حکومەت و بەرەنگاربوونەوەی لەلایەن ئەو کەسانەی بیروبۆچوونی ئەنتی پارتەکانیان هەبووە، دیاردەی فرە حزبی وەك پێداویستیەکی کۆمەڵگە سەریهەڵدا.

٣- دەربارەی ئەم دووخاڵە، یەکەم تێڕوانینی بێزراوی خەڵك بۆ پارتە سیاسیەکان، دووەم، پێداویستی پارتە سیاسیەکان وەك پێویستیەکی سەرەکی بۆ بونیادی دیموکراتی، داڤید ۆڵاك سەرۆکی دامەزراوەی نیشتمانی دیموکراتی بۆ کاروباری نێو دەوڵەتی دەڵێت : ( زۆربەی پارتە سیاسیەکان لە جیهانی دیموکراتیدا، چ ئەو پارتانەی بۆ بونیادی دیموکراتی کاردەکەن و ئامانجیان بونیادی دیموکراتیە، چ ئەو پارتانەیش کە بۆ ئەوە دروست بوون تەنها سیستەمی فرە پارتایەتی لە وڵاتدا هەبێت،بەرەنجامی ئەو تەنگژەیەن و لەو تەنگژەیەوە هاتوونە ئاراوە، هەربۆیە کە لەسەر ئاستی جیهان سەیری تێڕوانینی هاووڵاتیان بۆ پارتە سیاسیەکان دەکەین، هەست دەکەین نائومێدی پێوە دیارە، ئەم حاڵەتە بەرەنجامی ئەو راپرسیانەش پشتگیری لێدەکات کە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامدەدرێن، و لاوەکان کەمتر دەخوازن ئەندامی پارتە سیاسیەکان بن، یان لەگەڵ پارتە سیاسیەکان هاوکار بن.) ۆڵاك وێڕای ئەم تێڕوانینەی لەسەر ئاستی جیهان ئاماژەی پێدەکات، بەڵام دیسان جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە، نابێت ئەمە بەو مانایە تەفسیر بکرێت کە بوونی پارتە سیاسیەکان پێویست نیین، بەڵکو هەتا ئێستاش پارتە سیاسیەکان لە بونیادی دیموکراتی بە دیلیان نیە و بەدیلیشیان بۆ دروست نابێت.

بێگومان کە دەڵێن پارتە سیاسیەکان بە دیلیان بۆ دروست نابێت، مانای ئەوەنییە بەبێ پارتی سیاسیی، هەڵبژاردن ناکرێت، مانای ئەوەنییە پرۆسەی دیموکراتی پیادە ناکرێت، بەڵکو بەو مانایەی بەبێ بوونی پارتی بەهێزیی دیموکراتی، ئەو سیستەمە سیاسیەی بەرهەمدێت، با پێشی بگوترێت، حکومەتی میللی، یان دەرچوونی سەرکردەی خاوەن جەماوەر لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام دروستبوونی حکومەتی میللی، یان دەرچوونی سەرکردەی خاوەن جەماوەر لە هەڵبژاردنەکاندا، سیستەمی سیاسیی وڵات رووبەرووی فەسادی سیاسیی دەکاتەوە، دەربارەی ئەم مەسەلە گرنگە پرۆفیسۆر سانفۆرد .دی.هرۆیت لە باسێکیدا بە ناونیشانی (پارتە سیاسیەکان و راگواستن بۆ دیموکراتی ) دەڵێت: (لەگەڵ ئەوەی لە دەستووری ئەمریکیدا ئاماژە بە پارتی سیاسیی نەکراوە و لەگەڵ ئەوەی دامەزرێنەرانی وڵات مەزنەدەی ئەوەیان نەکردووە بوونی هەبێت، بەڵام پارتە سیاسیەکان زۆر خێرا دروستبوون، وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پێداویستیە سەرەکیەکان، وەك ( هاوکاریکردن بۆ رێکخستنی ئەولەویاتی ئەنجوومەنی یاسادانان —پەرلەمان- دیاریکردنی پاڵێوراوی بەدیل بۆ پەرلەمانتاران، دیاریکردنی سیاسەتی بەدیل بۆ حکومەت، برەودان و بڵاوکردنەوەی چەمکی لێپرسینەوەی زۆرینە لە ناو پەرلەمان و حکومەتدا،هەروەها هەر ئەم پێداویستیە سەرەکیانە بوون کە لەسەدەی ١٩ لە ناو پەرلەمانی بەریتانیادا بوونە هۆکاری دروستبوونی پارتی سیاسیی نیشتمانیی).

سەبارەت بەم پێداویستیە گرنگەش بۆ بوونی پارتە سیاسیەکان، پرۆفیسۆری رۆژنامەنووس داڤید بۆردەر بەمجۆرە باسی لێوەدەکات :
( پارتە سیاسیەکان ئەو دامەزراوەیەن کە ئەرکی پۆلێنکردنی داواکارییە جیاوازەکانی تاکەکان و گرووپەکان و بەرژەوەندی و ناوچەکانە، چەندی لە توانایدا هەبێت هەوڵدادەت جیاوازیەکان لیکنزیکبکاتەوە و پێکەوە بیانگونجێنێ، پاشان رێکیاندەخات و بۆ وەرگرتنی پۆستە گشتیەکان ململانێی لەسەردەکرێت،لەم حاڵەتەدا پارتە سیاسیەکان دەبنە ئامرازی پەیوەندی نێوان دەنگدەر وپاڵێوران بۆ حکومرانی، هەربۆیە کاتێك پارتە سیاسیەکان بە رێکوپێکی ئەرکی سەرشانیان پیادەبکەن، دەبینین ئەرکی یەکپارچەیی و راشکاوی بۆ نیشتمان دەگێڕن) .

کەواتە ئەم راپۆرتە کار لەسەر دوولایەنی گرنگی توخمێکی سەرەکی بونیادنەری دیموکراتی دەکات کە ئەویش پارتە سیاسیەکانە، لە هەمان کاتدا کار لەسەر توخمێك دەکات کە هاوڵاتیان بە چاوێکی بێزراو سەیری دەکەن، شارل دیگۆل کە سەرکردەی نەتەوەیی نەك فەرنسا بەڵکو تێکڕای فرانکفۆنییەکانیش بوو، لەدوای رزگارکردنی فەڕەنسا لە شەڕی دووەمی جیهانی و دامەزراندنەوەی کۆماری پێنجەم، بە هاوشێوەی جۆرج واشنتۆنی سەدەی هەژدەهەم سەیری پارتە سیاسیەکانی دەکرد و پارتی سیاسیی بە سەرچاوەی ناسەقامگیری فەرەنسا لەقەڵەم دەدا، بەڵام هەر بۆچوونی دیگۆل ودیگۆلیەکان و پێداویستیە سەرەکیەکانی دیموکراتی فەرەنسا جارێکی دیکە فرە پارتایەتی لە فەرەنسادا دروستکردەوە.

کەواتە ئەوانەی پشتگیری لە بوونی پارتی سیاسیی دەکەن بۆ بونیادی دیموکراتی و ئەوانەشی دژی بوونی پارتی سیاسین لە کۆمەڵگە، هەردوولا لەسەر پاشخانێکی مێژوویی قسەدەکەن، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاواز و بۆ ٢ مەبەستی جیاواز کە بریتین لە:

١- ئەوانەی پشتگیری لە بوونی پارتی سیاسیی دەکەن وەك توخمێکی سەرەکی بۆ بونیادی دیموکراتی، لەو باکگراوەندە مێژووییەوە ئاماژە بە راستیەکان دەکەن، کە لە سەرەتای سەدەی هەژدە ونۆزدەهەم و تەنانەت دیگۆل لەسەدەی بیستەم، دژی بوونی پارتی سیاسیی بوون، بەڵام پێداویستیە سەرەکیەکانی بەردەوامی دیموکراسی و حکومرانی باش و بونیادی دامەزراوەیی سیاسیی، بوونە هۆکار بۆ دەرکەوتنی پارتە سیاسیەکان و مییژووی ٢ سەدەی رابردوش دەریخستووە، کە دیموکراتیەت یان حکومرانی باش بێ بوونی پارتە سیاسیەکان بوونی نەبووە، بۆیە

کاتێك باس لە پارتی سیاسی دەکرێت بۆ بونیادی دیموکراتی، مەرجی پێویست بۆ ئەو پارتانە دادەنرێت کە دەتوانن رۆڵی کاریگەر و ئیجابی لە پرۆسەی دیموکراتیدا بگێڕن.

٢- ئەوانەی دژی بوونی پارتی سیاسیین، هەوڵدەدەن لەبری پارتە سیاسیەکان وەك سەرکردەی جەماوەری دەربکەون و حکومرانی بەهێزیش پیادە بکەن، ئەمە ئەو کەسانەن کە خەو بە دیکتاتۆریەتەوە دەبینن، وەك یەلتسن لە روسیا، فۆجیمۆری لە پیرۆ، شافێز لە فەنزیولا، موشەرەف لە پاکستان،زۆری تریش . ئەم سەرکردانە یان پاشماوەی ئەو سەرکردانەن کە لەسەر مۆدێلی ستالینی لە پێناسەی حکومەت و حکومڕانی تێگەیشتوون، یان سەرکردەیەکی سەربازی وەك ژەنراڵ پەروێز موشەرەفن، هەربۆنموونە یەلتسن ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسیی روسیا نەبوو، لە پیرۆ و فەنزویلا، شافێز و فۆجیمۆری کارێکیان کردووە، کە پارتە سیاسیەکان وەك پارتی دەستەبژێرو گەندەڵ سەیر بکرێن، لە پاکستان سیستەمی پارتە سیاسیەکان بە ئاستێك متمانەی خۆیان دۆڕاندبوو، هەتا گەیشتە ئەو ئاستەی کە شەرعیەتی کودەتای سەربازی پەسەند بکەن،ئەمە خاڵێکی ئێکجار گرنگە کە سەرکردە پۆپۆلیستیەکان هەوڵدەدەن دیموکراتیەتی پێ لەباربەرن و لەسەر خۆڵەمێشی بێ متمانەیی پارتە سیاسیەکان دیکتاتۆریەت بونیاد بنێنەوە.جوانترین نموونەی ئەم دروستکردنەوەیە،پارتە سیاسیەکانی بەنگلادیشە، راستە هاووڵاتیانی بەنگلادیش زۆر بە گەرمی پشتگیری پارتە سیاسیەکان دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام دەبینین سیاسەتی هەڵەی بەنگلادیش رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو هەژاری زیاتر دەبات،هۆکاری ئەمە چیە؟ لەوەڵامدا واقیعی بە نگلادیش پێمان دەڵێت سەرکردە سیاسیەکان لە دیکتاتۆریەتی سەربازیەوە گۆڕدراون بۆ سەرکردەی جەماوەری نەك پارتی جەماوەری، پێمان دەڵێت سەرکردە سیاسیەکانی بەنگلادیش زۆر کەم بۆ بونیادی دیموکراتی فێربوون، ئەو سەرکردانی چەندین ئاستەنگیان لەبەردەم پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتە دروستکردووە،هەربۆنموونە:

أ- مەرکەزیەت لە دروستکردنی بریاردا.

ب- نەبوونی دامەزراوەکان .

ت- نەبوونی رای گشتی بۆ یەکخستن و پۆڵینکردنی پرانسیپەکان.

ث- لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا، میدیاکان هەوڵدەدەن، تەفزیلی کاندیدە سەربەخۆکان بکەن بەسەر حزبەکاندا.

ئەم نموونانە بۆ ئەم راپۆرتە پێویست بوون، نەك بەو مانایەی پارتە سیاسیەکانی کوردستان کەموکورتیان نییە و ئامانجی ئەو راپۆرتە ئەوەیە کە بەرگری لە پارتە سیاسیەکان بە گشتی و پارتی دەسەڵاتدار بە تایبەتی بکات، یان مەبەستی بێت بە خوێنەرانی بڵێت، رەخنە لە پارتە سیاسیەکان مەگرن لەبەر ئەوەی توخمی سەرەکی پرۆسەی بونیادی دیموکراتین، نەخێر مەبەستمان ئاشکرایەو دەمانەوێت راشکاوانە بە خوێنەری خۆمان بڵێین، :

١- دەبێت بەردەوام رەخنە لە پارتە سیاسیەکانی کوردستان بگرین، بۆ ئەوەی لە ناو خودی پارتە سیاسیەکاندا دیموکراسیەت دروست بێت، هەر پاتێکی سیاسیی لە ناو خودی خۆیدا بروای بە دیموکراسی نەبێت ناتوانێت لە بونیادی دیموکراسی کۆمەڵگەدا توخمی سەرەکی بێت.

٢- دەبێت پارتە سیاسیەکان هۆکارێك بن بۆ پۆلێنکردنی جیاوازیەکانی تاك و گرووپەکان و رێکخستنی ئەو جیاوازیانە بۆ ململانێ و وەرگرتنی پۆستە گشتیەکان.

٣- دەبێت پارتەکان، پارتی بەهێز بن بۆ چەسپاندنی دیموکراتی، نەك پارتی بەهێز بن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەم حاڵەتە چەواشەکردنی دیموکراسیەتە، بەر هەمهێنانەوەی هیتلەر و میلۆسۆڤیچێکی دیکەیە.

٤- دەمانەوێت بە خوێنەرانی خۆمان بڵێین، ئەوانەی بانگێشە بۆ نکۆلیکردن لە پارتە سیاسیەکان دەکەن و کار بۆ دەرکەوتنی سەرکردەی جەماوەریی دەکەن، ئەوانە پێیان خۆش بێت یان نا، هەوڵدەدەن لاسایی فۆجیمۆری و شافێز و......بکەنەوە، ئەمەش لە گۆڕنانی دیموکراتی و پێشوازیکردنە لە دیکتاتۆریەت، ئەوانەی بانگێشە بۆ ئەم چەمکانە دەکەن، بە بەزمانی سەردەم و وەك سیاسەتمەدارێکی بەرپرسیار لەبەردەم میللەتی خۆی، نموونەیەکی سەرکەوتوویی ئەو سیاسەتە بۆ میللەتی خۆی ئاشکرا بکات و ئامانجە شاراوەکانی بۆ میللەتی خۆی ئاشکرا بکات، بۆیە ئەم راپۆرتە پەردە لەسەر ئەو مەترسیانەش لادەبات، ئەوجا دەگەڕێتەوە سەر ئەو مەترسیانەی لاوازی دیموکراتیەتی ناو پارتە سیاسیەکان، بۆ پرۆسەی دیموکراتی هەرێمی کوردستان دروستیدەکات.

### ئەو سەرکردە پۆپۆلیستیانەی دژی پارتە سیاسیەکانن دامەزراوەکانی دیموکراسی رووبەڕووی بێ متمانەیی دەکەنەوە

ئەو سەرکردە سیاسیانەی بە بوونی دیموکراتی (تا) دایاندەگرێت، بۆ لە ناوبردنی دیموکراتی پەنا بۆ ئەو فاکتەرانە دەبەن کە دیموکراتی پێ بونیاد دەنرێت، پەنا بۆ ئەو فاکتەرانە دەبەن کە زەمینەی دیموکراتی دروست دەکات، هەوڵدەدەن بەرێگەی یاریکردن بە هەست وسۆزی خەڵك ئەو بنەمایە بڕووخێنن، کەبۆتە زەمینەیەکی لەبار بۆ دیموکراسی، ئەم حاڵەتە بە تەنها لە کوردستان بەو شێوەیە نییە، بەڵکو لە هەر وڵاتێك خواستێکی شێتانەی سەرکردەیەکی پۆپۆلیستی هەبێت، ئەم مەترسیانە هەن، بۆیە ئەم راپۆرتە راشکاوانەتر لەوەی خوێنەر چاوەڕێی لێدەکات، بەو خەڵکانە دەڵێت، کە بانگێشە بۆ نەبوونی حزب لە کۆمەڵگە دەکەن، یان خۆیان بە تۆراو لە حزبەکانیان پیشانی جەماوەر دەدەن، هۆکاری تۆرانەکەشیان بۆ ئەوە دەگێڕنەوە پارتەکان سەرچاوەی گەندەڵین و بۆیە لە حزبەکانیان تۆراون لەبەر ئەوەی تەحەمولی ئەو گەندەڵییەیان نەکردووە،ئێستاش حزب وەك پێویستیەك سەیر ناکەن بۆ بونیادی دیموکراتی و پێشنیاری دروستبوونی سەرکردەی پۆپۆلیستی دەکەن، بۆیە ئەم راپۆرتە هەوڵیداوە ئەو پرسیارانە بوروژێنێت کە هەتا ئێستا نەورووژێنراون :

١- ئایا لە خۆمان پرسیوە لە وڵاتێکی دوای شەری ناوخۆدا،چۆن هەنگاو هەڵدەگیرێت بۆ دیموکراتی، ئایا شەڕی ناوخۆ لەو وڵاتە بە پێی چ رێککەوتنێك کۆتایی هاتووە و دەبێت چۆن لەگەڵ ئەو رێککەوتنە مامەڵە بکرێت؟

ئەم پرسیارە تەنها بۆ سەرکردە سیاسیەکانی پارتی ویەکێتی نییە، بەڵکو بۆ سەرکردە و ئەندامانی تێکڕای پارتە سیاسیەکانی کوردستانە،بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستانە، شاردنەوەی ئەو راستیە، یان خۆلادان لە وەڵامی ئەو پرسیارەی چۆن مامەڵە لەگەڵ هاوسەنگی و رێککەوتنی ئاشتی نێوان پارتی ویەکێتی دەکرێت،ئەمە یاریکردنە بە ئاگر، ئەم راشکاویە مەسەلەیەك نییە تەنها تایبەت بێت بە کوردستان، بەڵکو بنەمایەکە بۆ هەموو ئەو دەوڵەت و گەلانەی پاش شەڕی ناوخۆ هەنگاو بۆ دیموکراتی هەڵدەگرن، ئێستا لە عێراقدا بۆیە ناتوانین باس لە دیموکراتی بکەین، لەبەر ئەوەی پرۆسەی سیاسیی پێکهاتنەوەی نیشتمانی سەرینەگرتووە، هەربۆیە دابەشبوونێکی ئەمری واقیع لە عێراقدا هەیە،ئێستاش لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ئەم دواییەش، کورد دەنگی بە کورد داوە، عەرەبی سونە دەنگی بە عەرەبی سونە داوە، عەرەبی شیعەش دەنگی بە عەرەبی شیعە داوە، گۆڕانکارییەکان لە ناو پێکهاتەکاندان، لەسەر ئاستی نیشتمانی نین، هەربۆ نموونە، لە ناوشیعە هەندێك لایەن لە چاو هەڵبژاردنەکانی پێشووی ٢٠٠٥ دەنگی کەمتر یان زیاتر هێناوە، بەڵام دەنگەکان لە بازنەی کورد وشیعەو سونە

●●●

**داڤید ۆڵاک دەڵێت، هەتا ئێستاش پارتە سیاسیەکان لە بونیادی دیموکراتی بە دیلیان نیە و بەدیلیشیان بۆ دروست نابێت**

●●●

●●●

**شارل دیگۆل کە سەرکردەی نەتەوەیی نەک فەرەنسا بەڵکو تێکڕای فرانکفۆنییەکانیش بوو، لەدوای رزگارکردنی فەڕەنسا لە شەڕی دووەمی جیهانی و دامەزراندنەوەی کۆماری پێنجەم، بە هاوشێوەی جۆرج واشنتۆنی سەدەی هەژدەهەم سەیری پارتە سیاسیەکانی دەکرد و پارتی سیاسیی بە سەرچاوەی ناسەقامگیری فەرەنسا لەقەڵەم دەدا، بەڵام هەر بۆچوونی دیگۆل و دیگۆلیەکان و پێداویستیە سەرەکیەکانی دیموکراتی فەرەنسا جارێکی دیکە فرە پارتایەتی لە فەرەنسادا دروستکردەوە**

●●●

●●●

**ئەوانەی دژی بوونی پارتی سیاسیین، هەوڵدەدەن لەبری پارتە سیاسیەکان وەک سەرکردەی جەماوەری دەربکەون و حکومرانی بەهێزیش پیادە بکەن، ئەمە ئەو کەسانەن کە خەو بە دیکتاتۆریەتەوە دەبینن، وەک یەلتسن لە روسیا، فۆجیمۆری لە پیرۆ، شافێز لە فەنزیولا، موشەرەف لە پاکستان**

●●●

دەرنەچوون.،ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە ڕێککەوتنێك بۆ کۆتایی هاتن بە شـــەڕی ناوخۆ و پێکهاتنەوەی نیشتمانی بوونی نییە،ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو کە وای لە خەڵکی شیعە کرد، بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پارێزگاکان بێئومێد بن و بەرەو هەڵبژاردن گەرم و گوڕ نەبن و ڕێژەیەکی زۆریش هەر نەچوون بۆ دەنگدان.لەم راستیەدا و پێش ئەوەی بێینە سەر ئەو ئاکامە خراپانەی کە هەڵبژاردن بە خۆیەوەی دەبینێ. لەم روانگەیەوە بەشێك لەو حزبە سیاسیانەی کوردستان لە هەوڵی نائومێدکردنی خەڵکی کوردســـتانن و ئەو گوڕو تینەی بۆ نیشـــتمان هەیەتی، لێی دەکوژن و ئینتیما نیشتمانییەکەیشی دەخەنە ژێر پرسیارەوە!!بەڵایەتی کە بە ئاشکرا دەیانەوێت ئارامی کوردستان بشـــلەقێنن، ئەویش بە ڕێگای ئەوەی کە بەردەوام دەنووسن و دەڵێن:

• ئامانجی ئێمە ئەوەیە هاوســـەنگی نێوان پارتی ویەکێتی تێکبدەین و ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی ویەکێتی کۆتایی پێبێت.
• دروســـتکردنی بێ متمانەیی بە دامـــەزراوە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان.
• نائومێدکردنی خەڵك لە پرۆسەی دیموکراسی و بونیادی ئەڵتەرناتیڤی دیکەی حکومرانی لەژێر پەردەی دیموکراتیدا.
• پەنابردن بۆ هاندانی ئەو حزبانەی لە ناو خودی حزبەکانیاندا بڕوایان بەدیموکراتی نییە و هەڵبژاردن وەك میکانیزمێك بۆ بڵاوکردنەوەی چەمکی نادیموکراتی سەیر دەکەن.

ئێمە لە ژمارەکانی پێشتری گۆڤاری گوڵان ڕاشکاوانە ئەو پرسیارەمان ئاراســـتەی ئەوانە و تێکرای هاوڵاتیانی کوردستان کرد، ئایا کاتی ئەوە هاتووە ڕێککەوتنی ســـتراتیژی نێوان پارتی ویەکێتی کۆتایی پێبێت؟ ئەگەر کاتی هاتووە با هەموومان باسی بکەین و لێی ورد بینەوە، ئەگەر کاتیشـــی نەهاتووە دەبێت چ ئامانجێك لە پشـــت ئەم بانگێشە نەسازەوە بێت؟ ئێستا ئەو زەمەنە بەسەرچووە کە خەڵك نەزانێت لەو دیو دەسەڵاتی سەدام حوســـێنەوە چی ڕوودادەت، ئێســـتا ئەو زەمەنە بەسەرچووە، کە خەڵك بە ڕێگەی تەشـــویش نەتوانێت تەنانەت گوێ لە ڕادیۆی لەندەن و دەنگـــی ئەمریکا و مۆنتی کارلۆ بگرێت، ئەمڕۆ زەمەنێکی دیکەیە، زۆربەی ماڵەکانی کوردستان نەك سەتەلایت، خزمەتگوزاری ئەنتەرنێتی تێدایـــە، ئەمڕۆ لێکچووەکان و دژەکانی ئەزموونەکانی جیهان زیاتر لێك نزیکبوونەتەوە، ئەمڕۆ تەنهـــا لە چەند کاتژمێرێکدا دەتوانیت، هەموو سیاســـیەتەکانی مالکی و شـــافێز و فۆجیمۆری و موشەرەف،تەنها بە نوسینی ناوەکانیان داونلۆد بکەیت و، لەگەڵ ڕەفتارەکانی ئەو کەسانە بەراوردی بکەین کە لە کوردســـتان خەو بە ناسەقامگیری کوردستانەوە دەبینن،ئەوانـــەی چێـــژ لە بێ متمانەیی هاوڵاتیان بە دیموکراســـی و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان وەردەگرن.بۆیە جێگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە بکەین، ئایا لێرەدا گرفت تەنها پارتە سیاسیەکانن ؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە کینس وۆلاك دەڵێت:

●●●

**ئایا لە خۆمان پرسیوە لە وڵاتێکی دوای شەڕی ناوخۆدا،چۆن هەنگاو هەڵدەگیرێت بۆ دیموکراتی ئەم پرسیارە تەنها بۆ سەرکردە سیاسیەکانی پارتی ویەکێتی نییە، بەڵکو بۆ سەرکردە و ئەندامانی تێکڕای پارتە سیاسیەکانی کوردستانە،بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستانە**

●●●

١- لەم حاڵەتەدا تەنها متمانە بە پارتە سیاســـیەکان گرفت نییە، بەڵکو دامەزراوە دیموکراتیەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگێك دەبنەوە و دەبنە بەشێك لە بێ متمانەیی.

٢- کـــە دامەزراوە دیموکراتیەکان دووچـــاری بێ متمانەیی بوون، ئەوا شێوازی پۆلێنکردنی بنەماکانی دیموکراتی گۆڕانکاریان بەسەردا دێت و ریزبەندیەکـــی دیکە وەردەگرن و خەڵـــك متمانەکانی خۆی بەم جۆرە پۆلێن دەکاتەوە( پیاوانی ئایینی، سەرۆك، سوپا، پەرلەمان، دادگا، پارتە سیاسیەکان، متمانەی هاوڵاتیان بە کار و شوێنی کار)

٣- ئەگەر ئەو پۆلێنە بە وشـــێوەیە گۆڕدراو بە وردی ســـەیری بکەین، دەبینیـــن توخمە ســـەرەکیەکانی دیموکراتی کە بریتین لـــە دامەزراوە



دیموکراتیەکان وپارتە سیاســـیەکان، سەرەوەری یاســـا، هاتوونە کۆتایی پۆلێنەکە، تەنانەت پارتە سیاســـیەکان کە توخمی ســـەرەکی پرۆســـە دیموکراتیەکـــەن، هاتۆتە پێش کۆتایـــی پۆلێنەکە، ئەوەی لە هەموویان ترســـناکترە، متمانەی هاوڵاتیان یان روونتـــر، متمانەی فەرمانبەرانی حکومـــەت بە شـــوێنی کار و کارەکە خۆی دەگاتە نزیکەی ئاســـتی سفر،بیرکردنەوە دەگاتە ئەوەی ئەو مەجبور نییە لە پێناوی مووچەکەی کاربـــکات، بۆیە کاتێك کۆمەڵگە دەگاتە ئەم ئاســـتەی کە بڕوای بە پارتە سیاســـیەکان و یاســـا ودیموکراتی نامێنێـــت، ناچار بەدوای ئەو کەســـەدا دەگەڕێت کە خۆی وەك فریـــادرەس دەخاتە ڕوو، بەڵام خودی فریادرەســـەکە کێ یە، فۆجیمۆری یان شافێزە،یان هاوشێوەکانیەتی، کە سیاســـەتێك پیادەدەکات،هاوڵاتیان پۆلیس وەك تاوانبار سەیر بکەن، نەك وەك نموونەی پاراستنی سەرەوەری یاسا.

٤- هەموو ئەم دیاردانە لە ئێســـتای کوردســـتان هەســـتی پێدەکرێت، (بێگومان دواتر دێینە ســـەر کەموکورتی پارتەکانیش) ئێســـتا خەریکە زەمینەیەك بـــە ناوی ئـــازادی دیموکراتیەوە دروســـتدەکرێت، کە ئەم ئامانجانەی لێدەخوێنرێتەوە:

أ- دروستکردنی بۆشایی لە نێوان پشتگیری دیموکراتی و ڕازینەبوون بە دیموکراتی و بێ متمانەیی بە دامەزراوەکانی.

ب- هاوڵاتـــی نازانێت، حکومەتەکەی باشـــە یان خراپە، واتە بێ ئاگا دەبێت لەوەی بەشداری بکات بۆئەوەی ئەگەر باشە بەرەو باشتری ببات، ئەگەر خراپە هەوڵبدات چاکی بکات، ئێستا لە کوردستان هاوڵاتیان بە ئاســـتێك چەواشە کراون نازانن داوای چی لە حکومەتی خۆیان بکەن؟ هـــەر بۆنموونە حکومەت پرۆژەیەکی ڕێگەوبانـــی هەیە و ئەو ڕۆژەش باران باریوە، دەبینین شەوی لە بەرنامەکانی یەکێك لەو تەلەفزیۆنانەی گاڵتە بە ســـۆزی هاوڵاتیان دەکات، لەیەکێك لە هاوڵاتیان دەپرســـێت،



ئایا ئێوە لەم قور وچلپاوە رازین؟ بێگومان هاوڵاتیەکە دەڵێت نەخێر، ئینجا لێی دەپرسێت چەند مانگە ئەم رێگەوبانە ئاوایە و کاری تیا ناکرێت، هاوڵاتیەکە لە وەڵامدا گوتی مانگێك زیاترە، بێگومان ئێمە لەو تەلەفزیۆنە بەرێزە دەپرسین ئایا ئەو مانگەی کە دامەزراوەکانی حکومەت ئەو پرۆژەی رێگایە نەچوون بەلایەوە، کام مانگە، بۆ ئەم پرسیارەی لێدەکەین؟ لەوانەیە ئەو بەرێزەی ئەو تەلەفزیۆنە بەرێوە دەبات و ئەو بەرێزەشی تەوجیهی ئەو تەلەفزیۆنە دەکات نە ئەندازیارە و نەرۆژێکیش کرێکاری رێگاوبان بووە، نەزانێت کە دەڵێین ئەو مانگە چ مانگێکە مەبەستمان چیە.؟ بۆیە دەڵێت مانگی شوباتە،، ئینجا لێمان دەپرسێت مانگ هەقی چیە بەسەر کاری قیرتاوکردنی رێگەوبانەوە، بێگومان ئەم وەڵامەی هێندەی دیکە نائومێدمان دەکات، لە وڵاتێکدا پەیامنێرێك ریپۆرتاژێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی نێردراوە بۆ ئەوەی راپۆرتێك لەسەر کێشەی رێگەیەك بکات، بە راگوزاریش بە بەردەمی ئامۆژگایەکی تەکنیکی یان کۆلێژی ئەندازیاری تێپەرنەبووە، ئەمە دروست وەك ئەو کادیرانەی حزبە ئیسلامیەکانە کە چوار ئایەتی لەبەر نییە و بە خەڵکی کوردستانی بەستەزمان دەڵێت، ئەوەی مەلاکانی کوردستان پێیان گوتوون راست نین، ئەوەی من پێتان دەڵێم راستە، ئەو تەلەفزیۆنە بەرێزەش لەبەر ئەوەی دڵنیایە ئەو کەسەی توجیهی دەکات، برۆ خەڵك بێ متمانە بکە لە حکومەت و لە دامەزراوەکانی و پرۆژەکانی، ئەگەر سبەینێ ببێتە سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش کاری بە ئەندازیار نابێت، لەبەر ئەوەی ئەو کاتەی ئەو دەبێتە سەرۆکی حکومەت، کوردستانیش حاڵی لە فەنزویلا و پیرۆ باشتر نابێت، لەم حاڵەتەشدا ئەرکی ئەو بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان نابێت، بۆیە پێویستی بەوەش نییە بزانێت، هەموو ساڵێك لە مانگە ساردەکاندا پرۆسەی قیرتاوکردن رادەوەستێت.

## پارتە سیاسیەکانی کوردستان و هەڵسەنگاندنی رۆڵی سلبی وئیجابیان لە پرۆسە دیموکراتیەکەدا

لەوانەیە تەنها خاڵی ئیجابی سیستەمی پارتایەتی لە هەرێمی کوردستان لەو خاڵەدا سەرچاوە بگرێت، کە ئەو مەترسیەی لە دوای رووخانی دیواری بەرلین رووبەرووی یوگسلافیا بووەوە و پێشتریش لە پێش شەری جیهانی دووەم رووبەرووی ئەڵمانیا بۆتەوە، ئێستا ئەو هەرەشەیە لەسەر کوردستان نەبێت، لەبەر ئەوەی هەتا ئێستاش متمانەی هاوڵاتیانی کوردستان بۆ پارتی ویەکێتی، لە ئاستێکی بەرزدایە، بۆیە ئەو پارت ولایەن و کەسانەی کە ئێستا لە کوردستان هەن و ئامانجیان دیموکراتی نییە، لە ئاستی متمانەی هاوڵاتیان نین، واتە دەنگیش بهێنن ئەو دەنگە نییە کە قورسایەکی ئەو تۆیان بۆ دروست بکات، بەڵام ئەو دەنگە کەمەشی کە دەیهێنن، بەرەنجامی ئەو راستیە نییە، کە ئەو بۆچوونانە لەناو کوردستان لایەنگیریان هەیە یان هاوڵاتیانی کوردستان وەك بەدیل بۆ دیموکراتی سەیریان دەکات، نەخێر ئەو دەنگانەی پارتە بچووکەکان دەیهێنن، بەرەنجامی ئەو کەموکورتیانەیە کە لەناو پارتی ویەکێتی هەیە، کە ئەو دووپارتە شایەنی ئەوە نین ئەو کەموکورتیانەیان هەبێت و لە ئاست چارەسەرکردنی کەموو کورتیەکانیش خەم ساردبن،لایەنێکی دیکەی گرنگ کە جێگەی خۆشحاڵیەکی زۆر گەورەیە ئەو لایەنانەی کە خۆیان وا لە قەڵەم دەدەن کە دەتوانن لە ئایندە ململانێی پارتی ویەکێتی بکەن، بە تایبەتی پارتە ئیسلامیەکان، ئێستا ئەو راستیە سەلمێنراوە کە واقیعی کوردستان خزمەتی ئەو بۆچوونەی ئەوان ناکات، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان هۆشیارترە لە خەڵکی پاکستان و ئەفغانستان و ئەوەی لێ تێکەڵ نابێت، کوردستان و میسر و دەوڵەتانی کەنداو و سعودیە یەك سروشتیان هەیە، هەربۆیە ئەگەر ئیمامی غەزالی زۆر سەربەرزانە بە شەهید فەرەج فۆدە بڵێت،بیرۆبۆچوونەکەی تۆ

●●●
**هاووڵاتیانی بەنگلادیش زۆر بە گەرمی پشتگیری پارتە سیاسیەکان دەکەن لە هەڵبژاردنەکاندا، بەڵام دەبینین سیاسەتی هەڵەی بەنگلادیش رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو هەژاری زیاتر دەبات،هۆکاری ئەمە چیە؟ لەووڵامدا واقیعی بە نگلادیش پێمان دەڵێت سەرکردە سیاسیەکان لە دیکتاتۆریەتی سەربازیەوە گۆردراون بۆ سەرکردەی جەماوەری نەک پارتی جەماوەری، پێمان دەڵێت سەرکردە سیاسیەکانی بەنگلادیش زۆر کەم بۆ بونیادی دیموکراتی فێربوون**
●●●

●●●
**، ئێستا لە عێراقدا بۆیە ناتوانین باس لە دیموکراتی بکەین، لەبەر ئەوەی پرۆسەی سیاسی پێکهاتنەوەی نیشتمانی سەرینەگرتووە**
●●●

**ئایا کاتی ئەوە هاتووە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی ویەکێتی کۆتایی پێبێت؟ ئەگەر کاتی هاتووە با هەموومان باسی بکەین و لێی ورد بینەوە، ئەگەر کاتیشی نەهاتووە دەبێت چ ئامانجێک لە پشت ئەم بانگێشە نەسازەوە بێت؟**

بیروبۆچوونی بێگانەیە و لەدەرەوە هێناوتە میسر، میسر سەرچاوەی ئیخوانە و بەشدارە لەهەموو شۆڕش و دەستکەوتەکانی میسر، ئەوا لە کوردستان هاوکێشەکە پێچەوانەیە پارتی ویەکێتی هەڵقوڵاوی واقیعی کوردستانن وخاوەنی شۆرش و سەروەریەکانن و خاوەنی دیموکراتی وفیدرالین، بۆیە تەنها لایەنێك کە پێویستیان بە پروپاگەندەی هەڵبژاردن نەبێت، پارتی ویەکێتی یە، تەنها حکومەتێك هێزێکی کەمی بوێت بۆ دابینکردنی سەقامگیری ئەو حکومەتەیە کە پارتی و یەکێتی پێکیدەهێنن، تەنها حکومەتێك هەق بدات بە هاوڵاتیانی کوردستان بە ئاشکرا رەخنەی لێ بگیرێت و بە ئازادی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەو حکومەت و دامەزراوەیە کە پارتی ویەکێتی پێکیدەهێنن، بەپێچەوانەوە هەمان ئەو سیستەمە سیاسیەی کوردستان هەولبدرێت لە میسر یان جەزائیر پیادەبکرێت پێویستی بە هێزی زیاتر و دامەزراوەی پۆلیس و ئەمنی گەورەتر هەیە، با سەیری تونس بکەین، دەبینین بۆ ئەوەی تونس بتوانێت لەسەر ئەم رەوتەی بەردەوام بێت، لە تونس رێگە نادرێت پارتێکی سیاسیی هەبێت ناوی ئیسلامی پێوە بێت، لە تورکیا رێگە نادرێت پارتێکی سیاسیی هەبێت ئیسلامی پێوەبێت، پرسیار ئەوەیە بۆ ؟ لەبەر ئەوەی عەلمانیەتی دەوڵەتی کەمالی لە وڵاتێکدا ناچەسپێت، کە خۆی بە میراتگری خەلافەتی عوسمانی بزانێت، عەلمانیەتی فەرەنسا لە وڵاتێك ناچەسپێت، کە شۆرشەکەی ئیسلامیەکان رۆڵیان تیا گێرابێت، بۆیە پارتە ئیسلامیەکانی کوردستان هەرگیز لە کوردستان نابن بە مەترسی، ئەگەر هێزێکی وەك ئەمریکاش بە کودەتای سەربازی بیانهێنەتە دەسەڵات وەك ئەو رژێمەی ئێستا لە میسر و وڵاتانی عەرەبی هەیە ئەوە دەوڵەتێکی پۆلیسی چۆن ئەو عیلمانیەتەی میسر دەپارێزێت، دەبێت دەوڵەتێکی پۆلیسیش ئەو حکومە بپارێزێت کە حزبێکی سیاسیی ئیسلامی بەرێوەی دەبات، کەواتە حزبە سیاسیە ئیسلامیەکان چەند میکیاج بکەن خەڵکی کوردستان وەك حزبێکی کوردستانی سەیریان ناکات، ئەوانەی ئێستا دەنگیان پێدەدەن، لە داخی پارتی ویەکێتی دەنگیان پێدەدەن، ئەو حزبانە لەو زەمەنە گەشەیان کردووە، کە پارتی و یەکێتی لەشەری ناوخۆدا بوون، لە سەردەمی دوو ئیدارەیی گەشەیان کردووە، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە، کاتێك هاوڵاتیەکی پیرۆ لە فۆجیمۆری بێزار دەبێت مافی خۆیەتی خۆزگە بۆ دیکتاتۆرێکی وەك بینۆشی بخوازێت.کەواتە پێش ئەوەی دەست بخەینە سەر کەموکورتیەکانی هەر پارتێکی سیاسیی لە کوردستان، دەست دەخەینە سەر ئەو کەموکورتیانەی کە پێویستە پارتی و یەکێتی نەیان بێت .بۆچی؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ١٨ ساڵی رابردوو هەتا ئێستاش، ئەم دووپارتە نیشمانیە کوردستانیە بە شایستەی ئەوە دەزانێت کە متمانەی خۆی بداتێ، بەڵام ئەگەر بەراوردی ئەو متمانەیەی خەڵك بکەین لەگەڵ سیاسەتەکانی پارتی ویەکێتی لەم ١٨ ساڵەدا هەست دەکەین لای تەرازووی متمانەو دەنگدانەکە لاسەنگە و رەفتاری پارتی ویەکێتی لە ئاستی ئەو متمانەیە نەبوو، بۆیە ئەرکی ئێمەی رۆژنامەنووسانە ئەو لاسەنگیە وەك خۆی پیشانی رای گشتی بدەین و هەولبدەین ئەو لاسەنگیە بە ئاراستەیەك راستبکرێتەوە، کەرێگە نەدرێت ئەو لاسەنگیە بۆ مەبەستێك بەکاربهێرێت کە کاریگەری لەسەر تێکدانی پۆلێنکردنی جیاوازیەکان و پۆلێنکردنی ئەولەویەتەکانی توخمە سەرەکیەکانی هەبێت، لە خاڵی پێشتر ئاماژەمان بەوە کرد،هەندێك کەس و لایەن هەوڵدەدەن ئەم لاسەنگیە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی دیموکراسی رووبەرووی گرفت بکەنەوە و بیانخەنە ناو گرفتی بێ متمانەیەوە، دەیانەوێت، سەروەری یاسا و پارتە سیاسیەکان و متمانەی هاووڵاتی بۆ کار و رێزگرتنی شوێنی کارەکەی بخەنە دواى، متمانەی هاوڵاتیان بۆ سەرکردەی پۆپۆلیستی و پیاوانی ئایین و سوپاوە، کەواتە چارەسەر کردنی کەموکورتیەکانی پارتی و یەکێتی، ئەوجا چ وەك ئێستا کە بەیەك لیست لە چوارچێوەی رێککەوتنی ستراتیژی پێکەوە دادەبەزن، یان وەك ٢ پارتی بەهێزی دیموکراتی ومتمانە پێدراو لەلایەن خەڵکەوە، دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەرلەنوێ گیانێکی تازە بکرێتەوە بەبەر پرۆسە دیموکراسیەکە، لێرەدا ئاماژە بەچەند خاڵێك دەکەین:

**تەنها حکومەتێک هێزێکی کەمی بوێت بۆ دابینکردنی سەقامگیری ئەو حکومەتەیە کە پارتی و یەکێتی پێکیدەهێنن، تەنها حکومەتێک هەق بدات بە هاوڵاتیانی کوردستان بە ئاشکرا رەخنەی لێ بگیرێت و بە ئازادی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەو حکومەت و دامەزراوەیە کە پارتی ویەکێتی پێکیدەهێنن**

١- پارتی و یەکێتی ئەگەر وەك ئێستا هاوپەیمان بن و بەیەك لیست دابەزن، ئەوا هەردوکیان پێکەوە ئەو زەمینە لەبارەی ئاشتی بونیاد دەنێن، کە دەتوانرێت دیموکراسی تیاگەشەدەکات.بۆ ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان، کە ئاشتی نێوان پارتی ویەکێتی گەورەترین دەسکەوتنی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەیی بووە، لە چوار چێوەی حکومەتی یەکگرتوویی هەرێمی کوردستاندا، ئەم یەکگرتنەوەیە بۆیە گرنگە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان دڵنیایە ئەگەر پارتی ویەکێتی پێکەوە وەك یەك هێز یەك لایەن حکومەتی هەرێم بەرێوەبەرن و تواناکان وەك خۆیان بخەنەگەڕ، ئەوا ئەگەر لە ئاستی هەموو ئاوات وداخوازیەکانی ئەواندا نەبێت و ئەوا بەشی زۆری خواستەکانیان دێتە دی .

٢- ئەگەر پارتی و یەکێتی بە جیا حکومەت بەرێوە بەرن، لەو حاڵەتەی پارتی لە دەسەڵاتدا دەبێت، یەکێتی باشترین هێزە چاودێری حکومرانی پارتی بکات،بەپێچەوانەشەوە.

٣- خەڵکی کوردستان ئەزموونی لەگەڵ پارتی ویەکێتی هەیە، پارتی ویەکێتی لە تاقیکردنەوەی متمانەی هاووڵاتیان دەرچوون، هەربۆنموونە، ئەم دوولایەنە بە جیا دانوستاندنیان لەگەڵ حکومەت کردووە و پێکەوەش لە ناو بەرەی کوردستانی سەرکردایەتی شاندی دانوستانەکانی بەرەی کوردستانی و رژێمی عێراقیان کردووە، بەڵام دوو هێزی راستگۆ بوون بۆ داواکاریی و مافەکانی گەلی کوردستان، پێش دەستپێکی پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، بە ساڵێك زیاتر ئەو کێشە ناوخۆییانەی لە ناوخۆیاندا هەیانبووە و نەگەیشتبوونە چارەسەری گونجاو، ئەو کێشانەیان وازلێهیناو توانیان رۆڵیکی ئێکجار گەورەی مێژوویی بگێڕن، ئەو هەموو دەستکەوتانە بەدەستبهێنن، کە هەموو لایەك لەسەر ئاستی دەستووری عێراق و دانان بە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بینیویانە.

٤- پارتی و یەکێتی لەماوەی حکومرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، رێزیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گرت، وەك حکومەتێکی خاوەن سەروەری و هاریکاری حکومەت بوون نەك ئاستەنگی بۆ دروست بکەن.، ئەم دەستکرانەوەیە بووە هۆکاری ئەوەی زۆر کێشەی ناوخۆیی وئیقلیمی و عێراقی بە ئاسانی بەسەریدا زاڵ بن و هەروەها چەندین خزموتگوزاری گرنگ، وەك کارەبا، ئاو، پاککردنەوەی شارەکان، بەتەواوەتی چارەسەر بکەن، یان بەشێکی زۆر گرنگی چارەسەر کراوە و ئەوەی دیکەشی لە ژێر جێبەجێکردندان، لە سەر ئاستی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ توانیان، دەرگایەکی گەورە بۆ وەبەرهێنان لەبواری نیشتەجێکردن بۆ هاوڵاتی خاوەن داهاتی ناوەڕاست و خوار ناوەڕاست بکەنەوەو، لەبواری چاودێری تەندروستی لەگەڵ ئەوەی ئاستی نەخۆشخانەکانی کوردستان ماویەتی لە رووی تەکنەلۆژیاوە بگاتە ئاستی نەخۆشخانەکانی دەرەوە، بەڵام لەو ماوەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکار بووە و دوو ئیدارەیی نەماوە.، توانراوە چەندین نەخۆشخانەی تازە لە بواری نەخۆشیە هەستیارەکانی وەك نەشتەرگەری دڵ بکرێتەوەو زۆر نەخۆشی دیکە کەپێشتر لە دەروەی وڵات چارەسەردەکران ئێستا لە ناو وڵات چارەسەر دەکرێت و هەروەها هاندانی دکتۆری بیانی بۆ ئەوەی بێنە هەرێمی کوردستان و لە نەخۆشخانە تایبەتیەکانی هەرێمی کوردستان

نەشـــتەرگەری گەورە بکەن، ئەمە بێجگە لە دروستکردنی ٢ کارگەی دەرمان کە پێشبینی دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا تەواو بن.

٥- لەســەر ئاســتی دبلۆماتیەتی نێودەوڵەتی پارتی ویەکێتی توانیان دیفاکتــۆی ناوچــەی دژە فڕین، بگۆڕن بۆ شــەرعیەتی حکومەتی فیدرالی کوردستان و ئێستا حالی حازر تایوان تەنها لەگەڵ ٣٠ دەوڵەت پەیوەندی دیبلۆماتی هەیە، بەڵام ژمارەی کۆنسوڵخانەکانی دەولەتانی جیهان لە هەولێر ئــەو ژمارەیەی تێپەڕاندووە، بێگومان تایوان نموونەی ئەو دەســەڵاتە دیفاکتۆیەی دەرەوەی دەســەڵاتی کۆماری چینە، کە هیچ دەوڵەتێك لە دەرەوەی دەوڵەتە ئینگلیزی زمانەکان ئەو پێشــکەوتن وسەرکەوتنەی بەدەست نەهێناوە.

کەواتە ئەم راســتیانە پێمان دەڵێن ئەو دەســتکەوتانەی پارتی ویەکێتی بەدەســتیان هێناوە،هیچ لایەنێك ئەو خاڵە بــە هێزانەی نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا چەند کەموکورتیەکیشــیان هەیە کە دەبێت زۆر راشکاوانە ئاماژەیان پێبکەین:

١- کەم ئەزموونی سیاســەتمەدارەکانی کوردستان لە بواری پەرەپێدانی ئابووری و پلانەدانان بۆ بووژاندنەوەی ئابووری، بەرێز مســعود بارزانی سەرۆکی کوردســتان زۆر بە راشکاوی ئەم پرســەی لەگەڵ خەڵکی کوردســتان و ئەکادیمیەکانی ئابووری کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان باسکردووە و راستگۆیانە ئەم خاڵە گرنگەی ئاشکرا کردووە، کە ئێمە لەم بوارە کەموکورتیمان هەیە،بۆیە داوای لە پسپۆرانی ئابوری کوردســتان کردووە لەم بوارەدا هاوکاری حکومەتی کوردستان بکەن و، دواشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، وێڕای سوود وەرگرتن لە ئابوریزانانی کوردستان، ســوود لە پسپۆرانی دەرەوەش وەربگرن. ئەم خاڵە گرنگەی سەرۆکی کوردستان راشــکاوانە ئاماژەی پێکردووە، بە ئاستی خۆی کاری لەسەر نەکراوە، راستە هەوڵدراوە ئابووری کوردستان بە شێوەیەکی ســەرکەوتوانە لە ئابووری مەرکەزیەوە بۆ ئابووری ئازاد هەنــگاو هەڵبگرێت، بەڵام لە تەحەکومکردنی بازاڕ بەم ئابووریەوە وەك پێویست ســەرکەوتوو نەبووین، بۆیە دەبوایە وردتر لەسەر پێشنیارەکەی سەرۆکی کوردستان کار بکرایە، بۆیە ئەم حاڵەتە هەندێك دەرهاویشتەی ســلبی لەگەڵ خۆی هێناوە کــە هەندێکیان پەیوەنــدی بە هاندانی وەبەرهێنانەوە هەیە، هەر بۆنموونە:

١- بەرێــز نێچیرڤان بارزانی لە یەکەم هەنگاویدا بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە کابینەی چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کردنەوەی سۆپەر مارکێتی مازی لە دهۆك بە وەرچەرخانێك لە قەڵەمدا، ئەم وەرچەرخانە بەبێ کۆمەڵێك ئاســانکاری زیاد لە پێویســت نەهاتۆتە ئاراوە، بەبێ پشتگیری شەخسی ســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست نەبــووە، بۆیە ئەگەر لەســەرەتادا تەحەکومی بازار بۆ نرخ بۆ ململانێ نەبووبێتە دروســتکردنی ســنوردانان بۆ نرخ و هاوســەنگی بازار، ئەم دیاردەیە بووە ســەرەتایەك بۆ ئەوەی لە درێژەی پەرەپێدان و وەرچەرخان بۆ ئابووری بازاڕ، چاو لە هەندێك شت بپۆشرێت.

٢- بۆ ئەوەی وەبەرهێنان ببێتە دیاردەیەکی باو لە کوردستان و سەرمایەداران لە وەگەرخســتنی سەرمایەکانیان لە کوردستان نەترسن، سیاسەتمەداران و کەســانی بەرپــرس هاندران بێنە ئەم بوارە، ئەم هەنگاوە لەســەرەتادا بــەو ئامانجە بوو، وەبەرهێن ببێتە مۆدێل، بــۆ بووژاندنەوەی ئابووری کوردستان، بەڵام بەداخەوە ئەو هاندانە دەسەڵاتی سیاسیی تێکەڵاو کرا، لە کاتێکدا بۆیە هانی سیاســەتمەدار و بەرپرسە دەوڵەمەندەکان درا، بۆ ئەوەی بێنە بواری وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان لە کوردستان،بۆ ئەوەبوو دەســەڵاتە سیاســیەکەیان هاندەر و پارێزەرێك بێت بۆ دەسەڵاتی بازار، بەڵام ئەو دەسەڵاتە گۆڕدرا بۆ پاراستنی قازانجی زیاتر و قۆرخکردنی بازار.

٣- ئــەم حاڵەتــی کۆنترۆلکردنی بازارە بە پشــتیوانی دەســەڵاتی سیاسیی بەرپرسەکان، بزنسمانەکانیشی هێنایە ژێر رکێفی خۆیەوە، نەك بەرپرسەکان بخاتە ناو کۆنترۆڵی بازارەوە.واتە ئەمجارەیان بزنسمانەکانیش بوونە هاوبەشی بەرپرسەکان، پارەی بزنسمانەکان و دەسەڵاتی بەرپرسەکان بووە هۆی ئەوەی وەك خۆی ســوود لە بازاری ئازاد نەبینن و هەندێك جار خۆزگە بۆ ئابووری ناوەند بخوازینەوە.هەربۆنموونە،ئەگەر بەراوردی هەڵاوسانی نرخی کۆمەڵێك کەلوپەلی سەرەکی ژیانی رۆژانەی خەڵك بکەین، دەبینین ئەو هەڵاوســانی نرخە پەیوەندی بە بازاری جیهانیەوە نییە،بەڵکو پێوەندی بە بازاری کوردستان و قۆرخکردنی بازارەوە هەیە.

٤- لایەنێکــی دیکەی قۆرخکردنی بــازار و کۆنترۆڵکردنی پرۆژەکان پەیوەنــدی بە دوولایەنی گرنگەوە هەیە، یەکەمیان گەرەنتی حکومەت بۆ هێنانی خزمەتگوزاریەکی وەك مۆبایل لە کوردستان، ئەو کاتەی ئەم خزمەتگوزاریە هاتۆتە کوردستان داوای گەرەنتی ئەوە کراوە کە تا چەند ســاڵێك نابێت کۆمپانیای دیکەی لەو شێوەیە لە کوردستان دابمەزرێت، لەو کاتەدا ســەرمایەدارێکی ئاســایی یان چەند سەرمایەدارێك نەبووە ئەو توانایەی هەبێت کە ململانێ لەسەر کۆنتراکتی ئەو خزمەتگوزاریە بــکات، بۆیــە لایەنی ســەرمایەدار مەرجی خۆی ســەپاندووە، ئێمە وەك رۆژنامەنــووس چ کاتێك هەســت بەم حاڵەتــە دەکەین مۆلەتی کارکردنی کۆرەك لە ســلێمانی و مۆلەتی کارکردنی ئاســیا لە هەولێر لە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی پارتی ویەکێتی قورســتر بووە، لەبەر ئەوەی هەردوو کۆمپانیاکە خاوەنی گەرەنتیەکن، کە حکومەت ناتوانێت زۆریان لێ بکات، تەنانەت وەزیری گواســتنەوە وگەیاندیش راشکاوانە رایگەیانــد یەکگرتنەوەی ئاســیا وکۆرەك لە توانای ئــەو گەورەترە. لایەنێکی دیکە کە ئەویش تارادەیەك قۆرخ و کۆنترۆڵی کەمکردنەوەی تەندەرەکانی گرتۆتەوە، ئەوەیە هەندێك پرۆژەی خزمەتگوزاری دواکەوتن قبوڵ ناکەن، هەموو کۆمپانیایەك ئامادەنییە بە قەرز دەســت بکات بە جێبەجێکردنــی، بۆیە کە کۆمپانیایەك ئامادەبێت بەبێ پارە ئەو پرۆژەیە جــێ بەجێ بکات مەرجی کەمکردنەوە نەك نایگرێتەوە، بەڵکو لەوانەیە بەو مەرجانە بیکات کە خۆی دەیەوێت.

٥- ئیمتیازی تەفزیلکردنی بەرپرس و کادرانی پارتی ویەکێتی بەســەر هاوڵاتیانــدا، ئەم تەفزیلکردنــە، بۆتە هۆکاری ئــەوەی کۆنتراك یان ئەو زەویانەی بەمەبەســتی بازرگانی تەرخاندەکرێن، دەســتاو دەستی پێوەبکرێت و بۆ بەرژەوەندی کەسە بەرپرسەکە بەکاربهێنرێت، لەم حاڵەتەدا مەرجەکانی وەزارەتە پەیوەندارەکان وەك خۆی لەبەر چاو نەگیراوە، بۆیە دەبینین، ئەو بزنسمانە یان ئەو سەرمایەدارەی کۆنتراکتێك یان زەویەکی بازرگانی لە بەرپرســێك دەکرێتەوە، هیچ پابەندبوونێکی بە مەرجەکانی حکومــەت نامێنێت، بۆ نموونە ئــەو پلانەی وەزارەتــی پەیوەندار بۆ هاوسەنگی دایرشــتووە، دەبینین، ئەو زەویەی بۆ مەبەستێکی تایبەتی بازرگانی تەرخانکراوە، کە دەفرۆشــرێتەوە بۆ هەمان مەبەســت بە کار نایەت، ئەو کۆنتراکتەی دەفرۆشــرێتەوە، پابەند نابێت بەو مەرجەی لەو کۆنتراکتەدا هاتوون.

ئەگەر ســەیری خراپ بە کارهێنان، یان خراپ ســوود وەرگرتن، لەو ئامانجە پیرۆزەی حکومەتی کوردســتان بکەیــن، کە هەموو ئایندەی خۆشــگوزەرانی کوردســتان لە بازاری ئازاد و وەگەرخستنی سەرمایە دەبینێت، دەبیین، بەرژەوەندی شەخسی، یان مسۆگەر کردنی زەرەرنەکردنی ئەو ســەرمایەی دەخرێتە ســەر گەر ئاکامێکی ســلبی لەگەڵ خۆی هێناوە، کە خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوە ناکات هۆکاری ئەو ئاکامە سلبیە رەفتاری بەرپرسەکان و بەرژەوەندی کەسی بەرپرسەکان بێت،

**ئەگەر ئیمامی غەزالی زۆر سەربەرزانە بە شەهید فەرەج فۆدە بڵێت،بیرۆبۆچوونەکەی تۆ بیرو بۆچوونی بێگانەیە و لەدەرەوە هێناوتە میسر، میسر سەرچاوەی ئیخوانە و بەشدارە لەهەموو شۆڕش و دەستکەوتەکانی میسر، ئەوا لە کوردستان هاوکێشەکە پێچەوانەیە پارتی ویەکێتی هەڵقوڵاوی واقیعی کوردستانن و خاوەنی شۆڕش و سەروەریەکانن و خاوەنی دیموکراتی وفیدرالین، بۆیە تەنها لایەنێک کە پێویستیان بە پروپاگەندەی هەڵبژاردن نەبێت، پارتی ویەکێتی یە**

**لە تونس رێگە نادرێت پارتێکی سیاسیی هەبێت ناوی ئیسلامی پێوە بێت، لە تورکیا رێگە نادرێت پارتێکی سیاسیی هەبێت ئیسلامی پێوەبێت، پرسیار ئەوەیە بۆ؟ لەبەر ئەوەی عەلمانیەتی دەوڵەتی کەمالی لە وڵاتێکدا ناچەسپێت، کە خۆی بە میراتگری خەلافەتی عوسمانی بزانێت، عەلمانیەتی فەرەنسا لە وڵاتێک ناچەسپێت، کە شۆرشەکەی ئیسلامیەکان رۆڵیان تیا گێڕابێت**

**ئەو حزبانە لەو زەمەنە گەشەیان کردووە، کە پارتی و یەکێتی لەشەڕی ناوخۆدا بوون، لە سەردەمی دوو ئیدارەیی گەشەیان کردووە، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە، کاتێک هاوڵاتیەکی پیرۆ لە فۆجیمۆری بێزار دەبێت مافی خۆیەتی خۆزگە بۆ دیکتاتۆرێکی وەک بینۆشی بخوازێت**

**ئەو زەویەی بۆ مەبەستێکی تایبەتی بازرگانی تەرخانکراوە، کە دەفرۆشرێتەوە بۆ هەمان مەبەست بە کار نایەت، ئەو کۆنتراکتەی دەفرۆشرێتەوە، پابەند نابێت بەو مەرجەی لەو کۆنتراکتەدا هاتوون**

ئەم حاڵەتە پێمان خۆش بێت یان نە، لەبری ئەوەی بە وەرچەرخانێك و سەرکەوتنێکی پارتی ویەکێتی لەم بوارە گرنگە لە قەڵەمبدرێت، بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئەو هەنگاوە گەورەیە بشارێتەوە، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو لەلایەن دەزگا هەواڵگریەکانی دەوڵەتانی ئیقلیمیەوە بکرێتە هۆکارێك بۆ ناوزراندنی ئەم وەرچەرخانە گەورەیەو بەکارهێنانەوەی لەلایەن ئەو لایەنانەی کە خۆیان بە خاوەنی ئەم ئەزموونە نازانن.

کەواتە بیانوەکان هەرچیەك بن، هۆکارەکەی رەفتاری نابەرپرسانەی بەرپرسەکانی پارتی ویەکێتی یە،کە ئەم هەنگاوە گەورەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان ئیستغلال کردو بۆ بەرژەوەندی شەخسی خۆیان ناشرینیان کرد، ئێستا چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە ئاسان نییە، بەڵام چەند قورس بێت،دەبێت پارتی ویەکێتی جارێکی دیکە هەموو دەسەڵاتی خۆیان بدەنەوە بە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە راستبکاتەوە، بەڵام دەبێت ئەم راستیانەشی لەبەر چاو بێت:

١- ئەم هەنگاوە بۆیە ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی قازانجی ئەو پرۆژەو کۆمپانیانەی بەرپرسەکان هەڵیدەسوورێنن، قازانجی بازار و لێهاتوویی ئەو بەرپرسانە نییە لە ئابووری بازاڕدا، بەڵکو ئەو دەسەڵاتەیە کە بۆتە چەتر بازاری لە ژێر خۆیدا کۆکردۆتەوە.هەربۆیە کاتێك قازانج دەخرێتەوە ناو یاسایی بازار و پرۆژەکان دەخرێنەوە ناو تەندەری نهێنی کەمکردنەوە، ئەوا دڵنیاین کە بەرپرسان دەرەقەتی بازار و ئەو شێوازە یاساییە نایەن، بۆیە بە ناچاری یان دەبێت خۆیان بخەنە ناو قوماری ململانێی بازاڕی ئازاد،یان دەبێت بازارە ئازادەکە بۆ بزنسمانی لێهاتوو بە جێبهێڵن، بەڵام هەموو لایەك دەزانن ئەم بڕیارە پێش هەر لایەك پێویستی بە بڕیارێکی بوێرانەی پارتی ویەکێتی هەیە و دەبێت ئەوان زامنی سەرکەوتنی ئەو بریارە بکەن.

٢- بزنسمان یان سەرمایەدار، لەلایەن ژووری بازرگانیەکان، یان یەکێتی بەڵێندەرانەوە پێناسە بکرێتەوە و ئەوان پلەی بزنسمان وسەرمایەدار دیاری بکەن و هەر ئەوانیش مەرجی هەر پلەیەك دیاری بکەن و ئەو مەرجانەش تەنها لە ناو یەکێتی بە لێندەران و ژوورەکانی بازرگانی و لەناو تۆمارەکاندا نەبێت، بەڵکو بۆ هەموو کەس ئاشکرا بکرێن و هەموو کەس بزانێت تاچەند هەلی کارکردن و سەرمایەی لەبەردەمدا کرایەوە و دەبێت بشزانێت، کە مەرجەکانی پێشێلکرد دەخرێتە لیستی رەشەوە و کە چووە لیستی رەشیشەوە دەبێت بێجگە لە یاسا کەس بۆی نەبێت لەو لیستە رەشە دەریبهێنێتەوە.

٣- دەبێت میدیای نەك ئازاد بەڵکو پێش میدیای ئازاد دەبێت میدیاکانی پارتی ویەکێتی هۆکارێك بن، بۆ ئاشکراکردنی پێشێلکردنی مەرجەکانی ئابووری ئازاد و مەرجەکانی کۆنترۆڵی بازاڕ،دەبێت میدیا دەستی بگاتە سەر ناوەرۆکی کۆنتراکتەکان و مەرجەکانی نێو کۆنتراکتەکان و مۆڵەتەکانی بازرگانی هاوردە و زانینی نرخی بازاری جیهانی و بازاری ناو بەراوردکردنی بۆ هاوڵاتیان.

بێگومان لەگەڵ ئەوەی ئەم هەنگاوانەمان بە قورس پێناسە کرد، بەڵام نابێت بۆ بەرپرسەکانی پارتی ویەکێتی قورس بن، لەبەر ئەوەی بە چاو گێرانەوەیەك بۆ مێژووی خەباتیان و متمانەی هاوڵاتیانی کوردستان بە حزبەکانیان و، بەمەزندەکردنیان بەوەی ئەم راستکردنەوەیە چ گۆرانکاریەك بەسەر ژیانی خەڵکی کوردستان دەهێنێت، چەند هەلی کارکردن لەبەردەم دەیان هەزار خاوەن توانا وبەهرەداری کوردستان دەکرێتەوە، مەندە ناکەین دوودڵی لە جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوە بکەن و ئومێدیشیان بۆ دەخوازین لە ئاستی ئەو تێڕوانینە بن کە ئێمە وەك رۆژنامەنووس و هاوڵاتیان وەك دەنگدەر سەیریان دەکەین.

### ئەو تێڕوانیەش بریتیە لەو راستیانە:

- پرۆسەی دیموکراتی پێویستی بە پارتی دیموکراتی بەهێز هەیە، ئەو پارتانەی کە توانای بەردەوامبوون و نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیانیان هەیە،ئەمەش بە رێگەی ئەو بەرنامە سیاسیەی دەیخاتە روو تواناکانی خۆی دەچەسپێنێت و بۆ ئەوە بتوانێت بۆ بەرژەوەندی گشتی دەسەڵات پیادە بکات.بەرژەوەندی گشتی لەم قۆناخە وادەخوازێت دەست لەبەرژەوەندیە کەسیەکان هەڵبگیرێت.
- زۆربەی زۆری خەڵك بەو شێوەیە سەیری پەرەپێدان و ئابووری بازاڕدەکەن،کە بەم شێوازەی ئێستای بەردەوام نەك هەر ئیشکالیەت دروستدەکات، بەڵکو زۆر جار دەبێتە مەترسی بۆ سەر پرۆسە دیموکراتیەکە. بۆیە هەوڵدان بۆ راستکردنەوەی ئەو لایەنە پرۆسە دیموکراتیەکەش لە مەترسی رزگار دەکات.

### پارتە بچووکەکانی ناو کوردستان

نەیانتوانیوە وەك پێویست سوود لە ئازادیەکانی کوردستان وەربگرن یەکێك لەو دیاردە سەیرانەی لەناو ئەو پارتە بچووکانەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەن و هەستی پێدەکرێت ئەوەیە، کە خۆیان لێ تێکچووە و لاسایی پارتی ویەکێتی دەکەنەوە، واتە ئەو دروشمانەی کەپارتی و یەکێتی بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بەرزیدەکەنەوە و ململانێی وەرگرتنی دەسەڵاتی پێدەکەن، ئەمانیش ملی خۆیان دەنێنە بەر هەمان ئەرك، لە کاتێکدا خۆیان پێش هەموولایەك دەزانن و پێویستە ئامانجی ئەم قۆناخەی ئەوان لەگەڵ ئامانجی پارتی ویەکێتی جیاواز بێت، بۆ نموونە پارتێکی چەپ هەوڵدەدات هاوپەیمانی لەگەڵ یەکدوو پارتی ئیسلامی بکات بۆ ئەوەی خۆی بە پارتی ویەکێتی بەراورد بکات، بەڵام ئەوەی لەبیر خۆی دەباتەوە هاوپەیمانی پارتی ویەکێتی نەك هەر هاودژی لەناو پارتی ویەکێتی دروست ناکات، بەڵکو پشتگیریەکی جەماوەریشی بۆ دروست دەکات، بەواتایەکی دیکە هاوپەیمانی نێوان پارتی ویەکێتی لەم قۆناخەدا بۆتە داواکاریەکی جەماوەری خەڵکی کوردستان، بۆیە ئەگەر لەبەرژەوەندی چەند ئەندامێکی پارتی ویەکێتیش نەبێت، ئەو حاڵەتە نابێتە هۆکاری هاودژی دروستکردن، بەڵکو دەبێتە چاو لێ پۆشین، بەڵام لە ناو حزبێکی بچووکی چەپدا، دەبێتە هۆکاری لێکترازان، ئەمە هەر بیانویەکی بۆ بدۆزرێتەوە، ناتوانێت پینەی ئەوەی پێ بکرێت کە دەستێك لە دەرەوەی ئەو حزبە ئەو هاودژیەی دروستکردبێت، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەو حزبە بچووکانە بۆیە بچووکن واتە حزبی دەستەبژێری ئایدۆلۆژی پابەندبوون بە پرانسیپی ئایدۆلۆژیەتیکەوە، کە لادان لێی لەلایەن ئەندامەکانیەوە قبوڵ ناکرێت، ئەم حزبانە نەگەیشتوونە ئەو ئاستەی



هاوبەندی لە نێوان خواستە ناوخۆیەکانی حزب و خواستە نشتمانیەکاندا دروست بکەن،ئەم هاوبەندیەشـــیان بۆ دروست ناکرێت بۆیە بە بچووکی ماونەتـــەوە، جوانترین نموونەی ئـــەم پابەندبوونەی حزبە بچووکەکان بە ئایدۆلۆژیەتێکەوە، نموونەی پارتی سۆشـــیالیتی کوردستان( پاسۆك) بوو' ئەم پارتە لەبەر ئەوەی هەموو ئامانجەکانی خۆی لە سەربەخۆیی کوردستان و یەکپارچەیی کوردســـتاندا چڕکردبۆوە، لەمە کەمتر رازی نەبووە، بۆیە ئەوانەی خۆیان بۆ ئەم ئایۆلۆژیەتە تەرخانکردبوو ژمارەیان زۆر کەم بوو، لەگەڵ ئەوەی ئـــەم ئامانجە ئامانجی هەر کوردێکە کە لە کوردســـتاندا بێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەی ســـەربەخۆیی کوردستان کە چەنـــد ئامانجێکی پیرۆز و بەرزە، بەڵام لەبـــەر ئەوەی ئایدۆلۆژیەتی پاســـۆك گونجاندنی ئەم ئایدۆلۆژیەتەی لەگەڵ هیچ پرانســـیپێکی دیکە پێ قبوڵ نییە کە کەمتر لەســـەربەخۆیی کوردســـتان ئامانجی بێت، پابەندبوونیکی توندی بەو ئایدۆلۆژیاوە لە نێوان ئەندامەکانی ئەو پارتەدا دروســـتکردووە وهاودژی لەگەڵ ئەم ئایدۆلۆژیایە کاردانەوەی زۆر تـوند بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە.ئێستا حزبی زەحمەتکێشـــان لەم قۆناخەدایە،ئەو کەسەی کە بریاریداوە لەگەڵ یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیســـلامی هاوپەیمانی بکات، بۆ هەڵبژاردن،با ئەو کەســـە سکرتێری حزبیش بێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم بریارە دژی پرانســـیپەکانی حزبی ناوبراوە، ئەندامانی سەرکردایەتی زەحمەتکێشان ئەوەیان پێ قبـــوڵ ناکرێت، لەوانەیە بـــە هاوپەیمانیان لەگەڵ پارتی ویەکێتی ٢ کورســـیان بەر بکەوێت، بە ٤ کورسی باشتری بزانن کە لەو هاوپەیمانیە دەســـتیان دەکەوێت، تەنها هۆکارێك بۆ ئەوەی ئەندامانی زەحمەتکێشـــان لەیەکەمیاندا هاودژی لە نێوانیاندا دروست نەبێت و لە دووەمیاندا دروســـت بێت ئەوەیە، لەیەکەمیانـــدا درۆ لەگەڵ مێژووی خۆیان ناکـــەن، لەبەر ئەوەی لە خەباتی چەکـــداری هەر هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی بوون، هاوبەشی خەبات بوون، بەڵام لە دووەمیاندا دەبنە هاوپەیمانی لایەنێك بڕوای بەو خەباتە نییە کە ســـەدان هەزار کەس لە پێناویدا شـــەهیدبوون، بۆیە لە یەکەمدا ئەگەر ٢ کورســـی بێت خۆیان بە براوە دەزانن، بەڵام لە دووەمیاندا ٤ کورسیشـــیان بەربکەوێت خۆیان بە دۆڕاو دەزانن، لەبەر ئەوەی لەســـەر حسابی بیروباوەر و مێژوویەکە کـــە ئەندامەکانیان پێیان قبـــوڵ ناکرێت، ئەم حاڵەتـــە لەوانەیە لەناو پارتی سۆسیالیســـتی دیموکراتی کوردســـتان روونەدات، لەبەر ئەوەی پارتی سۆســـیال دیموکراتی کوردســـتان و پارتی سۆسیالیستی شاخ نییە، راســـتە محەمەدی حاجی مەحموود هەر پێشمەرگەکەی دوێنێی خەباتی رزگاری نیشـــتمانیە، بەڵام ئەم مێژووە مێژووی تاکە کەســـە نابێتە مێژووی پارتێك کە دوای یەکگرتنی پارتی سۆشیالیست لەگەڵ لایەنێکی دیکە، حزبێکی دیکە دروســـتکرابێت و بەرێز کاکە حەمەی حاجـــی مەحمودیش قبوڵی بووە، ناو پارتەکـــەی هەمان ناوی حزبی سۆشیالیستی کوردستان( حســـك ) نەبێت، بۆیە لەدوای هاوپەیمانی حسك لەگەڵ پاسۆك وگەل ودامەزراندنی یەکگرتن و پاشان یەکگرتنی یەکگرتن لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردســـتان، ئیدی حسك وەك حزب بەرەســـمی بووە بەشـــێك لە پارتی و کاکە حەمـــەش خۆی ئەندامی کۆنگرەی یەکگرتن بووە، هەندێـــك کەواتە ئەوەی لەگەڵ کاکە حەمە بووە، لەگەڵ شەخســـی کاکە حەمە بوون، پاشان پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردســـتان دروستکراوە . بۆیە کاکە حەمە ئەو ئەهلیەتەی هەیە بەناوی خۆیەوە بریار بدات و ئەوەشـــی لە ناو حزبەکەی ئەو بێت، لەگەڵ بریارەکانی ئەو هاودژی دروســـت ناکات، بۆیە دەبوو سکرتێری زەحمەتکێشان ئەم خاڵەی لەبەر چاو بووبێت،

سەبارەت بە حزبە ئیسلامیەکانیش، ئەوان خۆشیان نایشارنەوە بروایان بە کوردســـتانیەت نییە، نەك هەر ئەوە شەهیدانی کوردستانیش بە شەهید ناناســـن، سروودی نیشـــتمانی ئەی رەقیب بە کوفر دەزانن، بۆیە ئەوان ئەرکیکیان هەیە،لەوانە یە ئەوانیش لەسەر تەفسیری ئایەتێك کە پێروانی ئیخوان یان وەهابیەکان بە جۆرێك تەفسیری دەکەن و ئەندامێکی خۆیان بە جۆرێك تەفسیری دەکات، هاودژی لە ریزەکانیان دروست بێت، بەڵام لەسەر ئەوەی کوردستان ٣ پارێزگا بێت یان ٥، کوردستان بەشێك بێت لە عێراق یان سەربەخۆ بێت، هیچ ئیشکالیەتێك دروست نابێت، لەبەر ئەوەی ئەو ئایدۆلۆژیەتەی بروایان پێیەتی هیچ پەیوەندیەك لە دوور و لە نزیك لە گەڵ مێژووی نەك کوردســـتان، بەڵکو لەگەڵ مێژووی مامۆستایان وزانایانی ئایینی کوردستان دروست ناکات و تەنانەت زانایاکی ئایینی کوردستان لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو پێی شەرم بووە، وەك یەکێك لە پێرەوانی ئیخوان موســـلمین بناسرێت، بۆیە بە ناعیلاجی لە کوردستاندا مێژوو بۆ موســـڵاویەك دروست دەکەن، ئەم پارتە ئیسلامیەی خۆی بە ئیخوان موســـلمین لە کوردستان دەزانێت لەگەڵ دەسپێکی شەری ناوخۆ لە کوردستان دروست بوون' ئەوان لە بۆشایی نەهامەتی و هەژاری ئەم میللەتە دروست بوون و بە ئازووقە خەڵکیان هەڵخەڵەتاندووە، بۆیە لەگەڵ رەوینەوەی شـــەری ناوخۆ و پرکردنەوەی ئەو بۆشـــاییانەی لە ئاکامی وەرچەرخان لە ئابوری ناوەنیەوە بۆ ئابوری بازار دروســـت بوون، ئیدی ئەواتیش لە گەڵ پرکدنەوەی ئەو بۆشایە دەپوکێنەوە، تەنهاهۆکاریش بۆ ئەمە ئەوەیە هێشـــتا لە و بۆشایەدا گەمە دەکەن و لەگەڵ پرکردنەوەی بۆشایکانیش فریاری ئەوە ناکەون لە بۆشاییە بێنەدەرێ.

●●●

**حالی حازر تایوان تەنها لەگەڵ ٣٠ دەوڵەت پەیوەندی دیبلۆماتی هەیە، بەڵام ژمارەی کۆنسوڵخانەکانی دەولەتانی جیهان لە هەولێر ئەو ژمارەیەی تێپەراندووە، بێگومان تایوان نموونەی ئەو دەسەڵاتە دیفاکتۆیەی دەرەوەی دەسەڵاتی کۆماری چینە، کە هیچ دەوڵەتێک لە دەرەوەی دەوڵەتە ئینگلیزی زمانەکان ئەو پێشکەوتن وسەرکەوتنەی بەدەست نەهێناوە**

●●●

●●●

**پرۆسەی دیموکراتی پێویستی بە پارتی دیموکراتی بەهێز هەیە، ئەو پارتانەی کە توانای بەردەوامبوون و نوێنەرایەتیکردنی هاوڵاتیانیان هەیە**

●●●





سلاڤکۆ گابر (ئەندامی دەستەی دامەزرێنەی یەکەم حکومەتی دیموکراتی کۆماری سلۆڤینیا) بۆ گوڵان:

# ئێمە لە سلۆڤینیا پێمان باشترە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی پیادەبکرێت و خەڵکی نوێنەرایەتی زیاتریان هەبێت لە پەرلەماندا

**پرۆفیسۆر سلاڤکۆ گابر یەکێکە لە ئەندامانی دامەزرێنەری حکومەتی کۆماری سلۆڤینیا و لە دوو پۆستدا ١٩٩٢-١٩٩٩ وەزیری پەروەردە بووە و لە ساڵی ١٩٩٩-٢٠٠٢ چەندین پۆستی پەرلەمانی وەرگرتووە، یەکێك لە پۆستەکانی سەرۆکی شاندی پەرلەمانی کۆماری سلۆڤانیا بووە بۆ وتووێژ لەگەڵ پەرلەمانی ئەورووپا بۆ وەرگرتنی سلۆڤینیا لە یەکێتی ئەورووپا، لە ساڵی ٢٠٠٢ جارێکی دیکە کراوەتەوە وەزیری پەروەردە، کۆماری سلۆڤینیا لە ساڵی ١٩٩١ بریاری سەربەخۆی لە یوگسلافیای پێشوو داوە و لە ساڵی ١٩٩٢ ئیعترافی پێکراوە و ماوەی ١٧ ساڵە سەربەخۆیە و لە ساڵی ٢٠٠٤ یشەوە بۆتە ئەندامی ناتۆ و ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە لە ماوەیەکی زۆر پێوانەیی کە دەکاتە تەنیا ١٢ ساڵ یەکێتی ئەورووپا وەك ئەندام قبوڵی کردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەزموونی ئەم وڵاتە ئەو سیستەمەی لە هەڵبژاردن پیادەی دەکەن، بەڕێز سلاڤکۆ گابر بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**• ئایا لە وڵاتانی ئەورووپا چەند جۆر سیستەمی هەڵبژاردن پیادەدەکرێت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی لە ئەورووپادا دوو سیستەمی هەڵبژاردن هەیە، سیستەمی زۆرینە کە لیستێك، یان پارتێکی دیاری کراو زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دەهێنێت، بەڵام لە سلۆڤینیا کار بە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر پارتێك لە سەدا ١٠ دەنگەکان بەدەست بهێنێت ئەوا لە سەدا ١٠ی کورسییەکانی پەرلەمانیش بەدەست دەهێنێت. لەبەر ئەوە ئێمە پێمان باشترە سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەی پیادەبکرێت و خەڵکی نوێنەرایەتی زیاتریان هەبێت لە پەرلەماندا.

*** یەکێك لە دیاردەکانی سیستەمی ڕێژەی بوونی سیستەمی فرەیی سیاسییە، کە تێیدا پارتەکان داوا لە دەنگدەران دەکەن دەنگیان پێبدەن بۆ ئەوەی ببنە نوێنەریان، ئایا لیستی پارتە سیاسیەکان چۆن دەخوێنرێنەوە لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا؟ یاخود گرنگی ئەم پارتانە چییە لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

- لە هەڵبژاردنە نیشتمانییەکانی سلۆڤینیادا نزیکەی ٢٠ لیستی جیاواز بەشداری و ململانێ دەکەن، نزیکەی ٧ بۆ ١٠ لیستی دەتوانن بگەنە پەرلەمان و ئەو ڕێژەیە تێپەڕێنن کە بۆ گەیشتن بە پەرلەمان دیاری کراوە و بریتییە لە بەدەستهێنانی لە سەدا ٤ی دەنگەکان. لە نێو پارتەکاندا، پارتی چەپڕە و راستڕە و پارتی دیموکراتی مەسیحی و پارتی گەنجان و هتد بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن. واتە شەبەنگێکی فراوانی پارت و لایەنە سیاسییەکان بەشداری دەکەن و ئەمەش شتێکی سروشتییە.

*** پارتە سیاسییەکان بەرنامەکانی خۆیان دەخەنەڕوو، ئەمەش هاوشێوەی گرێبەستێکی لە نێوان ئەم پارتانە و دەنگدەراندا، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند بوونی بەرنامە سیاسییەکان هۆکارێکە بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی دیموکراسی؟**

- گرنگە پارتە سیاسیەکان بەرنامە و سیاسەتی خۆیان روون بکەنەوە و ئامانجەکانیان لە بەشداربوون لە پرۆسە سیاسیەکەدا بخەنەڕوو، بە پێچەوانەوەی ئەمە نەك هەر کاریگەری خراپی لەسەر وڵاتەکە، بەڵکو لەسەر خودی پارتەکەش دەبێت و دەبێتەهۆی لەدەستدانی میسداقییەتی حزبەکە و جارێکی دیکە دەنگ بەدەست ناهێنێتەوە.

## ئیدوارد ئیستاین بۆ گوڵان:

# جەختکردنەوە لەسەر مافە تاکە کەسییەکان بە مانای سنوردارکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت دێت



**پرۆفیسۆر ئیدوارد ئیستاین ئوستادی یاسـایە لەزانكۆی یـەڵ Yale، پسـپۆرو تایبەتمەندە لــە پێکهێنانی حکومــەت و تایبەتمەندییەکانــی حکومەت و رۆڵی ســەروەری یاســا لە کۆمەڵگەدا. بۆ قســەکردن لەسەر رۆڵی حکومەت و گرنگی یاســا لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، پرۆفیسۆر ئیســتاین بەمجۆرە بــۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئایا دەبێت یاســا و رێساکان چۆن بن بۆ ئەوەی مافەکان بپارێزن؟**

- بە تێڕوانینی من لەگەڵ دروستبوون و سەرهەڵدانی دەوڵەتدا مافەکانیش دروستبوون، پێم وانییە پێش بوونی دەوڵــەت مافەکان بوونیــان هەبووبێت. کاتێك دەوڵەت دروســت بوو لەگەڵیدا هاوڵاتییان مافیان بەدەستهێنا، ئەمەش لە چوارچێوەی هاوکێشەی ئەرکی هاوڵاتییان لــە بەرامبەر دەوڵــەت و ئەرکی دەوڵــەت بەرامبەر هاوڵاتیاندا.

***چۆن مرۆڤایەتی دەگاتە ئەو ئاستەی کە گرتنەبەری لیبراڵیزم بە پێویست بزانێت وەك شێوازی حکومڕانی؟**

- بــە تێڕوانینی مــن لیبراڵیزم پتر جەخت لەســەر مافــە تاکــە کەســییەکان و بنەماکانی یەکســانی دەکاتەوە، واتە هەڵدەســتن بە دابینکردنی ئەم مافانە و پاراســتنی یەکســانی، لە لایەکی دیکەوە من پێم وایە ئەمە دەبێتە هــۆی بەردەوامبوون و درێژەپێدانی حکومەتەکــەش. جەختکردنەوەش لەســەر مافە تاکە کەسییەکان بە مانای ســنوردارکردنی دەسەڵاتەکانی حکومــەت دێت و رەنگە ئەمــەش وا لێکبدرێتەوە کە ئەمە لاوازکردنی حکومەتە، بەڵام لە راســتیدا ئەمە دەبێتەهــۆی بەهێزکــردن و درێژەپێدانی حکومەتەکە، چونکە پاراســتن و دابینکردنی مافە تاکە کەسیەکان دەبێتە مایەی بەردەوامبوونی حکومەتەکە.

*** ئایا لــەم هەلومەرجەدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- ئەمــە پرســیارێکی ئاڵــۆزە و رەنگــە نەتوانم بە ئاســانی وەڵامی بدەمەوە، لە راستیدا ئەمە پێویستی بە راگرتنی هاوســەنگی هەیە، چونکە دروستکردنی متمانــە بــە حکومەت و سیســتمە سیاســییەکە و پاراســتن و دابینکردنی یەکسانی پێویســتی بە جێگیرکردن و چەســپاندنی کەلتوور و فەرهەنگێکی دیموکراسی دەبێت. راستە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد پێویستن، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت چەند هەنگاوێکی پێویســت بنرێن بۆ پاراستن و دابینکردنی مافەکانی هاوڵاتییانیش.

*** دوای کۆتــای هاتنــی یەکێتی ســۆڤیەت بانگەشــی سەرکەوتنی دیموکراسی کرا، ئایا تا چەند دیموکراسی دوای رووخانی دیواری بەرلین سەرکەوتوو بوو؟**

- ئەزموونی ســەرکەوتووی دیموکراســی هەبــوو لە دوای روخاندنی ئەو دیوارەوە، لەم رووەوە دەتوانین ئاماژە بە ئەڵمانیا بکەین، لە هەمــان کاتدا دەکرێت ئاماژە بــە وڵاتێکی وەك روسیاش بکەین کە سەرکەوتوو نەبوو.

*** زۆرجار ئەو کەسانەی خۆیان دەپاڵێون بۆ هەڵبژاردنەکان، خۆیان لەسەر لیستێکی دیاری کراو ناپاڵێون، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەوان بەرنامەیەکی سیاسییان نەبێت بە چەشنی پارتە سیاسییەکان، پشت بە چی دەبەستن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا؟**

- لە راستیدا لە سلۆڤینیا هیچ پاڵێوراوێکی سەربەخۆ ناتوانێت بگاتە پەرلەمان ئەگەرهاتوو بەرنامەیەکی سیاسی روونیان نەبێت، من پێم وایە گرنگە خەڵکی بزانن لە کاتی گەیشتنی پاڵێوراوە سەربەخۆکان چ بەرنامەیەك دەگرنەبەر و داکۆکی لە چ مەسەلەگەلێك دەکەن.

*** لە سیستەمی نوێنەرایەتی رێژەییدا دوو جۆر لیستمان هەیە، لیستی کراوە و داخراو، بە تێروانینی ئێوە لایەنە خراپەکانی لیستی داخراو چین و بۆچی هەندێ لە خەڵکی قبوڵی دەکەن؟**

- ئەگەر هاتوو هاوڵاتییان و دەنگدەران نەیانتوانی راستەوخۆ دەنگ بۆ ئەو کەسە بدەن کە دەیانەوێت ببێتە نوێنەریان، ئەوا دەسەڵات و پێگەی پارتە سیاسییەکان بەهێزدەبێت

*** ئێوە بە حوکمی ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٢ و تا ساڵی ١٩٩٨ وەزیری پەروەردەی سلۆڤینیا بویت، ئایا ئاستەنگ و کۆسپەکانی بەردەم هەڵبژاردنەکان چی بوون؟**

- گرنگە لە کاتی سازدان و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا رەوتی ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان بەردەوام بێت و نەبێتە کۆسپێك لە بەردەم ژیانی سیاسی رۆژانەدا، راستە رۆژی هەڵبژاردن رۆژێکی تایبەتە، بەڵام نابێت گرتنەبەری رێ و شوێنەکان ژیانی رۆژانەی هاوڵاتییان رابگرێت، ئێمە لە هەڵبژاردنەکاندا هەوڵماندا ئەم ئاراستەیە بگرینەبەر لە ساڵانی نەوەتەکاندا کە دیموکراسیەتەکەمان لە سەرەتای گەشەکردندا بوو.

***ئەی سەبارەت بە بەشداری ئافرەتان، ئایا رێگەی گونجاو بۆ زامنی رێژەی ئافرەتان چۆن دەبێت؟**

- گرنگە ئافرەتانیش بوونیان هەبێت بۆ ئەوەی دەنگدەران تەنیا دەنگ بە پیاوان نەدەن، ئەمە ئەرك و پابەندونێکی دیموکراتییە. من پێم وایە دەبێت پارتە سیاسیەکان ئەوە لەبەرچاو بگرن کە ئەو لیستەی دەیخەنەروو بۆ هاوڵاتییان بە شێوەیەکی گونجاو رێژەی رەگەزی ئافرەتانی لە خۆگرتبێت.

*** ئەگەر ئامانجی هەڵبژاردنەکان پێکهێنانی سیستەمێکی سەقامگیر بێت، ئایا تا چەند ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر بنەمای لیستی پارتەکان لە بەرژەوەندی ئەم ئامانجەدایە؟**

- بیروبۆچونی جیاواز هەیە دەربارەی ئەم پرسە، زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە بۆ جێگیرکردنی سەقامگیری پێویستە ئەو رێژەیەی بە مەرج دانراوە بۆ پارتەکان بۆ ئەوەی بگەنە پەرلەمان بەرزتربێت. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەمە دەوەستێتە سەر ئەوەی لە چ وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێت یاخود لە چ هەلو مەرجێکدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من تەنیا ئومێدی ئەوەتان بۆ دەخوازم کە هەڵبژاردنەکان لە وڵاتی ئێوەدا بێ گیروگرفت بەرێوەبچن.



پرۆفیسۆر ناتان تارکۆڤ،ئوستادی زانستی سیاسەته له زانکۆی شیکاگۆ و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر هەردوو بواری تیۆری و پراکتیکی دیمکراتیزەکردن له وڵاتانی تازە پێگەیشتوو، ماوەیەکیش ئەندامی ستاڤی پلاندانان بووە له وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاو ئێستاش بەڕێوەبەری سەنتەری تێوری و پراکتیکی دیموکراتییە، بۆ قسەکردن لەسەر کێشە و ئاستەنگەکانی ناو پرۆسەی دیموکراتی پێوەندیمان بە پرۆفیسۆر تارکۆڤ کردو بەڕێزی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

## ناتان تارکۆڤ بۆ گوڵان:

# ئەگەر کەلتووری ڕێزگرتن لە مافی یەکتر لە نێو خەڵکدا بڵاوبۆوە، ئەوا دامەزراوەکان لە ئەرکەکانیاندا سەرکەوتوو دەبن

یاسا و دامەزراوەکان ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبن، کە خەڵکی داکۆکی لە مافەکانییان بکەن و ڕێز لە مافی ئەوانی دیکە بگرن

*** ئایا دەبێت یاسا و ڕێساکان چۆن بن بۆ ئەوەی مافەکان بپارێزرێن؟**

دەبێت یاساکان گشتی بن و بە یەکسانی بەسەر هەمووان‌دا جێبەجێ بکرێن، واتە ئەگەر بمانەوێت یاساکان مافەکان بپارێزرێن و وەك یاسای ڕەوا لێیان بڕوانرێت، ئەوا نابێت لە دژی بەرژەوەندی کەس و لایەنێکی دیاری کراو بێت.یاسا و دامەزراوەکان ناتوانن هەموو کارێك بکەن، یاسا و دامەزراوەکان ئەو کاتە سەرکەوتوو دەبن، کە خەڵکی داکۆکی لە مافەکانییان بکەن و ڕێز لە مافی ئەوانی دیکە بگرن، واتە ئەگەر فەرهەنگ و کەلتوری ڕێزگرتن لە مافی یەکتر لە نێو خەڵکدا بڵاوبوو، ئەوا دامەزراوەکان لە ئەرکەکانیاندا سەرکەوتو دەبن. واتە کاتێك باسی دامەزراوەکان دەکەین، دەبێت باس لە بیروباوەڕی و تێڕوانینی خەڵکیش بکەین، مەبەستم ئەوەیە دەبێت خەڵکی بە گیانی ڕێزگرتن و ئازادییەوە هەڵسوکەوت بکات بۆ ئەوەی دامەزراوەکان لە ئەداکردنی ئەرکەکانیاندا سەرکەوتوو بن.

*** کە دەڵێن دەبێت حکومەت کۆمەڵە ئەرکێکی دیاری کراو ئەدا بکات، ئایا مەبەستەکە بێهێزکردنی حکومەتە، یاخود مەبەستەکە ئەوەیە پتر حکومەتەکە چالاك و کارا بێت؟ چۆن دەتوانین ئیدارەی ئەم میکانیزمە بکەین؟**

- لە ڕاستیدا پێویستمان بە هەردوو لایەنەکە دەبێت، مەبەستم ئەوەیە دەبێت حکومەتەکە ئەوەندە بەهێز و کارا و چالاك بێت، بتوانێت ژیانی هاوڵاتییان بپارێزرێت، لە لایەکی دیکەوە ئەمە نەبێتە هۆی پێشیلکردنی ماف و ژیانی هاوڵاتییان، ئەم سەختی و تەحەددیەکە ڕووبەڕووی ئەمجۆرە حکومەتانە دەبنەوە، واتە لەگەڵ چالاك بوون و کارابوونیدا وەك حکومەتێکی بەرپرس و سنوردار بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بڵێین ڕێگاچارەیەکی ئامادەکراو لە ئارادایە و بۆ هەمو هەلومەرج و شوێنێك گونجاوە و ئەمە زیاتر دەوەستێتە سەر بارودۆخی هەر وڵاتێك بە جیا.

*** بابێینە سەر هەڵبژاردن، ئایا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد بەتەنها بەسن بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان؟**

- بە تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامی خوازراویان لێناکەوێتەوە ئەگەر ئەو حکومەتەی دروست دەبێت زەمانەتی پاراستنی ماف و ژیانی هاوڵاتییان نەکات و ڕەنگدانەوەی تێکڕای گرووپ و پێکهاتە جیاوازەکان نەبێت. دووبارەی

دەکەمەوە تەنها یەك ڕێگاچارەی گشتی لە ئارادانییە و دەبێت تایبەتمەندی و هەلومەرجی هـــەر وڵاتێك لەبەرچاوبگرین و دەبێت هـــەر کۆمەڵگەیەکی ڕێگاچارەیەکی تایبەت بە خۆی بگرێتەبەر.

***زۆر بۆچوون هەیە ســـەبارەت بە هەڵوەشـــانەوەی یەکیتی ســـۆڤیەتی پیشان، ئایا تۆچۆن سەیری ئەو ڕووداوە گرنگەی سەدەی بیستەم دەکەی؟**

- کۆمەڵـــە هۆکارێك لە ئارادابوون بۆ ئەوەی بارودۆخەکە بەو دەرئەنجامە بگات، یەکێتی سۆڤیەت بەدەست کێشە و سەختی ئابووریـــەوە دەینالآند، گۆرباتشـــۆف تـــەواوی هەوڵەکانی خســـتەگەڕ بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و کردنەوەی دەرگا بە ڕووی ئەو گروپانەی خوازیاری کۆتای پێهێنانی ئەو سیستمە بوون، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە کاردانەوە و کودەتای پێچەوانەی توندڕەوەکان سەری کێشا بۆ ئەو لەبەریەك هەڵوەشانە، زەحمەتە بتوانین دەرسێکی گشتی لەو هەرەسهێنانەوە وەربگرین، لەبەر ئەوەی ئەو کاتـــە کۆمەڵە بارودۆخێکی ســـەیر کۆبوونەوە و سەریان کێشا بۆ ئەو دەرئەنجامە.

***دوای کۆتایهاتنی یەکێتی سۆڤیەت بانگەشەی سەرکەوتنی دیموکراســـی کرا، ئایا تا چەند دیموکراســـی دوای ڕوخانی دیواری بەرلین سەرکەتوو بوو؟**

- وێنەکە تێکەڵە، ســـەرکەوتنێکی بەرچاوی دیموکراسی لە پۆڵەندا و ئەڵمانیا ڕۆژهەڵاتی و کۆماری چیك بەدی کرا، لە کاتێکدا لە وڵاتانێکی وەك ڕوســـیا و کازاخستان و بیلاڕوسدا، ڕێگای دیموکراسی دوچاری ئاستەنگی سەخت بووەوە.

*** ئەی ســـەبارەت بە دوو بۆچوونە جیاوازەکەی فۆکۆیاما و هنتگتن؟**

- ئەوە پرســـیارێکی باشـــە، من پێم وایە ئەوەی لە ســـاڵی ١٩٨٩ و ٢٠٠١دا ڕوویدا ســـەلماندی هـــەردوولا هەڵەبوون، لەبـــەر ئەوەی مێژوو بەردەوام بوو و دیموکراســـیەتی لیبراڵی لە سەرتاسەری جیهاندا پەســـەند نەکراوە و ئەوەی لیبیبراڵیزم باسی دەکات کە حکومەت بۆ پاراستنی مافی تاکە کەسەکان دانراوە، جێی مشتومڕە، لە هەمان کاتدا بیرۆکەی پێکدادانی شارســـتانییەتییەکان سادەکردنەوەی مەسەلاکانە. من پێم وایە ناکۆکی پتر لە نێو شارســـتانییەتەکاندا ڕوودەدات، وەك لەوەی لـــە نێوانیاندا ڕوودەدات، بۆ نموونە ناکۆکی گەورە هەیە لە نێو خودی شارســـتانییەتی چینی خۆیدا، هەروەها لە نێو خودی جیهانی ئیســـلامیدا، جیهان لەوە ئاڵۆزترە کورتی بکەینەوە لە تیوری پێکدادانی شارستانیەتیەکان، یاخود کۆتایی مێژوودا.

**ب‌ە تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامی خوازراویان لێناکەوێتەوە ئەگەر ئەو حکومەتەی دروست دەبێت زەمانەتی پاراستنی ماف و ژیانی هاوڵاتییان نەکات و ڕەنگدانەوەی تێکڕای گرووپ و پێکهاتە جیاوازەکان نەبێت**





پرۆفیسۆر جاكۆب لیڤی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانكۆی ماكگیل و پسپۆرو تایبەتمەندە لەیاساو حكومەت، چۆنیەتی پیادەكردنی حكومڕانی باش لە سیستەمی دیموكراتی و هۆشیاری هاوڵاتییان سەبارەت بە مافەكانیان لە كۆمەڵگەی دیموكراتی، بۆ قسەكردن لەسەر بایەخی سەروەری یاسا لە كۆمەڵگە و پاراستنی ماف و ئازادیەكان پەیوەندیمان بە پرۆفیسۆر لیڤی كردو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

**حكومەتی سنوردار بە باشی دەتوانێت ئەدای كارەكانی بكات**

## جاكۆب لیڤی بۆ گوڵان:

# ئەگەر ئەركی حكومەت پاراستنی ماف و ئازادییەكان بێت بە ئاسانی دەتوانێت جەخت لە سەر راپەڕاندنی ئەركەكانی بكاتەوە

**لە حاڵەتی بوونی هۆشیاری لای هاوڵاتییان بە مافەكانییان و لە حاڵەتی بوونی سیستەمێكی یاسای بەهێزدا دەكرێت هەنگاو بەرەو حكومڕانێتی باش هەڵبگیرێت**

*** چۆن بتوانین ماف و ئازادییەكان بە رێگەی یاسا بپارێزین؟**

- بونیادی سەرەكی یاسا دەبێت ئەو رەگەزە لە خۆبگرێت كە رێگە لە پێشێلكردنی مافەكان بگرێت لە لایەن كەسانی دیكەوە، بە هەمان شێوە لەلایەن دەوڵەتەوە، بەوەی رێگە نەدات دەوڵەت مافی هاوڵاتییان پێشێل بكات لە رێی چەسپاندنی سەروەری یاساوە، یاخود ژمارەی ئەو یاسایانە سنوردار بكرێن كە دەوڵەت دەتوانێت دایانبڕێژێت و بیانكاتە بناغەی دەسەڵاتەكەی، هەر بۆیە كە دەڵێن لیبراڵیزم پەیوەستە بە دارشتنی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بە شێوەیەك ببێتە هۆی فراوانكردنی ئازادی تاكەكەسی و چەسپاندنی یەكسانی، هەروەها بیروباوەڕێكە پابەندە بە ئازادی ئایینی، سەروەری یاسا، مافی موڵكدارێتی، ئابووری بازاڕ و حكومڕانیكردن لەلایەن حكومەتێكی دەستوورییەوە.

*** ئەگەر بێینەوە سەر دیاریكردنی ئەركی حكومەت، واتە حكومەت كۆمەڵە ئەركێكی دیاری كراو ئەدا ئەكات، ئایا مەبەستەكە بێهێزكردنی حكومەتە، یاخود مەبەستەكە ئەوەیە پتر حكومەتەكە چالاك و كارا بێت؟ چۆن دەتوانین ئیدارەی ئەم میكانیزمە بكەین؟**

- بە دڵنیاییەوە وەڵامەكە هەردوو لایەنەكە لە خۆدەگرێت، لەبەر ئەوەی حكومەتی سنوردار بە باشی دەتوانێت ئەدای كارەكانی بكات، لە راستیدا ئەو حكومەتەی هەوڵی ئەوە ئەدات هەموو كار و ئەركەكان ئەنجام بدات، هیچ ئەركێكی بە باشی راناپەڕێنێت، ئەگەر حكومەتێك دەسەڵاتەكانی تەنها لە پاراستنی مافەكان و رێگەگرتن لە توندوتیژی و پێشێلكاریدا كورت ببێتەوە، ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت تەركیز لە سەر راپەڕاندنی ئەركەكانی بكاتەوە. رەنگە ئەمەش پێویست بەوە بكات دەسەڵاتەكانی حكومەت لە هەندێ بواردا لاوازبكرێنەوە بۆ ئەوەی ئەوەندە بەهێز نەبێت زاڵ و باڵادەست بێت بەسەر كۆمەڵگەی مەدەنیدا.

*** سەبارەت بە هۆشیاری هاوڵاتیان بە ماف و ئازادییەكانییان، ئایا ئەمە تاچەند كاریگەری لەسەر**

**ئاكامی هەڵبژاردنەكان دەبێت؟**

- من پێم وایە لە حاڵەتی بوونی هۆشیاری لای هاوڵاتییان بە مافەكانییان و لە حاڵەتی بوونی سیستەمێكی یاسای بەهێزدا دەكرێت هەنگاو بەرەو حكومڕانێتی باش هەڵبگیرێت، لەبەر ئەوەی هاوڵاتییان دەزانن دەنگ دەدەن بەكێ.

*** ئیسپانیا و پورتوغال پێش رووخانی دیواری بەرلین بە ١٥ ساڵ بەرەو دیموكراسی هەنگاویان هەڵگرت، هەروەها چین دەستی كرد بە چاكسازی ئابووری و باشتركردنی مافی موڵكدارێتی، ئایا چۆن سەیری ئەو گۆڕانكارییە دەكەیت؟**

- ساموئیل هانتگۆن باسی لە شەپۆلی سێیەمی بە دیموكراتیكردن و بە لیبراڵیزەكردن كردن كرد لە دوای رووخانی كۆمۆنیستییەوە كە توانیان خۆیان لەگەڵ ئەو رۆژگارەدا بگونجێنن، بۆ نموونە ئسپانیا و پورتوگال لە ئەورووپا، تایوان و كۆریای باكور لە رۆژهەڵاتی ئاسیا. بەڵام بە داخەوە ئاماژەی ئەوە لە ئارادایە كە لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا ئەو دەستكەوتە دیموكراسییانەی لە ساڵانی هەشتاكان و نەوەتەكاندا بەدەستهێنران، پێدەچێت بە شێوەیەكی جوزئی پێچەوانە بووبێتەوە، بۆ نموونە لە رووسیا و ڤەنزویلا. بەڵام رووخانی یەكێتی سۆڤیەت و وڵاتە كۆمۆنیستیەكان هۆكارەكەی پرۆسەی بە دیموكراتیكردن نەبوو، بەڵكو شكستهێنانی ئەدای ئابووری ئەو مۆدێل و سیستەمی حكومڕانییە بوو كە لە ئارادابوو، ئەگەرچی ئەمە هاوكات بوو لەگەڵ گەشەكردنی دیموكراسیدا، بە چەشنێك دوای رووخانی حكومەتە كۆمۆنیستییەكان تا رادەیەك حكومەتێكی دیموكراسی جێی گرتنەوە.

***ئایا پێت وایە رووخانی دیواری بەرلین كۆتایی مێژوو بوو، یان سەرەتای پێكدادانی شارستانییەكانە؟**

- من پێم وایە هیچ یەكێك لەم دوو لێكدانەوەیە نەیانتوانی راست و دروست خۆیان بسەلمێنن، بە تایبەتی تیوری كۆتای مێژوو كە لە رۆژگارێكدا دروست بوو ئەوپەڕی گەشبینی لە ئارادابوو، بەڵام دوای رووداوەكانی ساڵی ٢٠٠١ ئەم تیورە بە هەڵە كەوتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە پێكدادانی شارستانییەتییەكانەوە هەبێت، ئەوا من پێم وایە ئەو ناكۆكیانەی لە نێو خودی شارستانییەت یەكدان، بەلای كەمەوە هێندەی ئەو ناكۆكییانە دەبن كە لە نێوان شارستانییەتییەكاندا بوونی هەیە، بۆ نموونە بڕوانە ئەو ناكۆكیانەی لە نێوان توندڕەوە ئیسلامی و تا رادەیەك توندڕەوە عەلمانییەكانی جیهانی ئیسلامیدا هەیە، هەروەها ئەو ناكۆكیانەی لە نێو جیهانی رۆژئاوا خۆیدا هەیە.

*** دوای كۆتایی هاتنی یەكێتی سۆڤیەت بانگەشی سەركەوتنی دیموكراسی كرا، ئایا تا چەند دیموكراسی دوای روخانی دیواری بەرلین سەركەوتوو بوو؟**

- لە كۆتای هەشتاكان و سەرەتای نەوەتەكاندا دیموكراسی بە چەشنێك گەشەی دەكرد زۆر كەس باوەڕیان وابو قابیلی پێچەوانەكردنەوە نییە، لە راستیدا گەشەكردنی حكومەتی دەستوری، ئابووری بازاڕ و سەروەری یاسا زۆر مەزن بوون. بەڵام مەسەلەكان لەوە ئاڵۆزترن، ئەوەی لە روسیادا روویدا بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠٠٠وە، بەو دەرئەنجامەی گەیاندین كە ئەو بیركردنەوەیەی پێی وایە لەبەر ئەوەی وڵاتێك بۆ ماوەیەكی دیاری كراو دیموكراسی دەبێت، ئیتر جارێی دیكە دیموكراسی پاشەكشە ناكات، بیروباوەڕێكی پێشوەختە بوو.



●●●

**ئاماژەی ئەوە لە ئارادایە كە لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا ئەو دەستكەوتە دیموكراسییانەی لە ساڵانی هەشتاكان و نەوەتەكاندا بەدەستهێنران، پێدەچێت بە شێوەیەكی جوزئی پێچەوانە بووبێتەوە**

●●●